# ژنان

٣٤

گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

**ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ**

جۆزەردانی 1391
June 2012

هۆی بەشداری نەکردنی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنفرانسەکەی هەولێرو چەند وتەیەك

هەڵسەنگاندنی 10 ساڵ بەردەوامیی گۆڤاری ژنان



ڕۆڵ و پێگەی ژنی کورد لە کۆمەڵگەی کوریدا

بەشداریی ژنان لە ڕەوتی دێموکراسیخوازیدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## هۆی بەشداری نەکردنی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنفرانسەکەی هەولێرو چەند وتەیەک

سەرنووسەر

کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنفرانسی نەتەوەیی ژنانی کورد بڕیاریان دا کە لە ٢٠١٢/٥/٢٢ دا دووەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی ژنان لە هەولێر ئەنجام بدەن. بڕیار بوو گرووپێک لە ژنانی هەر چوارپارچەی کوردستان بۆ ئامادەکردنی ئەم کۆنفرانسە هەنگاو بنێنو کۆنفڕانس بۆ چڕکردنەوەی ئیرادەی یەکیەتیی نەتەوەیی ژنانی کورد هەوڵ بداو دەروازەیەک بێ بۆ سەرکەوتنی کۆنفرانسی نەتەوەیی کورد.

شایانی باسە کە کۆنفڕانسی یەکەمی ژنانساڵی٢٠١٠ لە ئامەد، باکووری کوردستان بەڕێوە چوو. لە کۆتاییەکەیدا ژنانی سەربەخۆو چالاک ڕەخنەو گلەیی زۆریان لە سەر بەڕێوەچوونی کۆنفڕانسەکە هێنایە گۆڕێو هەربۆیە لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانسی دووهەمی ژنان ئەرکێکی قورسیان بۆ ڕەواندنەوەی هەموو ڕەخنەو گلەییەکان لەسەرشان بوو. کومیتەی ئامادەکار لەسەری بوو کە بەرلە دەستپێکردنی کۆنفڕانس هەموو ئەو گرفتو داخوازییانە یەکلا بکاتەوە.

بەڵام بزانین ئەرکو ڕۆڵی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو کۆنفڕانسەدا چی بوونو لیژنەی ئامادەکاری کۆنفڕانس چۆنیان ڕوانیبووە ژنانی خۆرهەڵاتی کوردستان؟ ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لەبن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیداو چ بەر لەکۆماری ئیسلامی ئەزموونێکی حاشا هەڵنەگریان لە خەباتو هەڵسو کەوتی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا هەیە. چالاکانی بزاڤی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر چی بەردەوام مەترسیی گیرانو لێدانو هەرە شەیان لە لایەن سیستەمەوە لەسەرەو گرفتاری هەڵاواردنی جنسییەتیو نەتەوەیین، بەڵام بەوحاڵەش لە ڕووی چالاکیی نەتەوەییو فێمنیستییەوە دەورو قورسایی تایبەت بەخۆیان هەیە . بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان بزووتنەوەیەکی سیاسییەو لە هەمان کاتیشدا بە جووڵانەوەیەکی فێمینیستی دێتە ئەژمارو ژنانی ئێمە نەک هەر هەوڵ دەدەن بۆ ڕزگاربوون لە ناعیداڵەتییە کۆمەڵایەتییەکان بەڵکوو هاوکات کارو تێکۆشان بۆ ڕزگاری لە بندەستیی نەتەوەیی بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن. مێژووی خەباتی ئێمە ژنان لەو بەشە لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ٦٦ساڵ بەر لەئێستا، کە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمی زێڕینی کۆماری کوردستاندا دامەزرا. بەڵام بە سەرنجدان بە تەواوی ئەمانە کومیتەی ئامادەکاری کۆنفڕانسی دووهەمی نەتەوەیی ژنان بایەخێکی ئەوتۆی بە خەباتو چالاکیو ڕێژەو حەشیمەتی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەدابووو بەو مانایە کە هەر لە ڕێژەی دیاریکراوە وە بگرە تا بەرگریکردن لە بوونی پەیامی ئێمەی ژنان لەکۆنفڕانس بۆ نێوخۆی کوردستانو لە ناروونبوونی پانێلەکانو هتد بۆ ئێمە جێگای پرسیار بوو. کۆنفرانسێک کە پێوانەیەکی بۆ ڕێژەی بەشداربووان نەبێ، کۆنفرانسێک کە هەڵگری پەیامێکی تۆکمەو سەردەمییانە نەبێ ، کۆنفرانسێک کە مەجال بە ژنانی پارچەیەکی کوردستان بەو هەموو چالاکیو رابردووەوە نەدا کە لە یەکێک لە پانێلەکاندا باسێک پێشکەش بکەنو تەوەرەیەک بخەنە ڕوو هەرگیز ناتوانی ببێتە کۆنفڕانسێکی دیموکراتیکو پێشەنگو باشتربوو کە بە ناوو ناوەڕۆکێکی دوور لەم دروشمەی کە ئێستاکە لەسەرێتی ئەنجام درابایە. دۆزی ژنو کێشەو گرفتەکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەلومەرجی ئێستادا لێکدانەوەی لەسەر دەکرێ، ژنانی بژاردەی کۆمەڵگای ئێمە (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) زۆر لەوە هۆشیارترن کە لە کۆنفڕانسێکی نەتەوەییدا باس لە توانا فیکرییەکانو مافە نەتەوەییو سینفییەکانی خۆیان نەکەنو بە بێ بوونی گوتاری سیاسیو تیئۆریو زانستی لە سەر پرسەکانی تایبەت بە خۆیان بەشداری وەها کۆنفڕانسێک بن. هەموو ئەمانە بوون بە هۆکارێک بۆ بەرزبوونەوەی گلەیی ئێمە ژنانی ڕێکخراوەکانی سەر بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو لە ئاکامدا پاش هەموو هەوڵەکانمان بۆ بەقەناعەتگەیاندنی کومیتەی ئامادەکار بە هۆی بەهەندنەگیرانی داواکانمان بە ناعیلاجی ئێمە ژنانی سەر بە هەشت حیزبی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕیاری نەچوون بۆ کۆنفڕانسمان دا. بەڵام ئاخۆ وە ها کۆنفڕانسێک کە ژنانی پارچەیەکی کوردستان بەو قورساییەوە تێیدا بەشدار نەبن دەتوانێ چەندە سەرکەوتوو بێو داخۆ سروشتی بەیەکەوەکارکردن بەو شێوەیە یە؟ ئایا بەرژەوەندیی نەتەوەیی کوردستانو ژنانی کورد چەندە تێیدا ڕەچاو کراوە؟ هیوادارین لەداهاتوودا بە گیانی یەکبوونو دڵێکی فراوانەوە هەنگاو بنێین لە پێناو بەرژەوەندیی وڵاتەکەمانداو هیچکات ئیزن نەدەین کۆنفڕانسەکانی ژنان بە مۆرکی حیزبیو ڕەنگو بۆنی حیزبییەوە بەڕێوە بچن .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

راگەیەنداوی هەشت ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٢

ڕۆڵ و پێگەی ژنی کورد لە کۆمەڵگای کوردیدا ٣

بزووتنەوەکانی ژنان و کێشەکانی سەر ڕێگەیان ٦

سیمیناری هەڵسەنگاندنی گۆڤاری ژنان ٨

وتەیەک بۆ دەسپێکی سیمیناری هەڵسەنگاندنی ١٠ ساڵ بەردەوامیی گۆڤاری «ژنان» ١٠

پەیامی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی١٠ ساڵەی دەرچوونی گۆڤاری ژنانەوە ١٢

بەشداریی ژنان لە ڕەوتی دیموکراسیخوازیدا ١٣

با هەزار زێو گادەرو لاوێنی ڕوونیشمان هەبێ
تاکوو ژن ئازاد نەبێ، سەرچاوەکەی ژین لیخنە-هێمن ١٥

شنۆ مێهرپەروەر ١٦

کوا دەنگی ژنە حەیرانبێژ و بەیتبێژەکانی کورد؟ ١٧

وتەی بەڕێز ئەحمەد قادری لە سیمیناری هەڵسەنگاندنی گۆڤاری «ژنان»دا ٢٠

بەندیخانەی ژنانو یاسا پێچەوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ٢١

ژنان و میدیا ٢٣

وتوویژ لەگەڵ هەژار بابان سەنووسەری ڕۆژنامەی چەرمو ٢٤

لێدوانێک لەگەڵ دوو چالاکی دۆزی ژنان ٢٧

چێژ لە ئازادیی ولاتەکەت وەربگرەبۆ هاوڕێ سدیق کەبوودوەند ٣١

مەلەوانگەی تێکەڵاو و دیپلۆماتی هەوەسباز! ٣٢

**ژن ئەستێرە** ٣٣

یادی یەکساڵەی جوانەمەرگبوونی سێ خوشک ٣٤

**ئەدەبی** ٣٥

**هەڵدانەوەی لاپەڕی ژیانی ژنێک** ٤٠

لە نووسینەکانی نووسەری فەرانسەوی ئیدیر ٤١

**زانستی** ٤٢

بۆ نابێ پیاوان لە ڕێکخراوەکانی ژناندا ئەندام بن ...؟ ٤٦

**ژنی کورد لە دنیای نێت دا** ٤٧

**کەیبانوو** ٤٨

**هەواڵەکان** ٤٩

**فارسی** ٥٦

**ئینگلیسی** ٥٩

**کاریکاتۆر** ٦٠



**سەرنووسەر:**
حەلیمە ڕەسوڵی
**دەستەی نووسەران:**
کوێستان فتووحی، عیسمەت نەستانی، ڕۆژە عەزیزی

**هاوکاران:**
شەونم هەمزەیی، بێگەرد عەلی پوور


# ژنان

**وەرزانەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئەدەبیە**


**ئیمەیلی «ژنان»:**
Yjd.kurdistan@yahoo.com

ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندی گرتن بە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان
00964 - 7702103121

بۆ پێوەندی گرتن بە سەرنووسەری گۆڤاری ژنانەوە
www.facebook.com/helime.resuli



**دیزاینی بەرگ:**
ئەیوب شەهابی راد
**تایپ و دیزاینی ناوەوە:** مینا سوڵتانزادە







کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# راگەیەندراوی هەشت رێکخراوی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان

**ژنانی ئازادیخواز وخەباتگێری کوردستان!**
**ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان !**

هەر وەک ئاگادارن بە پێی راگەیاندنەکان بریارە دووهەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی ژنانی کورد لەژێر دروشمی هەمە رەنگی و یەکدەنگیی ژن بۆ یەکیتی نەتەوەیی لە رێکەوتی ١٣٩١/٣/٢ی هەتاوی بەرانبەر ٢٠١٢/٥/٢٢ی زایینی لە هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان پێک بێت. بە هۆی وەبەر چاونەگرتنی سەرەتاییتر مافەکانی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان لە لایەن دەستەی ئامادەکاری کۆنفرانسەوە وهەروەها ئالۆز بوونی بەرنامەکان و رەوتی بەرێوە چوونی کۆنفرانس، ئێمە ژنانی ئەو هەشت حیزب وریکخراوەی رۆژهەلاتی کوردستان کە ناومان لە خوارەوە هاتوە، بە هەست کردن بە بەر پرسایەتی سەبارەت بە دۆخی هەستیار وگرینگی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان وەکوو ژنانێکی چالاک وخاوەن مێژوو کە خاوەنی قورسایی سیاسی و کۆمەلایەتی لە ئاستی کوردستان وناوچەدان، رادەگەیەنین کە لە دووهەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی ژنانی کورد دا بەشداری ناکەین.

لێرەدا بۆ رێزگرتن لە تێگەیشتوویی ژنانی کوردستان و بەتایبەت ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان بە پێویست دەزانین هۆکارەکانی ئەم بەشدار نەبوونەمان بخەینە بەر دەستی سەرجەم ژنانی رۆشنبیر وخەباتکاری کورد:

**١– نادیار بوونی چونیەتی و پێوەرەکانی دابەشکردنی کورسیەکان و رێژەی بەشداربوون بەسەر ژنانی چوارپارچەی کوردستان، دیارە ئەو پێوەرە نە بە پێی حەشیمەت بووە ونە بە پێی چالاکی.**

**٢– ناروون بوونی چۆنیەتیی کرانەوەی کۆنفرانس وپەیامی سەرەکی کۆنفرانس بۆ هەموو بەشدار بووان.**

**٣– دیاری نەکردنی تەوەرەکانی کۆنفرانس و بەشدار بووانی پانێلەکان.**

**٤– دیاری نەکردنی شیوەی پەسەند کردنی بریارەکانی کۆنفرانس ومیکانیزمەکانی ئەو کارە.**

**لە کۆتایی دا هیوادارین پرسی ژنانی کورد لە داهاتوو دا بە شێوەیەکی باش تر و بەرپرسایەتییەکی زۆرترەوە بێتە ئاراوە.**

**ناوی ژنانی سەر بە حیزب وریکخراوەکانی رۆژهەلاتی کوردستان ؛**

**–یژنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**–ژنانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**
**– ژنانی کۆمەڵەی رۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران**
**– ژنانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**
**– ژنانی یەکیەتی شۆرشگێرانی کوردستان**
**– ژنانی سازمانی خەباتی کوردستان**
**– ژنانی پارتی سەربەستی کورد**
**– ژنانی یەکیەتی دیموکراتیکی کوردستان**

**تێبینی؛ دەقی داخوازیەکانی ئێمە کە لە رێکەوتی ٢٠١٢/٥/٢ رادەستی لێژنەی ئامادەکار کراوە، بۆ زانیاریی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە خوارەوە هاوپێچی ئەم راگەیاندنە کراوە.**

**٢٥ی بانەمەڕی ١٣٩١**
**١٤ی مای ٢٠١٢**

**داخوازیەکان:**

بۆ بەرێز خاتوو ئامینە زکری و دەستەی بەرێوەبەری کۆنفرانسی ژنانی چوار پارچەی کوردستان!

وێرای سلاو وماندوو نەبوونی!

لەگەڵ رێز و پێزانینی ئێمە بۆ بەرێوەبردنی کۆنفرانسێکی لەو شێوەیە لە لایەن ئێوەوە بۆ ژنانی چوارپارچەی کوردستان، تێکۆشانتان لەو بوارەدا بە هەولێکی بەجێ بۆ دەستەبەر کردنی مافە ئینسانیەکانی ژنی کورد دەزانین و چالاکیتان بەرز دەنرخێنین. ئێمە ژنانی نوێنەری هەشت حیزب و رێکخراوی رۆژهەلاتی کوردستان رادەگەیەنین کە، بە هۆی بوونی هێندێک کەم وکووری لە کاری بەرێوەبردنی کۆنفرانس دا تەنها کاتێک بەشداری لە کۆنفرانس دا دەکەین کە ، ئەو داواکاریانەی کە لە خوارەوە بۆتان دەخەینەروو لە لایەن ئێوە بەرێزانەوە جێبەجێ بکرێ.

**١– دیاری کردنی رێژەی حەڤدە کەس، وەک نوێنەرانی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان رێژەیەکی زۆر کەمە وداوا دەکەین لانی کەم ئەو رێژەیە بکرێت بە بیست وپێنج کەس.**

**٢– ئامادە بوونی نوێنەری ژنانی ئەو هەشت حیزب وریکخراوە لە لێژنەی بەرێوەبەریی کۆنفرانس دا.**

**٣– نوێنەرایەتیی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە رۆژی یەکەمی کۆنفرانس دا پەیامی تایبەتی خۆی هەبێ.**

**–ژنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**–ژنانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**
**– ژنانی کۆمەڵەی رۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران**
**– ژنانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**
**– ژنانی یەکیەتیی شۆرشگێرانی کوردستان**
**– ژنانی سازمانی خەباتی کوردستان**
**– ژنانی پارتی سەربەستیی کوردستان**
**– ژنانی یەکیەتی دیموکراتیکی کوردستان**

# راگەیەندراوی پشتیوانی لە ژنانی چالاکی بۆکان

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا پشتیوانیی خۆی لە ژنانی چالاکی شاری بۆکان سەبارەت بە پێداگرییان لە بەدواداچوونی پەروەندەی رفاندن و کوژرانی سومەییە فەیزوڵلاپوور راگەیاند.

لەو راگەیەندراوەدا وێرای ئاماژە بە رووداوی رفاندن و دەستدرێژی کردنە سەر سومەییە و کوشتنی لە لایەن چەند کەسێکی سەر بە رێژیمەوە هاتوە کە بەرپرسایەتیی کوشتنی کیژێکی قوتابی بێتاوان لەشاری بۆکان لە لایەن دەست و پێوەندەکانی رێژیمەوە لە هەنگاوی یەکەم دا دەکەوێتە سەر شانی کاربەدەستانی حکوومەتی، بەڵام بە پێچەوانەوە بە هۆی ئەوەی کە تاوانبارانی ئەو رووداوە لە خودی مۆرەکانی رژێمن و خزمەتی دام و دەزگاکانی رێژیم دەکەن و ژیانی ئاسایی خەڵکی شاریان تێک داوە، تا ئێستا هیچ سزایەکیان بۆ لەبەر چاو نەگیراوە بێ سەروشوێن کردن و پاشان کوشتنی کیژێکی بێ تاوان لەلایەن مۆرەکانی رێژیمەوە پەڵەیەکی دیکەی رەشە بەناوچاوانی رێژیمی دەسەلاتداری ئێران.

لەو بەیاننامەیەدا هاتوە کە لە حاڵێکدا ژنانی بۆکانی جارێکی دیکە جەختیان لەسەر داوا رەواکەی خۆیان کردۆتەوەو ئاماژەیان بەوەداوە کە تا ئەو کەسانە سزا نەدرێن هەموو رۆژانی هەینی بە نیشانەی دەربڕینی نارەزایەتی دێنە سەر شەقام، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانیش دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی ژنانی چالاکی بۆکانی و پشتیوانییان لێ دەکا

**سەر کەوێت بزووتنەوەی ژنانی کورد**
**مەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی**
**یەکیەتی ژنانی**
**دیمەکراتی کوردستان**
**١٣٩١/٢/١١**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕۆڵو پێگەی ژنی کورد لە کۆمەڵگای کوردیدا



ن: عیسمەت نستانی

**پێشەکی:**

**سەدەی بیستەم، سەدەی ململانێو ئاڵوگۆڕی ڕەوتو بزاڤە کۆمەڵایەتی، سیاسیو فیکرییەکان لە جیهاندا بوو. لەو نێوەشدا بزاڤی فێمێنیزم زۆرترین گفتوگۆی لە نێو سیستمە کۆمەڵایەتیو فیکرییە جۆراوجۆرەکاندا دروست کردو چەندین گۆڕانکاریی گرینگی لە بارودۆخو ڕەوشی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسیدا بۆ ژنان هێنایە کایەوە.**

هەر چەندە سەدەی نۆزدەیەم بە سەدەی سەرهەڵدانی بزاڤی فێمێنیزم دادەنرێ، بەڵام گەشەکردنی هزری یەکسانیخوازیی مێیینەو هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی ژنی کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم. لە کۆمەڵگای کوردیدا تاکوو ئێستا بزاڤێکی فێمێنیستی لە ئارادا نیە، بەڵکوو ئەوەی لە کۆنو ئێستادا دەبینرێ تەنیا چەند چالاکییەکی فیکریو ڕێکخراوەیی ژنانە بووەو نەچۆتە چوارچێوەی بزاڤێکی سەربەخۆو تەنیا، کە کار بۆ وەدیهێنانی ئامانجو مافەکانی ژن بکا. دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ژنی کورد سەرەڕای زوڵم لە خۆی، زوڵمی نەتەوایەتییشی لە سەر بووەو ناچار بووە لە دوو بەرەدا خەبات بکا. بۆیە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردەوە ئامانجی نەتەوەیی لە پێش ئامانجی رزگاریی خۆی وەک ژن بووە. ئەوەش وای کردوە ژنان کەمتر بە دوای ئامانجی تایبەتیی خۆیانەوە بنو نەتوانن گۆڕان لە ڕۆڵو پێگەی کۆمەڵایەتی، سیاسیو ئابوورییاندا دروست بکەن.

**١_ کاریگەریی جۆری ڕەگەزو پڕۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە سەر ڕۆڵو پێگەی ژنی کورد:**

بە ئاوڕدانەوە لە سەرەتای دروستبوونی ژیانی مرۆڤەوە دەبینین دوو هۆکاری سەرەکی ڕۆڵو پێگەی ژنیان دیاری کردوە، یەکیان سروشتی مێیینە کە ڕۆڵێکی تایبەتیی پێ بەخشیوە لە منداڵبوونو چاودێریکردنی منداڵ، جگە لە ماڵداری، دووەمیان دابینکردنی خواستو پێویستییەکانی پیاو.

جۆری ڕەگەز واتە (نێرو مێ) هەمیشە کاریگەریی لە سەر دیاریکردنی ڕۆڵو پێگەی کۆمەڵایەتیی ژنو پیاو هەبووە. هەر چەندە کۆمەڵێک هۆکاری دیکە لەو ڕووەوە ڕۆڵیان بینیوەو لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازی هەبووە، بەڵام هەندێ ڕۆڵ هەبووە پەیوەست بووە بە پێکهاتەی فیزیۆلۆژیی مرۆڤ وەکوو سکپڕیو منداڵبوونو چاودێریو پەروەردەو ... هیتر.

دیارە سروشت ئەو ڕۆڵەی بۆ ژن تایبەت کردوە، بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەو ڕۆڵە گرینگیی پێنەدراوەو بە ئەرکێکی سادەو ئاسان سەیر کراوە، بۆیە ئەو شێوە لێڕوانینە بۆ ڕۆڵی ژن کاردانەوەی لە سەر پێگەکەشی هەبووە.

فەڕقو جیاوازی لە دابەشکردنی ڕۆڵ لە سەر بنەمای ڕەگەزی، بۆتە هۆی دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگاکانداو هەروەها کاری کردۆتە سەر جیاکاریو دابڕانی کەسێتی لە نێوان نێرو مێدا. دابەشکردنی کار لە نێو خێزاندا دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگایە. بۆیە سەرەڕای بوونی جیاوازی لە نێوان کولتووری کۆمەڵگاکان هێندێک خاڵی هاوبەش یاخود لێکچوونی هەندێ بەها، بۆچوون، تێڕوانینو فۆڕم بۆ ڕۆڵو پێگەی تاک وای کردوە کە سیستمێکی باو لە زیهنیەتی کۆمەڵگادا دروست بێ کە پیاو بە کەسایەتیی بەرزو پلە یەکو ژنیش بە کەسایەتیی نزمو پلە دوو سەیر بکا.

لە ڕێی ئەو تێڕوانینە کۆمەڵایەتییە باوەوە باوک، لە خێزاندا دەسەڵاتدارەو لە کاتی دیارنەبوونی باوکدا کوڕ جێگای دەگرێتەوە. بەڵام ڕۆڵی دایک ماڵداریو چاوەدێریی منداڵو پێگەی کچیش دووبارەکردنەوەی ڕۆڵی دایکە.

هەر چەندە لە سەردەمانی ئێستادا ماڵ شوێنێکە بۆ ژیانی هاوبەشو دابەشکردنی کاریش بە پێی رەگەز تا رادەیەک کۆتایی پێ هاتوە، بەڵام ئەو ئاراستەیە لە سەر هەموو ماڵێکو پیاوێک جێبەجێ نابێ بە تایبەتی لەو کارانەدا کە بەشێک لە پیاوان پێیان وایە لە پیاوەتییان کەم دەکاتەوە.

حاشا لەوە ناکرێ کە روانینی کۆمەڵگا بۆ کەسایەتیی نێر یاخود مێ لە خێزانەوە سەرچاوە دەگرێ. زۆر جار لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان دایکو باوکو منداڵەکانیاندا جیاوازی بەدی دەکرێ بە تایبەت لە کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکاندا. ئەو پڕۆسەیە لە خێزانی کوردیدا هەر لە کاتی لەدایک بوونیدا ئەو جیاوازییە لە نێوان هەر دوو رەگەزدا دروست دەبێ. بۆ وێنە لە کۆندا لە کاتی لە دایکبوونی کوڕدا، گوێزەبانەی بۆ کراوە یان لە کاتی ناولێنانیدا بانگی بە گوێدا دراوەو میوانداریی بۆ رێکخراوە بەڵام لە کاتی لەدایک بوونی کچدا شتی لەو بابەتە نەبووە.

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەریخستوە کە منداڵی کچ بە تێپەڕبوونی کات لە تەمەنی چوارساڵیدا هەست بە رۆڵی مێیینەیی خۆی دەکاو پێیوایە کاری ماڵ کاری ئەوەو کاری دەرەوەو نانپەیداکردن هی کوڕە.

سەرەڕای ئەو جیاوازییە رەگەزییە لە شێوەی پەروەردەو پێگە لە خێزانی کوردیدا، بارودۆخی ژیان وای کردوە ژنی کورد رۆڵو کەسایەتیی خۆی بسەلمێنێ. ئەگەر چاو لە کۆمەڵگای کوردی بکەین بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگا موسوڵمانەکانی دی، کراوەترە بە تایبەت لە کۆمەڵگای لادێ¬نشینی کۆن، نەوەک هەر لە نێو خێزان، لە دەرەوەی خێزانیش هاوکاریو تێکەڵاوی لە نێوان ژنو پیاودا هەبووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org



زۆر لە گەڕیدە رۆژهەڵاتناسەکان راستیی سەربەستی‌یەکانی ژنی کوردی لادێی کورد بە بەراورد لەگەڵ ژنانی عەرەبو تورکو فارس دووبارە دەکەنەوە.

دیارە ناکرێ تێڕوانینی ئەو رۆژهەڵاتناسانە بکرێتە پێوەر بۆ پێوانەکردنی بارودۆخی ژیانی ژنی کورد. راستە ژنی لادێ بەهوی پێویستیی سروشتیی ژیان لە لادێ ئازادیی لە ژنی شار زیاتر هەبووە، بەڵام لە هەمان‌کاتدا لە پرسە گرینگەکانی خێزانیدا پرسی پێ‌نەکراوە، رای وەرنەگیراوە بەتایبەت لە بابەت پێکهێنانی ژیانی هاوبەش‌و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی‌و خێزانی‌یەکانەوە بە کەسایەتی‌یەکی کەم‌توانا دانراوەو ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە زۆربەی خێزانەکاندا ئەو تێڕوانینە هەر وەکوو خۆی ماوە.

**٢_ کاریگەریی گۆڕانکاری‌یەکان لە سەر رۆڵو پێگەی ژنی کورد لە بوارە سیاسی، ئابووری‌و رۆشنبیری‌یەکاندا:**

کۆمەڵگای کوردی وەک کۆمەڵگاکانی دیکەی جیهان، کۆمەڵێک گۆڕانکاریی تێدا رووی داوە، جا ئەو گۆڕانکاری‌یە بەرەوپێش بووبێ یان گەڕانەوە بۆ دواوە، کەمو زۆر کاریگەریی لە سەر پێکهاتەکانی کۆمەڵگاو بیروبۆچوون‌و ... هتد هەبووە. ژنی کوردیش هەر وەکوو تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە لە ژێر کاریگەریی ئەو گۆڕانانەدا رۆڵو پێگەو پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی جیاواز لە جاران‌و لە گەڵیشیدا کۆمەڵێک ئاستەنگو کێشەی دەروونی‌و کۆمەڵایەتی لە هەموو بوارەکاندا بۆ دروست بووە کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ‌دەکەین:

**أ) بواری سیاسی**

بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کورد کۆمەڵێک ژنی کورد ناویان لە سەرچاوە مێژوویی‌یەکاندا تۆمار کراوە کە لە سەردەمانی خۆیاندا رۆڵو پێگەی بەرچاویان بووە وەکوو (حەلیمە خانی هەکاری، دەوڵەت خان، خانزادو عادیلە خانمو گەلێکی دیکە).

ئەگەرچی ئەوە چەند نموونەیەکن‌و چەندین نموونەی دیکە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان رۆڵو پێگەی بەرزی سیاسی‌یان هەبووە، بەڵام ئەو ژنە ناودارانە لە پاڵ بەشداری‌یان لە بواری سیاسی‌و دەسەلاتدارێتیی ناوچەییدا، هەوڵیان داوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان، بو وێنە (حەپسەخانی نەقیب ) یەکێک لەو ژنە ناودارانەیە کە لە ماڵەکەی خۆیدا شوێنێکی تایبەت کردبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی¬یەکان.

لە لایەکی دیکەوە ژنی کورد رۆڵو بەشداریی گرنگی لە شۆرشە کوردی‌یەکاندا هەبووە، چ وەک هاوکاری لە بەرەکانی شەردا، کاری دەرمانی‌و مامۆستایەتیی شۆرش، پێشمەرگایەتی‌و پێویستی‌یەکانی دیکەی شۆرش .. هتد. وتەی رۆژهەڵات ناسی وەک( ستیڤن‌و فرانک) سەلمێنەری ئەو راستی‌یەیە کە دەڵێ(( پێگەو رۆڵی ژن لە نێو هۆزە



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

کوردی‌یەکاندا هەندێ کات بەرادەیەک بەرز دەبۆوە، کە دەگەیشتە ئاستی سەردانی لە شکرو جەنگاوەران)).

دەتوانین دان بەو راستی‌یەشدا بنێین کە شۆرشەکانی کورد کاریگەریی زۆریان لەسەر بارودۆخی ژنی کورد هەبووەو بارودۆخو رەوشی سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و نەتەوەییش هاندەری سەرەکی بوون لە ئاشناکردنی ژنانی کورد بە ئەرکو مافەکانیاندا.

دیارە ئەگەر لە هەندێک کاتدا بارودۆخی سیاسی – نەتەوەیی لە دەرخستنی پێگەی ژندا رۆڵی گرینگی گێرابێ، لە هەندێ بارودۆخیشدا خراپیی باری سیاسی زیانی گەورەی بۆ ژنانی کورد هەبووە. ئەگەر باشووری کوردستان بە نموونە بێنینەوە پرۆسەی ئەنفال بە هەموو قۆناغەکانیەوە گەورەترین کارەسات بووە لە بارودۆخی ژناندا، چونکە سەرەرای کاریگەریی نەتەوایەتی، ژنانی پاشماوەی ئەنفال لە بارودۆخێکی ئابووری‌و کۆمەڵایەتیی زۆر خراپدا ژیاون‌و دەژین.

یاخود لە هەموو پارچەکانی کوردستان لە کاتی شەڕی داسەپاو بە سەر گەلی کورددا بە سەدان کەس لە کچان‌و ژنان لە بەندیخانەکاندا بەند کراون، یان لە ژێر ئەشکەنجەو ئازاری دەروونی‌و جەستەیی‌و جینسیدا شەهیدو تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی کوردستان بوون.

راستی‌یەکەی ئەوەیە کە لە باشووری کوردستان لە دوای راپەڕینەوە دەرفەتی بەشداریی سیاسی‌و رێکخراوەیی بۆ ژن زیاتر رەخسا. دیارە رێژەی ژنان لە پەرلەماندا لە بەرامبەر رێژەی پیاوان زۆر کەمترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشداریی ژنانی کورد لە حکوومەتدا بە بەراورد کردنی لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی عەرەبی باشترە.

بەڵام کێشەی ژنان لە بواری سیاسیدا ئەوە نیە کە رێژەیان لە پەرلەمان کەمە، بەڵکوو کێشەکە ئەوەیە کە ژن لە نێو پارلەماندا رۆڵو پێگەی تایبەتیی خۆی هەیە، قسە دەکاو دەنگ هەڵدەبڕێ، کەچی هەر هەمان ژنی نێو پارلەمان لە دادگا لە کاتی شایەتی¬داندا بە نیوەی پیاو حیسابی بۆ دەکرێ.

دەکرێ رێکخراوەکانی ژنان لەم رووەوە زیاتر هەوڵ بدەن بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژنان لە کۆمەڵگاو لە کەسانی پسپۆڕ لە بواری کۆمەڵناسی، دەروونناسی‌و یاسا کەڵک وەرگرن بۆ چارەسەری کێشەکانی ژنان.

**ب– بواری رۆشنبیری:**

بەرزیی ئاستی رۆشنبیریی ژن هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی ژن رۆڵو پێگەیەکی بەرچاوی لە خێزان‌و لە کۆمەڵگادا بە گشتی هەبێ. دیارە هەردەم بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری‌و جیاوازیی نێوان نێرو مێ کاریگەری‌و رۆڵیان لە رێگەدان بە خوێندندا هەبووە، هەروەها بارودۆخی سیاسییش لەم رووەوە رۆڵی هەبووە. بۆ نموونە لە عێراق بە گشتی تا دوای دەسەڵاتی عوسمانی‌یەکان ژنان دەرفەتی خوێندنیان نەبووە، هەروەها لەمەر خوێندەواریی ژنی کورد لە باشووری کوردستان (د.کەمال مەزهەر) لە کتێبی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد)دا ئاماژە بەوە دەکا کە ساڵی ١٩٢٦ یەکەم قوتابخانەی کچان لە سلێمانی بە ناوی (الزهرا) لە لایەن (فاتمە محێدین) یەکەم مامۆستای ژنی کورد لە عێراق‌و (گوزیدەیا مولکی) بەڕێوە براوە و سەرچاوەیەکی دیکە باس لەوە دەکا کە ساڵی ١٩٤٦ لە هەڵەبجە تەنیا دوو قوتابخانەی سەرەتایی هەبووە، یەک بۆ کچان‌و یەک بۆ کوڕان.

دیارە لەگەڵ بەرەوپێشەوەچوونی بوارەکانی کۆمەڵگا بواری خوێندنی ژنانیش بۆ پێشەوە چووەو گۆڕانی بەسەردا هاتوە. کە ئێستا بە خۆشی‌یەوە لە هەموو پارچەکانی کوردستان رێژەی خوێندەواریی ژنان لە ئاستێکی بەرزدایە. ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر لە ژنان دەرچووی بوارە جیاجیاکانی زانکۆکانی کوردستانن، بۆیە پێویستە لە بواری پسپۆڕیی خۆیاندا کار بکەن‌و لە سەر چارەنووسی ژنان شوێندانەر بن ، بە تایبەت دەرچووانی بوارەکانی راگەیاندن‌و یاساو کۆمەڵناسی‌و ... دەتوانن لەم بوارانەدا رێژەو ئاستی ژنانی هۆشیارو رۆشنبیر بەرز بکەنەوەو تێڕوانینی کۆمەڵگاش بۆ رۆڵو پێگەی ژنان بەرەو باشتر بەرن.

**ج– بواری ئابووری:**

لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا ژن بە سەرچاوەی هێزی کار دانراوە، خاوەنی داهاتی کار نەبووە، بەڵکوو وەک بەشێک لە هێزی کار بەشدار بووە، ئەوەش وای کردوە کە خاوەنی ئابووریی سەربەخۆ نەبێ‌و نەتوانێ لە رووی ئابووری‌یەوە گۆڕانکاری‌و سەربەخۆیی لە کەسێتی‌و پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیدا بەدەست بهێنێ. بە تایبەت کە کاری ماڵ، کرێی نیەو کاری پیاو لە دەرەوە کرێی هەیەو ئەوە وای کردوە کە ژن پاشکۆی پیاو بمێنێتەوە.

نووسەری میسری (سەلامە موسا) چارەسەری کێشەی نێوان ژن‌و پیاو لە یەکسانیی نێوان ژن‌و پیاودا دەبینێ‌و ئابوورییش بە بنەمای ئەو یەکسانی‌یە دادەنێ. بە هۆی ئەو گۆڕانکاری‌یانەی لە جیهاندا روویان دا بە تایبەت لە بواری ئابووری‌و گۆڕان لە هێزی کارو پەیدابوونی پیشەسازی‌و تەکنۆلۆژیادا، ژن توانی شان‌بەشانی پیاو بێتە مەیدانی کارەوەو لە مێژووی نوێدا پسپۆڕی بە دەست بهێنێ. هەروەها بیرۆکەی «پیاو بۆ کێڵگەو ژن بۆ ماڵ» لە نێو چووو وای کرد کە رۆڵو پێگەی کۆمەڵایەتیی ژن لە بواری کارکردن‌و هەموو بوارەکانی دیکەی ژیان لە کۆمەڵگاو خێزاندا دیار بێ.

زۆر لەو لێکۆڵینەوانەی کراون دەریان‌خستوە کە کاری ژن لە دەرەوەی ماڵ گەلێک هۆکاری لە پشتەوە بووە کە ئەو هۆکارانە پاڵیان بە ژنانەوە ناوە کە کار بکەن، لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە هۆی بارودۆخی خراپی ئابووری، ئەگەر وەکوو نموونە باشووری کوردستان بێنینەوە لە دوای راپەڕین‌و لەو لاشەوە پاشماوەی ئەنفال کە زۆربەیان ژن‌و منداڵ بوون هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ئەوەی ژنان لە دەرەوەی ماڵ کار بکەن. لە لێکۆڵینەوەیەک کە ساڵی ١٩٩٧ لە سەر پاشماوەی ئەنفال لە ئوردووگای جەدیدەو قوشتەپە ئەنجام دراوە، دەرکەوتوە (٤٢٧) خێزان ژنان، سەرپەرەشتیان بوون، ئەو ژنانە لە کێڵگەکان کاریان کردوە، ئەویش بەرامبەر بە کرێیەکی کەم کە زۆر جار لە لایەن خاوەن‌کارەکانەوە توندوتیژی‌یان بەرامبەر کراوە. کە واتە دەتوانین بڵێین هۆکاری سەرەکیی کاری ژن باری ماددییە، چونکە خراپیی باری ئابووری لە سەر ئاستی کۆمەڵگا بە تایبەتیش لە نێو خێزاندا، هۆکارێکی سەرەکیی پەیدابوون‌و بڵاوبوونەوەی زۆر دیاردەو کێشەی کۆمەڵایەتی‌یە، لەبەر ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر کار لە ژیانی مرۆڤ دەکا، تا ئەو رادەیە کە بۆ وەدەستهێنانی بڕێک پارە ناچارە هەموو جۆرەکارێک بکا کە زۆر جار هێندێک کار هەیە کە دەبێ نەیکا بەڵام لە رووی ناچاری دەیکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بزووتنەوەکانی ژنان و کێشەکانی سەر رێگەیان



ن: رۆژە عەزیزی

بە سەرنجدان بە مێژووی پڕ لە سەروەریی بزووتنەوەکانی ژنان لە جیهانداو ئەو خەباتو تێکۆشانە کە ژنان دەیکەن بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان، دەبینین کە لە ئێراندا بەگشتیو رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی، گەشەکردنی بزووتنەوەکانی ژنان پێبەپێی بزووتنەوەکانی ژنانی جیهان هەنگاو هەڵدێنێ.

هەڵگیرساندنی ئەم بزووتنەوانەی ژنان بە مەبەستی وەدەستهێنانی مافەکانی ژنان ئەنجام دەدرێ، هەوڵی گۆڕینی ئەو یاساو رێساو دابو نەریتانە دەدەن کە دژایەتیی ژنو مافو ئازادییەکانی دەکەن. بەردەوام لە لایەن دەسەڵاتی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە سەرکوت دەکرێنو رێگری لە جووڵانەوەکانی ئەم بزووتنەوانە دەکرێ.

لە لایەکی دیکەوە لە هەندێک بۆنەو رێورەسمی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا، ژنان ئەم دەرفەتانەش بە هەلێک دەزانن تا دەنگی کپکراوی خۆیان بگەیەننە رای گشتی. هەروەک هەمووومان شاهیدی رووداوەکانی دوای بە تاڵانبرانی دەنگەکانی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری بووین، کە میللەت بە گشتی حوزوورێکی بەرچاویان هەبوو بۆ گەڕاندنەوەی دەنگەکانیان. ژنانیش رۆڵی بەرچاویان تێدا بینی، ژنانێک کە شانبەشانی براو باوکو هاوژینەکانیان هاتنە سەر شەقامەکانو داوای پێدانەوەی دەنگەکانیان دەکردو بەم حوزوورە بەرچاوەیان رقو قینی رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامییان بردە سەر کە زۆر بە شێوەیەکی نامرۆڤانە کەوتە گیانی ئەو خەڵکە بێتاوانەو لە نێویاندا ژنانێکی مافخوراویان رەوانەی بەندیخانەو چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی کردو بە شێوەیەکی دڕندانە مامەڵە لەگەڵ ئەو ژنانە کراو ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر دران تا ئەو جێگەیە کە کەوتنە بەر ئازاری جینسی.

هەندێک بیروباوەڕ بزووتنەوەی ژنان بە بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ دانانێن، بەڵکوو دەیگەڕێننەوە چوارچێوەی بزووتنەوە سەرانسەرییەکان، بەڵام بە بڕوای من ئەمە بۆچوونێکی دروست نیە چونکە ژنانێکی زۆر بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی یەکسانی لە کۆمەڵگەکەیانو بەدیهێنانی مافەکانیان هەوڵیانداوە لە بزووتنەوە سەرانسەرییەکاندا بەشداری بکەن، ئەگینا ئەگەر ئەو ژنە خواستی لە سەر بزوتنەوەیەکی ژنانە نەبێ ئەوا هەوڵی بەشداری لەو بزووتنەوە سەرانسەرییەشدا نادا، هەروەک دەبینین لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا هیچ دەسکەوتێک بۆ ژنانو مافەکانیان نەبووە، کەواتە ئەو ژنانە خواستیان زیاتریشە کە بە نوێنەرایەتیی بزووتنەوەیەکی ژنانە بەشداری بزووتنەوە سەرانسەرییەکان بن.

ئەگەر باس لە بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان بکرێ بەداخەوە دەبێ ئەو راستییە بڵێین کە بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان چەندین ساڵ دوای وڵاتانی رۆژئاوا دەستی پێکردوەو بەردەوامیش کێشەی خۆی هەبووە، یەکێک لە هۆکارەکان هەڵکەوتی شوێنی جوگرافیایی کوردستانە کە بەردەوام مەیدانی شەڕی نێوان داگیرکەرانو وڵاتە زلهێزەکانی جیهان بووە. بۆ نموونە لە نێوەڕاستی سەدەی شازدەهەمدا کە بووە مەیدانی شەڕی نێوان سەفەوییەکانو عوسمانییەکان، یان لە سەدەی نۆزدەهەمو بیستەمدا کە کوردستان کەوتە ژێر دەستی داگیرکەرانو پارچەپارچە کرا. ئەمانە لە لایەکو لە لایەکی دیکەوە دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردیو نەبوونی رۆشنبیریو ئاستی نزمی کۆمەڵایەتی لە رابردوودا بوونە کۆسپی سەر رێگای پێشکەوتنی بزووتنەوەی ژنان.

سەرەڕای ئەوەی کە بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان هەندێ بە دواکەوتنەوە هاتە مەیدان، بەڵام لەم سەردەمەدا دەبینین لە کوردستان بزووتنەوەی ژنان زۆر چالاکەو لە مەیداندا حوزووریان هەیەو چەندین رێکخراوو شەڵتەری تایبەت بە پارێزگاری لە مافەکانی ژنان، خەبات دەکەن بۆ چەسپاندنی مافەکانی ژنانو بەرەنگاربوونەوەی هەر چەشنە توندوتیژیو نایەکسانییەک دژ بە ژنان.

هەر کاتێک باس لە کێشەی پێکنەهێنانی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ بە ویستگەلی ژنانەوە دەکرێ راستەوخۆ هۆکارەکەی دەگەڕێندرێتەوە بۆ نەبوونی رۆشنبیریو نزمیی باری کۆمەڵایەتی یان نەبوونی یەکگرتوویی نێوان ژنان یان نەبوونی خوێندەواریو هەروەها زاڵبوونی دابو نەریتە دژە ژنەکان، ئەمانە هەمووی هۆکارگەلێک بوون بۆ دواکەوتنی بزووتنەوەی ژنان لەو سەردەمەدا. بەڵام لە ئێستادا کێشەی سەرەکیو هۆکاری بەرچاو دەگێڕمەوە بۆ دەسەڵات، کە گەورەترین هۆکارە بۆ سەرنەکەوتنی بزووتنەوەکانی ژنان، ئەویش لە رێگەی دروستکردنی چەند کەندو کۆسپێک لەسەر رێگەی ئەم بزووتنەوانەو هەروەها لە کاروباری حکوومەتیشدا تا بە ئیستا ژنێک ناتوانێ خۆی بپاڵێوێ بۆ پۆستی سەرۆککۆماری یان لە رێژەی وەزیرەکانو نوێنەرانی پەرلەمان زۆر بە زەقی دیارە کە دەسەڵات چەند رێگرە لە بەشداریی ژنان، لە سیستمی بەرێوەبردنی وڵاتدا.

بێگومان جگە لە دەسەڵات بە گشتی لە ئێرانو لە کوردستان ژنان کۆمەڵە کێشەیەکی زۆر رووبەڕوویان دەبێتەوە کە دەبنە رێگر لە بەردەم سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوانە. بە کورتی دەتوانم لێرەدا چەند خاڵێک یان چەند هۆکارێک دیاری بکەم:

١_ نەبوونی سەربەخۆیی ئابووری بە یەکێک لە کێشە گرینگەکانی ژنان دادەنرێ، چونکە ئەگەر ژن سەربەخۆییەکی ئابووریی نەبێ بەردەوام لە بن دەستی پیاودا دەبێو لە ناچارییان هەرچی رووبەڕوی دەبێتەوە قبووڵی دەکا، چونکە داهاتێکی سەربەخۆی نیەو بەردەوام چاو لە دەستی هاوژین یان باوک یان براکەیەتی.

٢_ نەبوونی پشتیوانیی یاساییو دژایەتیی بەردەوامی یاساکانو پێشێلکاریی مافەکانی ژنان. زۆر بە ئاشکرا دیارە کە یاساکانی ئێران بە هەر سێ جۆرەکەی( یاسای ئەساسی، یاسای سزایی، یاسای مەدەنی) زۆر بە ئاشکرا دژایەتیی ژنو مافەکانی ژنان دەکەن. بە یاسا دژە ژنەکان ناودێر کراون ئەم یاسایانە لە چوارچێوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



چەند ماددەی تایبەت بە( مافی تەڵاق، میرات، نەفەقە، مارەیی ژن، یان مافی سەرپەرستیی منداڵ )و چەندین نموونەی هاوشێوە بە ئاشکرا دان بە توندوتیژی دژ بە ژناندا دەنێ‌و مافەکانیان پێشێل دەکا.

٣_ نەبوونی سەربەخۆیی فکری‌و تاکەکەسی: تا ئەوکاتەی ژن خاوەنی کەسایەتیی سەربەخۆی خۆی نەبێ بە بیرکردنەوەی سەربەخۆ ناتوانێ بڕیار بدا کە ئایا تا چەندە توانایی تاکەکەسیی هەیە بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەم توندوتیژی‌و نایەکسانی‌یانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە. واتە تا ئەو کەسە هەستی بڕوابەخۆبوونی نەبێ ناتوانێ خۆی لە دەستی ئەم زوڵم و زۆرداری‌یە رزگار بکا. بۆیە دەڵێم (تا ژن خۆی هەوڵ نەدا کە رزگاری بێ لەو کەندو کۆسپ‌و زنجیرانە، ئەوا کۆمەڵگەش ئازاد نابێ).

٤_ بوونی داب‌و نەریتە دژە ژنەکان، نەبوونی پشتیوانیی کۆمەڵایەتی بۆ ژنان:

ئەوە شتێکی دیارە کە هەر کۆمەڵگەو میللەتێک کۆمەڵێک داب‌و نەریتی هەن کە بە تەواوی لە نێو خەڵکدا جێگیر بوون وەک یاسای نەنووسراو پەیڕەوی‌یان لێ‌دەکرێ، بەڵام بەداخەوە هەندێک لەو داب‌و نەریتە باوانە بە دژی ژنان چەسپێندراون واتە بە جۆرێک بە دژی مافی ژن‌و ئازادیی ژنان جێگیر بوون لە زۆر کۆمەڵگەدا، بۆ دروست کردنی کێشە بۆ ژنان پەنا دەبەنە بەر ئەو داب‌و نەریتانە.

هەروەها نەبوونی پشتیوانێکی کۆمەڵایەتی بۆ ژنان. لە کاتی تەنگانەدا ئەگەر ژن بزانێ پشتیوانێکی هەیە لەو کاتەدا کە ڕووبەڕووی نابەرابەری دەبێتەوە، پشتیوانێکی هەبێ ئەوە ناچار نیە کە ئەو نابەرابەری‌و کێشانە قبوڵ بکا.

٥_ نەبوونی حەقی ناڕەزایەتی‌دەربڕین بەرانبەر بە زوڵم‌و توندوتیژی:

بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە تایبەت لە چینە ناوەندەکاندا زۆر بە کەمی ژن دەتوانێ ناڕەزایەتی دەرببڕێ، واتە ئەگەر توندوتیژی‌و کێشەیەکی بەرەوڕوو بێتەوە ئەگەر متمانەو بڕوابەخۆبوونی بەرز بێ ئەوا دەتوانێ ئەو زوڵم‌و ستەمە قبوڵ نەکا.

٦_ڕێگەنەدان بە گەشەسەندنی ژنان لە بواری ئیداری‌و پۆستەکانی کاری دەوڵەتیدا: لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا یەکێک لە گەورەترین هەڵاواردنەکان کە لە سیستەمی دەوڵەتدا هەیە هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێ‌دا ئەوەیە کە تا ئیستاش ژن ناتوانێ وەک وڵاتانی پێشکەوتوو خۆی بپاڵێوێ بۆ پۆستی سەرۆک‌کۆماری، هەروەها ڕێژەی وەزیرو نوێنەرانی ژنی پەرلەمان ڕێژەیەکی مەحدوودە. لەو نێوەدا لە پۆستە ئیداری‌یەکانیشدا زۆر ڕێژەیەکی کەمی ژنان بەشدار بوون.

لێرەدا دەتوانم بڵێم کە ئێمە هەریەکەمان دەتوانین لە خۆمانەوە دەست پێ‌بکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بەردەم بزووتنەوەی ژنان‌و کێشەی ژنان بە گشتی، کە دەکرێ بەم دوو ڕێگایە هەوڵی چارەسەرکردنیان بدرێ:

١_ لە ڕووی کۆمەڵگەوە، کە ئەم ڕێگەیە ڕەنگە سەختتر بێ‌و کاتێکی زۆرتری بوێ تا جێبەجێ دەکرێ، ئەویش بە هەوڵدان بۆ گۆڕین‌و دەسکاری‌کردنی ئەو یاساو ڕێسا نەنووسراوانە یان ئەو داب‌و نەریتە باوانەی نێو کۆمەڵگە کە ڕێگرن لە پێشکەوتنی بزووتنەوەی ژنان. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چالاکانی بوارەکانی مافی مرۆڤ‌و چالاکانی بوارەکانی مافی ژنان کە هەوڵ بدەن لە نێو کۆمەڵگەکانی ئێران‌و کوردستان ئەم بابەتە بۆ کۆمەڵگە ڕوون بکەنەوە.

٢_ لە ڕووی سیستەمەوە، ئەم ڕێگەیە ئاسانتر جێبەجێ دەبێ‌و ئیمکانی پیادەکردنی باشترە، بە هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو یاسایانەی کە هەروەک پێشتریش باسم کرد لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا پەیرەو دەکرێن‌و کاریان پێ‌دەکرێ، بە ئاشکرا دان بە هەڵاواردنی رەگەزیی ژندا دەنێن.

هەروەها بەشێکیش دەگێڕمەوە بۆ ئەرکی ڕێکخراوەکانی چالاکی بواری مافی ژنان کە دەبێ زۆر لەسەر ئەم بابەتە پێداگری بکەن‌و هەوڵی پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی ژنانەی گشتگیر بدەن. هەروەها ئاگادارکردنەوەی ژنان لە مافەکانیان‌و گرتنی کۆڕو سیمیناری تایبەت بۆ ئەم باسە.

لە کۆتاییدا گرنگترین بابەت دەگێڕمەوە بۆ یەکگرتوویی ژنان ئەوە شتێکی ئاشکراو سەلمێندراوە کە تا ژنان خۆیان هاودەنگ‌و یەکگرتوو نەبن‌و بە یەکگرتوویی‌یەکەیان هەوڵ نەدەن بۆ پێکهێنانی بزووتنەوەی ژنان ئەو کۆمەڵگەیەش هاوکار نابێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سیمیناری هەڵسەنگاندنی گۆڤاری ژنان

رۆژی چوارشەممە ٩ی خاکەلێوەی١٣٩١ کاتژمێر ٩ ی بەیانی لە سالۆنی کۆمیسیۆنی فێرکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستان سیمینارێک بۆ هەڵسەنگاندنی گۆڤاری «ژنان» پێک هات.

لە دەیەمین ساڵی دەرچوونی گۆڤاری «ژنان»دا دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارە سیمینارێکیان بۆ پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی زیاتر لە٣٠ ژمارەی ئەو گۆڤارە کە لە ماوەی ئەو ١٠ساڵەدا چاپ و بڵاو بۆتەوە پێک هێنا. ژمارەیەکی بەرچاو لە ئۆگران، هاوکاران‌و خوێنەرانی گۆڤاری «ژنان» لەو سیمینارەدا بەشدار بوون. لەسەرەتای سیمینارەکەدا خاتوو حەلیمە رەسووڵی سەرنووسەری ئێستای گۆڤاری «ژنان» کە بەڕێوەبەری سیمینارەکە بوو، بەخێرهاتنی بەشدارانی کردو هیوای خواست سیمینارێکی بە نێوەرۆک‌و بەسوودیان هەبێ. پاشان خاتوو کوێستان فتووحی، ئەندامی لەمێژینەی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری «ژنان» لە وتەی دەسپێکی سیمینارەکەدا رای گەیاند کە « بۆ گۆڤارێکی وەک گۆڤاری «ژنان» ١٠ ساڵ دەرچوونی بەبەردەوامی کەم نیەو گرنگە. بەتایبەتی بۆ ئێمە کە لە هەلومەرجێکی تایبەتدا بووین، واتە دوور لە وڵات‌و خەڵکی خۆمان». کوێستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی: ئەم گۆڤارە لە گەل ئەوەی کەموکووڕییشی هەبووە، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی باشیشی هەبووە، بۆ نموونە ژمارەیەک لە ژنانی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی هێنایە نێو بواری نووسین‌و وەرگێڕان، چەندین ئێستعدادی شاراوەی ژنان‌و پیاوانی دێموکراتی لە بواری نووسین‌و وەرگێران‌و شێعرو ئەدەبیات‌و کاری میدیاییدا دەرخست. زۆر کەسی لە نێو حیزبی دێمۆکراتدا عەلاقەمەند کرد کە بیر لە کێشەو پرسەکانی ژنان بکەنەوە.» ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی: «ئەم سیمینارەمان بۆ ئەوە نیە لێرە تەنیا بەسەر شتە باشەکانی گۆڤاری «ژنان» دا هەڵبڵێین، بەڵکوو بۆ ئەوەیە بە بەشداریی ئێوە خوێنەرانی ئەو گۆڤارەو ئۆگرانی پرسەکانی ژنان، قامک لەسەر کەموکووڕی‌یەکان دابنێین‌و بیر لە چارەسەریان بکەینەوەو بە فکرو پێشنیاری هەموولایەک ئەو گۆڤارە وا لێ بکەین لە ئاستی چاوەڕوانی‌یەکانی خوێنەرانی ئەمڕۆدا بێ.» دواتر لەوحی رێزلێنانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بۆ ئەندامانی دەستەی نووسەرانی ژنان‌و کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە لایەن کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە درایە دەستی نەسرین حەسەنزادە کە پێشتر لە ١١ ژمارەدا سەرنووسەری ئەو گۆڤارە بووە. هەر لەم برگەیەدا بەڕێز مەولوودی وتارێکی پێشکەش کرد کە وێڕای پیرۆزبایی لە دەستەی نووسەران‌و دامەزرێنەرانی ئەو گۆڤارە گوتی: «بۆ دەستەی بەڕیوەبەریی گۆڤاری «ژنان»و یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، جێگای شانازی‌یە کە نەک هەر لە وەڕێخستنی گۆڤارێکی تایبەت بە ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا پێشەنگ بووە، بەڵکوو لە سەر درێژەدانیشی هەتا ئێستا بەردەوام ماوەتەوە. ئێمەش دڵنیاتان دەکەینەوە رێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەروا پشتیوان‌و یارمەتیدەرتان دەبێ.»

پاشان سوهەیلا قادری، بەرپرسی پێشووی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کردو وێڕای دەربڕینی چەند سەرنج‌و پێشنیار هیوای خواست»ژنان» بە رێکوپیکی‌و لە کاتی خۆیدا چاپ‌و بڵاو بێتەوە. دواتر قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکرات لە پشتیوانان‌و هاوکارانی سەرەکیی گۆڤاری «ژنان» قسەی کرد. ناوبراو کۆمەڵێک پێشنیارو تێبینیی بە مەبەستی باشتر بوونی نیوەرۆکی گۆڤاری «ژنان»و بڵاوبوونەوەی هەر چی باشتری باس کرد. هێندێک لەو پرس‌و بابەتانەی بە بۆچوونی ناوبراو پێویستە لە گۆڤاری «ژنان»دا زیاتر لەسەریان بنووسرێ بریتی بوون لە: بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان، ئێران‌و ناوچە، جێگەو پێگەی





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژنان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا، فیمینیزمو جۆرەکانی، جێگەو پێگەی ژنان لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردو گرفتو کۆسپەکانی بەردەمی، چۆنیەتیی خستنە سەریەکی هێزی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو دروستکردنی هاوکاری لە نێوان ڕێکخراوەکانی ژناندا، دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکانی دژ بە ژنان و...

بەدوای ئەودا دوکتور ناسری سیمایی، باسی لە گرنگیدان بە ڕۆڵی ژنان لە پەرەپیدانی ئاشتیو ژینگەپارێزیدا کردو هێندێک تێبینیی لە سەر دارشتنی هەواڵو بابەتی پێوەندیدار بە خۆکوژیو خۆسووتاندنی ژنان هێنایە گۆڕ. لە درێژەی سیمینارەکەدا موعتەسەم نوورانیو ئەحمەد قادری هەر کامیان باسی خۆیان بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی گۆڤاری ژنان خستە ڕوو و پێشنیارو تێبینی‌یەکانی خۆیان هێنایە بەرباس.

دوابەدوای قسەو باسەکانی ئەم بەڕێزانە کۆمەڵێک لە بەشدارانی سیمینار، تێبینیو پێشنیارەکانی خۆیان هێنایە گۆڕ .پێویستە بگوترێ وەک ڕێزلێنانو پێزانین لەو کەسانەی لە سەرەتاوە تا ئێستا یان لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا لە گۆڤاری «ژنان» دا کاریان کردوە، یان هاوکاری ئەو گۆڤارە بوونو زەحمەتیان تێدا کێشاوە، لە لایەن بەڕێوەبەریی سیمینارەوە لە نێوان برگەکانی سیمینارەکەدا، ناوەکانیان دەخوێندرایەوە.

دوایین بەشی سیمینارەکە پێشکەشکردنی لەوحێکی ڕێزلێنان لەلایەن دەستەی نووسەرانی گۆڤاری «ژنان» بە کاک قادر وریا، وەک پێزانین بەرامبەر ڕۆڵو زەحمەتەکانی لە وەڕێخستنو دەرکردنی گۆڤاری «ژنان «دا بوو. ئەم لەوحە لەلایەن حەلیمە ڕەسووڵی سەرنووسەری گۆڤاری ژنانەوە پێشکەش بە قادر وریا کرا.

خاتوو شنۆ مێهرپەروەر کە ماوەیەک لە نزیکەوە هاوکاریی لەگەڵ گۆڤاری «ژنان»دا هەبووە، لە دەرەوەی وڵاتەوە پەیامێکی بۆ سیمینارەکە ناردبوو کە لەوبەشەدا لە لایەن ڕۆژە عەزیزی ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری «ژنان»ەوە خوێندرایەوە. ناوبراویش وێرای پیرۆزبایی، کۆمەڵێک ڕاسپاردەی خستبووە بەرچاوی بەڕێوەبەرانی گۆڤاری «ژنان». هەروەها ڕەسوول سوڵتانیو برایم جەهانگیری بەم بۆنەیەوە وتاریان بۆ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری «ژنان» ناردبوو.




سیمیناری هەڵسەنگاندنی گۆڤاری «ژنان» نزیک بە ٣ کاتژمێرو نیوی خایاند.
پێویس بگوترێ گۆڤاری «ژنان»گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانە، گۆڤارێکی وەرزانەیەو یەکەم ژمارەی لە ڕەشەمەی ساڵی ١٣٨٠دا بڵاو کراوەتەوەو تا ئێستا ٣٣ ژمارەی لێ چاپ بووە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتەیەک بۆ دەسپێکی سیمیناری هەڵسەنگاندنی ١٠ ساڵ بەردەوامیی گۆڤاری «ژنان»



**ن: کوێستان فتووحی**

دیارە بۆ گۆڤارێکی وەک گۆڤاری ژنان ١٠ ساڵ بێ پسانەوە لە دەرچوونی کەم نیە. بەتایبەتی بۆ ئێمە کە لە هەلومەرجێکی تایبەتیو نەخوازراودا بووین، دوور لە وڵاتو کۆمەڵگەی خۆمان بەڕاستی گرنگە.

دەرچوونی گۆڤاری ژنان سەرەڕای هەموو کەمو کووڕی‌یەکانی، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی باشی هەبووە کە بە کورتی ئاماژەیەکیان پێ دەکەم:

لە پێشدا دەبێ بڵێم ئێمە ژنانی نێو ریزەکانی حیزبو یەکیەتیی ژنانی دێمۆکرات، لە پێش ١٠ ساڵیشەوە هەستمان بە زەروورەتێک کردبوو کە پێویستمان بەوەیە گۆڤارێکمان هەبێ.

بەڵام دەمانزانی دەرکردنی گۆڤارێک پێوەندیدار بە کێشەو مەسەلەکانی ژنان، گۆڤارێک لە باری فکری و فێرکردنەوە، بۆ ئێمە ژنانی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات هەروا ئاسان نیە. بەڵام ژنان تریبوونێکیان دەویست تاکوو دەنگی خۆیانی تێدا بڵاو بکەنەوە . راستە لە حیزبدا نەشریاتی دیکە هەبوون، وەک «لاوان» زمانحاڵی لاوانی دیمۆکرات. رۆژنامەی «کوردستان» کە رۆژنامەیەکی سیاسیو حیزبی بووەو کەمتر ئاوڕیان لە کێشەو پرسەکانی ژنان دەدایەوە. یان ژنان کەمتر لەو بڵاوکراوانەدا خۆیان دەبینیەوە.

بە هەستکردن بەو زەروورەتە بوو کە یەکیەتیی ژنان لە کۆنفرانسی سێهەمی خۆی لە ١٠ی خەزەڵوەری ١٣٨٠دا بڕیاری دەرکردنی گۆڤارێکی دا. دیارە لە کۆنفرانسی دووهەمیشدا کە ساڵی ١٣٧٦ پێک هات ئەو باسە هەبوو کە ئێمە دەبێ گۆڤارێکمان هەبێ. بەڵام راستی‌یەکەی ئەوەیە نەمان‌دەوێڕا خۆێ لێ‌دەین. ناحەقمان نەبوو. پێویستمان بە خەڵکی شارەزا هەبوو. شارەزا لە نووسین، وەرگێڕان، ویراستاریو کارەکانی دیکە.... بەڵام دواتر بە هەر جۆرێ بووە بە هاوکاریی هاوڕێ قادر وریا کە بۆخۆی ئەزموونێکی لە کاری نووسینو دەرکردنی گۆڤاردا هەبوو، کە بەڕاستی زۆری ئێمە هان دا کە دەست پێ بکەینو بۆخۆشی ئەرکی هەرە زۆری کارەکانی ئامادەکردنی گۆڤاری وەئەستۆ گرت، بەخۆشی‌یەوە لە رەشەمەی ٨٠دا یەکەم ژمارەی گۆڤاری ژنانمان چاپ کرد.

دەرکردنی گۆڤاری ژنان گرینگی‌یەکەی لەوەدا بوو:

_ ژمارەیەک ژنی نێو ریزەکانی دێموکراتی هێنایە نێو بواری نووسینو وەرگێڕانەوە،

_ چەندین ئێستیعدادی شاراوەی ژنانو پیاوانی دێموکراتی لە باری نووسینو وەرگێرانو شێعرو ئەدەبیاتەوە دەرخستو زۆرکەسیشی هان دا بنووسن، بابەت وەرگێڕنەوە، بیرەوەریو ئەزموونەکانی خۆیان لە ریزەکانی خەباتدا بێننە سەرکاغەز.

_ زۆر کەسی لە نێو حیزبی دێمۆکراتدا عەلاقەمەند کرد کە بیر لە کێشەو پرسەکانی ژنان بکەنەوە .

بە تایبەتی هێندێک لە هاوڕێیانی پیاوی نێو ریزەکانی حیزب دەستیان کرد بە نووسین بۆ ئەو بوارە. ئەوەیان بەبڕوای من زۆر گرینگە، بەتایبەت بۆ ١٠ ساڵ لەمەوبەر پیاوانێک بێن شان بەشانی ژنان لەسەر پرسی ژن لە کۆمەڵگەدا بنووسن کە هەمیشە پرسەکانی ژنان لە پەراوێزی کارە سیاسی‌یەکانیاندا بووهن. ئەمانە هەموو بەنرخن.

دیارە ئەم سیمینارە بۆ ئەوە نیە لێرەدا تەنیا بەسەر گۆڤاری ژناندا هەڵ‌بڵێین. پێک هێنانی ئەم سیمینارەمان بۆ ئەوەیە هەڵسەنگاندنێک بۆ ئەو گۆڤارە بکەین، بزانین ئایا ئێمە لە ئاستی چاوەڕوانی‌یەکانی خوێنەرانیدا بووین؟ ئەگەر نا بۆچی؟ ئەگەر قامک لەسەر کەموکوڕی‌یەکانی دادەنرێ، دەبێ بیریش لەوە بکەینەوە چۆنیان رەفع بکەین؟ پێشنیارو فکر بدرێ کە چ بکەین بۆ ئەوەی گۆڤارەکەمان باشتر بێ، خوێنەری زۆر بێو خەڵک عەلاقەمەند بن بۆ خوێندنەوەی؟ بە تایبەتی کە ئێستا دنیای راگەیاندن ئەوندە سەریعو بەربڵاوە، ئەوندە گۆڤارو بڵاوکراوەو ماڵپەرو راگەیەنی تایبەت بە پرسی ژنان هەیە، ئەوندە نوێگەری لەو بوارەدا هەیە، کە گۆڤاری ژنان بەو شێوەی تا ئێستا رەنگە نەتوانێ ئەو چاوەڕوانی‌یانە وەدی بێنێ.

گۆڤاری ژنان ئەگەر تا ئێستا کەموکوڕییشی هەبووبێ رەنگە ئاسایی وەرگیرابێ. بەتایبەتی بۆ ئەوانە کە دەزانن لە چ هەلومەرجێکدا بووین ئاسایی وەرگیراوە! بەڵام بۆ خوێنەرانی دەرەوەی خۆمان وا نەبووە. خەڵکێک کە گۆڤار دەچێتە بەردەستی، بیر لەوە ناکاتەوە کە کێن ئەوانەی ئەم گۆڤارە دەردەکەن و بە چ ئیمکانات و هێزێکەوە دەری دەکەن!

ئەو کۆمەڵە کەسەی کاریان تێدا کردوە، نە لە بواری راگەیاندندا پسپۆر بوون ، نە کارەکەیان تەنیا کارکردن لە گۆڤاری ژناندا بووە. هەر یەک لە شوێنێکو بە کارێکی دیکەوە مەشغووڵ بوون. هەروەها لە بواری فەننی‌یەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




کەسێکمان نەبوو کە شارەزایی تەواوی لە مۆنتاژ(دیزاین)و کارە فەنییەکانی دیکە هەبێ.

ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین لەنێو ئەو دەریا خرۆشانەدا غەرق نەبین، دەبێ هەمووومان، ئەوانەی خوازیاری یەکسانیین، ئەوانەی لەخەمی کێشەکانی ژنان و گۆڤاری ژناندان، بیر لەوە بکەینەوە و لانی کەمی چاوەڕوانییەکانی خوێنەرانی دەرەوەی خۆمان لە گۆڤاری ژنان وەدی بێنین.

ئەمڕۆ هەم نەسلێکی خوێندەوارو ئاگا لە کۆمەڵگەدا پێ گەیشتوە، هەمیش ئیمکانات و دەستراگەیشتن بە خەڵکی شارەزاو پسپۆڕ لە بوارەکانی نووسین، وەرگێڕان، بواری فەننی ئاسانتر بۆتەوە، هەمیش ئەوانەی لە گۆڤاری ژناندا کاریان کردوە ئەزموونێکیان وەدەست هێناوە. بۆیە دەبێ بە هەموو لایەک هەوڵی زیاتر بدەین بۆ ئەوەی ئەو گۆڤارە وەڵامدەری لانی کەمی ئەو چاوەڕوانییانە بێ کە ئەمڕۆ هەیە.

ئێمە بۆخۆمان ڕەنگە هەستمان بە زۆر لە کەموکوڕییەکانی کردبێ، بەڵام ڕەنگە زۆر شتێش هەبێ ئێمە بیرمان لێ نەکردبێتەوە یان لە تواناماندا نەبێ. یان ڕەنگە هێندێک بابەت هەبێ کە پێویست نەبێ لە گۆڤاری ژناندا بڵاو بکرێتەوە، یان هێندێک بابەت ئاوڕی لێ نەدرابێتەوە. حەز دەکەین زۆرتر ئێوە قسەی لەسەر بکەن، پێشنیار بدەن، هاوفکری بکەن. دەستەی نووسەرانی گۆڤاری «ژنان»و یەکیەتیی ژنان، بەدڵنیاییەوە پێشوازی لە فکرەکانی ئێوە دەکا.

لە کۆتاییدا دەڵێم قسەکردن ئاسانە، گرنگ ئەوەیە، هەرکەس کە دێت قسە دەکا و مەسئوولییەت دروست دەکا بۆ بەڕێوەبەرانی گۆڤاری «ژنان»، پێویستە بۆخۆشی لەو مەسئوولییەتەدا بەشدار بێ. ئەو گۆڤارە بە هی خۆی بزانێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوکاریی ماددیی زۆری کردوە، گۆڤاری «ژنان» پێویستیی بە پشتیوانیی مەعنەوییش هەیە. ئێستا ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە خۆشییەوە زۆریشیان جەوانن، دەبێ پرسی یەکسانیخوازی بە پرسی خۆیان بزانن. من زۆر جار چاو لە قەڵەمی نووسەرانی حیزبی خۆمان دەکەم کەم دەبینم پیاوێک لەو بارەوە بنووسێ. لە دروشمدا هیچیان کەمیان نەهێناوە.

من لێرەدا دەسخۆشی لەو پیاوانە دەکەم کە لە گۆڤاری ژناندا قەڵەمیان دیارە. هەرچەند ئەوە دەبێ بە ئەرکی خۆیانی بزانن و نابێ چاوەڕوانی سپاس بن.

هیوادارم دڵسۆزانهو بەرپرسانە لە باسەکاندا بەشداری بکەن.

سپاس بۆ بەشداریتان.

**ئەم وتارە لە سیمیناری هەڵسەنگاندنی گۆڤاری ژناندا خوێندراوەتەوە**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی ١٠ ساڵەی دەرچوونی گۆڤاری ژنانەوە



**هاورێیانی خۆشەویست**
**خوشکانی خەباتکار**
**برایانی تێکۆشەر**

بە بۆنەی ١٠ ساڵەی بڵاو بوونەوەی «ژنان» گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، پیرۆزباییتان لێ دەکەم.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەم بۆنەوە لەوحەی رێزلێنانو دەستە گوڵێکی جوانی پێشکەش بە بەرێوەبەران و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ژنانو یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کردوە.

لەو لەوحەدا لە هەموو ئەو کەسانەی کە لە دەرکردن، دەولەمەند کردن،جوان کردنو قەدرو قیمەت بەخشینی زیاتر بە گۆڤاری ژنان دەورو نەخشیان هەبووەو هەیە، رێزگیراوەو دەستخۆشی کراوە .

گۆڤاری ژنان لە ماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا ئاوڕی لە زۆر بواری نەتەوەیی، سیاسی، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی، ئابووری، ئەدەبی، تەندروستی، وەرزشیو دەردومەینەتی ژنان داوەتەوەو ئەگەر بە وردی سەیری لاپەرە جوانەکانی گۆڤاری ژنان دەکەی ئەو کات باشتر بۆت دەردەکەوێ کە بیرمەندانی ئەو گۆڤارە جوانە چەند لێزانانە چوارچێوەی گۆڤارەکەیان دارشتوەو بە چ بابەت گەلێکی جۆراوجۆرو هەمە چەشن دەوڵەمەندیان کردوە.

لە بواری نەتەوایەتیو میللیدا کاتێک بابەتەکان دەخۆێنیەوە دەزانی کە ژنانی نووسەرو هاوکارەکانیان بە چ هەستێکی بەرزی نەتەوەیی کاریان کردوەو بابەتیان دارِشتوە بۆ ئەوەی خۆێنەران بە تایبەت ژنان هان بدرێن و پەروەردە بکرێن، هەتا شانبەشانی پیاوان بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان تێبکۆشن.

لەبواری سیاسیدا، گۆڤاری ژنان لە بڵاوکراوەکانی دیکە، بەجێ نەماوە کە کارو پسپۆری یان تەرخان کردوە بۆ مەسەلە سیاسییەکان لە ئێرانو کوردستاندا، رەوشنگەری دەکا، خوێنەرانو ژنان بە مەسەلە سیاسییەکان ئاشنا دەکا، هەوڵدەدا ماهیەتیی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی زۆرتر بە خوێنەرانو کۆمەلگای ئێرانو کوردستان بناسێنێ، هەوڵی داوە بۆ وەدەستهێنانی ئازادیو دابینکردنی دێمۆکراسی لە وڵاتداو کار دەکا بۆ ئەوەی ژنان زیاتر لە کارو چالاکیی سیاسیدا بەشداری بکەن، ئەوانەو زۆر شتی دیکە هەوێنی بیری سیاسی گۆڤاری ژنانە.

لە بۆ بابەتی پێوەندیدار بە مافو ئەرکی ژنان، وەک ئەرکی تایبەتیی خۆی بەشی شێری بەو بابەتانەداوە، زۆر مامۆستایانە بابەتەکانی دارشتوە، دەستنیشانی مافی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو ئیدارییی ژنانی کردوەو ژنانی هان داوە بە ئەرکی نەتەوەیی ونیشتیمانیو رەگەزیی خۆیان هەستن، بۆ ئەوەی بەشداریی چالاکانەیان هەبێ، و لە هەموو بوارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو ئیداریدا، بەشدارییان هەبێ لە هەوڵدان بۆ دابینکردنی مافو ئازادییەکان، هەتا خەلاسیان بێ لە دیکتاتۆری وکار بکەن بۆ دابین کردنی دێموکراسی وئازادی ومافی مرۆڤ.

هەروەها رێگای نیشانی ژنان داوە کە چۆن بە گژ سوننەتو عورفە کۆنەکاندا بچنەوەو بەستێنی رەخساو دروست بکەن بۆ دابینکردنی ژیانێکی خۆشتر بۆ ژنانو پیاوانو نەوەکانی داهاتوو، لە سەرووی هەموویانەوە بۆ بەیاساییکردنی مافی ژنان.

گۆڤاری ژنان بە وردی دەست نیشانی ئەو بەڵا کۆمەڵایەتییانەی کردوە کە خەڵکی ئێرانو کوردستان بە تایبەت ژنانو لاوان لەبن سێبەری شوومی کۆماری ئیسلامی ئێران دا تووشی بوون. هەوڵی زۆری داوە ژنان زۆرتر روون بکاتەوە، دەستە ناحەزو خەراپەکانی دەستنیشان کردوە، رێگای بەربەرەکانیو خەبات نیشانی ژنان دەداو رێنوێنی دەکا، کە چۆن خۆ لەو بەڵا کۆمەڵایەتییانە بە دوور بگرنو ببن بە نموونەو سەرمەشقی ژنانی تێکۆشەرو خەباتکار بۆ دروستکردنی کۆمەڵێکی تەندروست.

گۆڤاری ژنان ماڵی ئەو کەسانە بووە کە «معاناتی» جۆراوجۆری کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووریان هەبوە، ئەو کەسانە بە خۆێندنەوەی بابەتەکانی گۆڤاری ژنانو گێرانەوەی بەسەر هاتەکانیان سووکنایی هاتوەو گۆڤاری «ژنان» یان بە زمانی حاڵی خۆیان و شوێنی باسی ئازارو دەردەکانی خۆیان زانیوە، گۆڤاری ژنان بۆتە پردی پەڕینەوەی راپۆرتی کاروچالاکیی ژنانی تیکۆشەر بۆ نێو کۆمەڵی کوردەواری.

گۆڤاری ژنان کە لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو هاوکارەکانی بڵاو دەکرێتەوە، وەک یەکیەتیی ژنان کە ژیانی سیاسیو فەرهەنگیو خەباتکارانەی ئاوێتەی ژیانی سیاسی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بووە، ئەویش ژیانی سیاسیو فەرهەنگیو رووناکبیریی خۆی ئاوێتەی بیرو فیکری سیاسیو فەرهەنگی دێموکراتو تێکۆشەرانی دێموکرات کردوەو هەروەک یەکیەتیی ژنان کە بە خەباتو تێکۆشانی بێ وچان توانیویەتی تواناو هێزی زۆرو لەبڕان نەهاتوو بە هاوخەباتی لەگەڵ حیزبی دێموکرات ببەخشێ بە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی خەڵکی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، گۆڤاری ژنانیش بە خەباتی فەرهەنگی، سیاسیو کۆمەڵایەتی خەرمانی بڵاوکراوەی حیزبی دێموکراتو بڵاڤۆکی کوردیی دەوڵەمەندتر بکا.

بە نوێنەرایەتیی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان جارێکی دیکە پیرۆز بایی لە یەکیەتیی ژنانی دێموکرات ودەستەی نووسەرانی گۆڤاری ژنان دەکەم، هەموویان دڵنیا دەکەمەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ سەرکەوتنی زیاتر لە ئەرکەکانتاندا هاوکارو هاوخەباتتان دەبێ.

**لەلایەن دەفتەری سیاسی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە**
**مستەفا مەولوودی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# بەشداریی ژنان لە ڕەوتی دێموکراسیخوازیدا

ن: موعتەسەم نوورانی

بەشداریکردنی ژنان لە جووڵانەوەی دێموکراسیخوازی، بەتایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا گرینگیو بایەخی بەرچاوی هەیە. دەورو ڕۆڵی ژن بۆ دامەزراندنی پێوەندیی توندوتۆڵ لە نێوان بزووتنەوەکانی دێموکراسیخوازی لەلایەکو ویستو داخوازەکانی ژنان لەلایەکی دیکە، یەکێک لەپربایەخترین هۆکارەکانی بەشداریی ژنان لە دیسکۆرسە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان لە هەر وڵاتێکدایە.

بەگشتی لەو وڵاتانەدا کە سوننەتو دابو نەریتی کۆن لەلایەکو، وەزعی خراپی ژنان لە لایەکی دیکە کاریگەریی لە سەر بارودۆخی ژنان داناوە، تەنیا بەشداریی سیاسیی ژنانو ئاکتیوبوونو بڕوابەخۆبوونیانە کە دەتوانێ ڕۆڵو کارگەریی گرینگی هەبێ. چونکە ئەوە شتێکی سروشتییە کە ژنان لە هەر وڵاتێکدا نیوەی دانیشتووانی ئەووڵاتە پێکدێنن، پەراوێزخستنی ژنان لە کاروباری سیاسیو بڕیارداندا بە مانای پشتگوێخستنو وەبەرچاونەگرتنی نیوەی دانیشتووانی وڵاتەو نەبوونی ئازادیو دێموکراسییە.

لە حاڵێکدا لە ئێرانی ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامیدا، ئێمە دەبینین کە مەجلسی شوورای ئیسلامی بە دەیان یاسای جیاکارانە بە دژی ژنانی ئەو وڵاتە پەسند دەکا، هەڵاواردنو دوورخستنەوەی ژنان لە تێکۆشانی کاروباری سیاسی، وەلانانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان، بەربەستکردنی ژنان لە بەڕێوەبەریی وڵات، گوشارو زوڵمو زۆری لە سەر چالاکانی ژنو زیندانیکردنیان بەهوی بەشداری لە کارو تێکۆشانی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا بۆتە سیاسەتی فەرمیی ڕێژیمی ئاخوندی. نموونەی بەرچاوی هەموو ئەوانە ئەوەیە کە هەر ئێستا هەم لە شارەکانی کوردستانو هەم لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بە سەدان چالاکی مەدەنیی ژن گیراونو لە گرتووخانەکانی ڕێژیمدا دەستبەسەرکراونو حوکمی ئیعدام، ئەبەد یان درێژماوەیان بەسەردا سەپاوە.

کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک کارشکێنیی ژنان دەکاو کۆسپ دەخاتە سەر ڕێی تێکۆشانیان، بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەو ڕاستییانەش، ڕەدکردنەوەی دەیان کاندیدای ژن لە هەڵبژاردنەکانی دەورەی نۆیەمی پارلماناو پەسندنەکردنی شیاوبوونیان بە بیانووی جوراجۆر بەهۆی شوورای نیگابانەوە کە ڕاستەوخۆ پێشێلکردنی مافی ژن بوو.

بە وەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانە کە توانایی بەربڵاوی ژنان لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ئابووریو کولتووریی کۆمەڵگادا یەکجار زۆرە. هەروەها ژمارەی بەرچاوی دەرچووانی ژن لە زانکۆکانی ئێراندا کە زیاترلە ٦٥٪ی هەموو دەرچووانی خوێندنی باڵا لەو وڵاتەدا پێک دێنن کە ئەوەش نیشانەی تواناییو لێهاتوویی ژنانە، ڕێژەی بەشداریی ژنان لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامیدا کە ناوەندی بەرزی یاسادانانە زۆر کەمە. ئەگەر بە بەراوردکردن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی ئێران هەڵسەنگاندن بکەین لەپارلمانی عێراقدا ٤٠ نوێنەری ژن بەشدارن، لە پارلمانی ئەفغانستان ٣٢ نوێنەری ژن بەشدارن، لە باشووری کوردستان ٢٥٪ی کورسییەکانی پارلمان هی ژنانە واتە ٢٩ نوێنەری ژن بەشدارنو لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانیی تورکیادا ئەو جارە لە بەرەی «ڕەنج، دێموکراسیو ئازادی»لە ٣٦ نوێنەر ١١ نوێنەری ژن لەپارلمانی تورکیادا بەشدارن کە ئەوەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە ژنان شانبەشانی پیاوان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا چالاکانەو بە کردەوە لە مەیدانی خەباتدان. ژنان لە کوردستاندا هەم بۆ وەدیهێنانی مافی نەتەوایەتی تێ دەکۆشنو هەم بۆ دەستەبەرکردنی مافی ژن خەباتی چینایەتی دەکەن.

لەکاتێکدا، لە پارلمانی ئێراندا تەنیا ٣ نوێنەری ژن لە دەورەی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی ئەو جارەدا توانیویانە بچنە پارلمان. تەنانەت لە مەجلیسی هەشتەمدا هەشت نوێنەری ژن بەشدار بوون کە ڕێژەی بەشدارانی ژن ئەوجارە زۆر کەمتر بۆتەوە. ئەوەش نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەر بەشێوەی سوننەتیو کۆن، بیر دەکەنەوەو باوەڕیان بە پێشکەوتن، گەشەکردنی کۆمەڵو بەشداریی ژن لە کاروباری سیاسیو بەڕێوەبەرییوڵاتدا نیە. ئێستاش ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە عەقڵیەتی سەردەمی سەدەکانی نێوەڕاست بیردەکەنەوە.

ئەوان ناتوانن، هەتاسەر بە کەیفی خۆیان ئەسپی خۆیان لەو مەیدانەدا لینگ بدەنو چۆنیان پێخۆش بوو ئاوا بڕیار بدەن. چونکە هەر کولتوورێک لە قۆناخێکی زەمانیدا برەوی هەیە کە بە مانەوەی کۆمەڵگا یارمەتی دەکا. سوننەتەکان ئێستاش لە کۆمەڵگای جیهانی سێهەمدا ڕۆڵیان لە زیندوومانەوەی کۆمەڵگادا هەیە. هەرکات سوننەتێک کارکردی پۆزیتیڤی خۆی لەدەست بدا هەر لە خۆوە دەبێتە هۆی شکڵگرتنی کولتوورێکی نوێ کە ئەو کولتوورە نوێیە سەرەنجام سوننەتێک لەنێو دەبا کە لە نێویدا دروست بووە. بەگوێرەی یاساکانی فەلسەفە ئەوە ڕەوتێکی سروشتییە کە کۆمەڵگا بە بەردەوامی خەریکی نوێ بوونەوەیە. کۆن دەڕواو نوێ جێگەی دەگرێتەوە بیروبۆچونی چەوتو دواکەوتووانە مەحکووم بە لەنێوچوونو نەمانە. کولتوورو سوننەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش ڕێکەوتی بەسەرچوونێکی هەبوو. بە شاهیدیی مێژوو ئەو ڕێکەوتی بەسەرچوونە بە سەرکەوتنی ڕێنیسانس کۆتایی هات.

کە وابوو یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی ژن لە مەیدانی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا، بڕوابەخۆ بوونو خۆراگریی خۆیەتی. لە ڕاستیدا فاکتەری بڕوابەخۆبوون لە نێو ژناندا فاکتەرێکە کە دەبێ ژن بۆخۆی لە خۆیدا پێک بێنێ. دیارە هۆکاری بڕوابەخۆنەبوونی ژن دەگەڕێتەوە سەر کۆمەڵگا، چونکە سیستمی کۆمەڵگا ڕێگەی بەژن نەداوە کە وەک پێویست لە مەیداندا بێ، بە تایبەت ژن وەک کەرەسەیەک کەڵکی لێوەرگیراوە. بەگوێیاندا چپاندوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که ژن بەشی هەر قوژبنی ئاشپەزخانەو مناڵبەخێوکردنە، ژن ئەقڵی کەمە، ژن لە پەراسووی چەپی پیاو گووراوە، ژن پەراسوویەکی لەپیاو کەمترە.... ئەگەرچی دەرکەوتوە ژن نەک هیچی لەپیاو کەمتر نیە بەڵکوو لە زۆربەی بوارەکانی فکریو ئیداریو بەڕێوەبەریدا ژنان زۆر بە وردیو ڕێکوپێکی شان بەشانی پیاوان لە کۆمەڵگادا کاردەکەنو، زۆر سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە.

ژن لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا دوو ئەرکی گرنگی لە سەرشانە، لە لایەک کاروباری نێو ماڵو پەروەردەی منداڵو ئەرکی دایکایەتی بەڕێوە دەبا، لەلایەکی دیکەش لە کاری ئیداری، سیاسیوکۆمەڵایەتیی وڵاتیشدا وێڕای پیاوان زۆر چالاکانەو بەکردەوە کار دەکا. ژن دەبێ زیاتریش لەوەی باس کرا، ئەسڵی باوەڕبەخۆییو لەسەرپێیخۆڕاوەستان لە خۆدا بەهێز بکا ئەوەش قوربانیدان، فیداکاری، سەبرو تەحەممولو پشوودرێژیی زۆری پێویستە. بۆ نموونە، لە وڵاتی میانمار ژنێک کە ڕێبەری حیزبێکی سیاسییە لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانیی ئەو وڵاتەدا دەنگی هێناوەتەوەو بووە بە جێگای هیواو هومێد بۆ ژنانی ئەو وڵاتە. «خانمی ئان سان سووچی» ڕێبەری نەیاران، لە میانمار دوای دەیان ساڵ زیندانی لە ماڵدا (حبس خانگی) توانی دەنگی متمانە وەدەست بێنێو ببێتە ئەندام پارلمانی ئەو وڵاتە. گرینگیی سەرکەوتنی خانمی سووچی لەوەدا بوو کە دوای بیست ساڵ دەستبەسەربوون، بە هۆی سەبرو تەحەممولو بەربەرەکانیو خەباتی بێوچانو لێبڕاوانە توانی سەرکەوتن مسۆگەر بکا.

لەگەڵ ئەوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵە ڕێژیمی میانمار لە دەستی نیزامییەکاندایەو ئەو وڵاتە تووشی قەیرانی ئابووریوسیاسیو کۆمەڵایەتیو شەڕ هاتوە، ڕووحییەی نیزامیگەریو توندوتیژی وای کردوە کە ژنان بکەونە پەراوێزەوە، بەوحاڵەش ژنان زۆر ئازایانەو لێبڕاوانە بۆ وەدەستهێنانی دیموکراسیو مافی خۆیان لە ریزی پێشەوەی بەرەی خۆراگریدا بوون. هیوادارم لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستانیش ژنان بەیەکگرتوویی و یەکریزیی خۆیان شانبەشانی پیاوان بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتیو ئازادیو دێموکراسیو مافی ژن خەبات بکەن.

٢٥ی خاکەلێوەی ١٣٩١













ئەم وتارە لە سیمیناری هەڵسەنگاندنی گۆڤاری ژناندا خوێندراوەتەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## با هەزار زێو گادەرو لاوێتی روونیشمان هەبێ

## تاکوو ژن ئازاد نەبێ، سەرچاوەکەی ژین لیخنە-هێمن



ن: برایم جەهانگیری

**دەستەی بەڕێوە بەریی گۆڤاری ژنان،**
**سلاوو ڕێز**

ماندوو نەبن‌و هیوادارم لە کارو تێکۆشان‌و نووسین‌و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ژناندا بەردەوام بن. هەر وەک لە نێوەکەی‌ڕا دیارە گۆڤاری ژنان بەر لە هەموو شت دەبێ دەنگی ژن بێ، دەبێ روانگەو بۆچوونەکانی ژنانە بن، دەبێ باسی دەردو ئازارەکانی نێو کۆمەڵگە بکات‌و باس لەو چەوسانەوە ناعادیلانەیە بکا کە هەموو رۆژێ لە گۆشەو کەناری وڵاتەکەمان دەرحەق بە ژنان رەچاو دەکرێ. ژنانی دێموکرات دەبێ دێموکرات بن، دەبێ هاوکاری حیزب بن، بەڵام نابێ هەموو شتێک هەر فیدای حیزب بکرێ، ئەمن زۆر دژی هێنانەگۆڕی باسی نامەنتیقیم کە زۆرجاران هەم لە لایەن ژنان‌و هەمیش لە لایەن پیاوانەوە لێرەو لەوێ دەبینرێ. لەلایەن هەندێ لە ژنانەوە دەبینرێ کە بابەتێک لەسەر پرسی ژن دەوروژێنن، باسی دەکەن. راست وای باس دەکەن کە وا بزانە پیاوان هەر هەموویان دوژمنی قەستەسەری ژنانن، ئەوان نایانەوێ پرسی ژن بەرەو چارەسەر بەرن‌و ناشیانەوێ دەنگێک بۆ ژنان‌و بۆ لایەنگری لە مافی ژن زیاد بکەن، ئەوان لەوە دەگەڕێن کە خۆیان بنوێنن، ئەوە زۆر خەراپە، کێشەی ژنان کێشەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی‌یە، کە واتە بە دروشمو شتی لەو بابەتە چارەی نایە، جگە لەوە دەبێ چاو لە ئیمکانەکان بکەی‌و بە پێی ئیمکان بۆ مافی ژن هەوڵ بدرێ. دیارە ئەمن دەگەڵ ئەوەدا هەم کە تەنانەت هەندێ تابووی سەر ژنان کە بە عەیبەی کۆمەڵایەتی داپۆشراوەو بۆتە بەربەستێکی جیددی لە بەرامبەر وشیاریی ژن‌و ئاگاداربوونەوەی بەرەی نوێ سەبارەت بە ژن‌و مافی ژن تێکوپێک بدرێ.

بەداخەوە لەم ماوەیەدا ئەو دەستەیەی یەکەم بە تایبەتی لە دنیای مەجازیدا هەندێ هەڵەی جیددی‌یان کرد. ئەویش وەک باسم کرد جیاکردنەوەی ویست‌و داخوازی ژنان لە بنەڕەت‌ڕاو بەیەکجاری لە پیاوان، وایان‌کرد کە پیاوان بکەونە بەرەیەک‌و ژنان لە بەرەیەکی دیکە راوەستن، ئەو کارەو ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە نەک هەر قازانجی بزووتنەوەی ژنانی تێدا نیە بەڵکوو زەرەری زۆر زیاترە. هەر وەک باسم‌کرد پرسی ژن‌و هەوڵدان بۆ لاچوونی ستەمی لەرادەبەدەر لەسەر ژنان، بەر لە هەموو دیدو بۆچوونێک پرسێکی سیاسی‌یە، ناکرێ ئێمە لە نێو کۆمەڵگەیەک کە تا سەر ئێسقان دواکەوتووو پیاوسالارە باس لە مافی ژن بکەین، بە دڵنیایی‌یەوە هەر هەوڵدانێک لەو بارەوە ئەگەر دەسکەوتیشی هەبێ ئەوا دەسکەوتەکان زۆر کەم‌و نادیارن. وەک ئەوە وایە ئێمە بمانەوێ لە نێو سیستەمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، باسی ئازادیی تاکو کۆ بکەین، باس لە ئازادیی رادەربڕین‌و رۆژنامەو بڵاوکراوەکان بکەین، روون‌و ئاشکرایە شتی‌وا نایەتە دی‌و ئەو هەوڵانەش وەک ئاسنی ساردکوتان وان. تاووتوێ‌کردن‌و هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانی ژنان تەنیا لە ئاڵوگۆڕی گەورەی دەسەڵات‌و سیستەمدا دەتوانێ بێتە دی. دیارە هەر سیستمیشە دەتوانێ ببێتە پاڵپشتێک بۆ پاراستنی ئەو ماف‌و ئازادی‌یانە.

بەو لێکدانەوەیەی سەرەوە ئەمن وا بۆ مەسەلەکە دەچم کە تا دەسەڵاتێکی رەهای وەک رێژیمی ئیسلامی هەبێ، مافی ژن وەک زۆربەی ماف‌و ئازادی‌یەکانی دیکە لەو وڵاتە نایەتە دی. کەوایە ژنان دەبێ هەوڵی خۆیان‌و بارگرانیی کارو تێکۆشانی خۆیان لەوەدا کۆ بکەنەوە کە بۆ ماف‌و ئازادی‌یەکانی ژنان سیستمێک هەبێ. دەبێ یاسایەک هەبێ تا ژنان بتوانن بۆ پاشەرۆژی خۆیان پێی دڵگەرم بن‌و ئومێدەوار بن کە لە داهاتوودا بەشیان هەیە، مافیان هەیە. لەهەمان کاتدا ئەو یاساو سیستمە ئەو ماف‌و ئازادی‌یانەش دەپارێزێ.

بەڵام ژنان بۆ بەکردارکردنی ئەو ئارەزووو خواستە کاری گەورەیان لەپێشە، دەبێ خۆ رێکخەن‌و ببن بە هێز، ببن بە دەنگێکی دیاری نێو کۆمەڵ کە سبەی لە پێش هەموواندا حیزبەکان، ئەو دەنگە ببیسن‌و وەک خێرو تەبعیزی موسبەت چاو لە مەسەلەکە نەکەن. (دیارە بۆ ئێستا من هەڵاواردنی پۆزەتیڤم بە نیسبەت ژنانەوە بەلاوە کارێکی باشە). بۆ ئەو مەبەستەش بەر لە هەر شتێک دەبێ ژنان بە خۆیان پشت‌ئەستوور بن، چونکە بەراستی کێشەی ژنان لەم نێوەدا بە کەس چارەی نایە بە خودی ژنان نەبێ. زۆرن ئەو پیاوانەی داکۆکی لە مافی ژنان دەکەن، هاوکارن بۆ مافەکانیان، بەڵام زۆریشن ئەو پیاوانەی هەر دەگەڵ هەندێک لە مافەکان هەن نەک هەموو داوایەکی ژنان. بە هەموو کەم‌وکوڕی‌یەکانەوە ژنان لەو خەباتە دا پێویستی‌یان بە پیاوان‌و بە پاڵپشتیی ئەوان هەیە. ژنان وەک باسم کرد دەبێ ئەو پرسە وەک پرسێکی سیاسی پێناسە بکەن‌و هەر بە سیاسەتیش لە مەسەلەکە بڕوانن. دەبێ لەم رێگایەدا پیاوان دەگەڵ خۆیان هاوڕابکەن، بێ پشتیوانیی پیاوان وەدەستهێنانی مافی ژنان زۆر چەتوونە، ئەویش لە وڵاتێکدا کە ژن لە بەڕێوەبەریی کەلان‌و گشتیدا بێدەسەڵات‌و ئەو دەسەڵاتە لانی کەمی ٨٠ لەسەدی بە پیاوانە. هەر وەک لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیدا ئەگەر ژنان بەشداریی بزووتنەوەکە نەکەن ئەوا نێوەی وزەو تواناکانی بزووتنەوە پاسیڤ‌و بێ جووڵەیە لە بزووتنەوەی رزگاری‌خوازی ژنانیشدا ئەگەر پیاوان هاوکار نەبن دەستەبەرکردنی ماف‌و ئازادی‌یەکانی ژنان ئاستەمە .

### حیزب و بزووتنەوەی ژنان :

ئەوەی ئاشکرایەو هەموومان دەزانین ئێستاشی دەگەڵدا بێ لە نێو مۆدێرنترین حیزبی کوردیدا مافی ژن‌و پیاو وەک یەک نیە، رەنگە تواناکانیش یەک نەبن‌و ئەوەش هۆکاری تایبەتیی خۆی هەیە کە لە سەرەوە بە شێوەی گشتی باسم کرد، واتە مودیرییەت‌و بەڕێوەبەریی گشتی لە زۆربەی شوێنەکان هەر بە پیاوانە. کە وایە دەرەتانی گەشەکردنی هزریی ژنان لە چاو پیاوان یەکجار کەمترە. سەرەڕای ئەوە کە ئەو رێگایەو ئەو ئیمکانی گەشەکردنە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ ژنان یەکجار کەمترە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا ژنانی وڵاتەکەمان لە زۆر بارەوە نیشانیان دا کە ئەگەر مەجالیان هەبێ هیچ لە پیاوان کەمتر نین. هەر بۆ نموونە لە پێشبڕکێو تاقیکاریەکانی زانستگاکان لەم چەند ساڵەی دواییدا بەحەق نیشانیان دا کە نەتەنیا لە پیاوان کەمتر نین بەڵکوو لە هەندێ شوێن زۆر لە پێشەوەی پیاوانیشن. ئەگەرچی دوای تەواوبوونی خوێندنو لە کاتی دیاریکردنی ئەرکو بەرپرسایەتییەکاندا دووبارە چون کۆمەڵگەکە پیاوسالارە، دیسان رادەی بەدەستەوە گرتنی بەڕیوەبەریی گشتی لەلایەن ژنانەوە زۆر کەمو بێبایەخە.

ئەو بابەتو سەرنجە بەسەرهاتێکو دیمەنێکی وڵاتەکەمانە کە کۆمەڵێ کەللەوشکی دواکەوتوو دەستیان بەسەردا گرتوەو هەر لە بنەڕەتڕا ژن وەک بەردەو عەبدێکی پیاو سەیر دەکرێ، بەڵام لە نێو حیزبەکاندا بە تایبەتی حیزبی شۆڕشگێردا دەبێ ئەو مەسەلەیە جیاوازیی یەکجار زۆرو بەرچاوی هەبێ، بە خۆشییەوە لە نێو حیزبی ئێمەدا تارادەیەک ئەو مەسەلەیە لە بەرچاو گیراوە، بەڵام ئەوە ئێوەن کە بێ ئەوەی تەعەسسوبو دەمارگرژیی حیزبی بتانگرێو لە هەمان کاتدا بێ ئەوەی خودای نەخواستە دەداوی پۆزی رۆشنبیرانەی فێمینیستی کەون، دەبێ بڕیار بدەن کە ئایا ئەو هەنگاوانەی حدک بۆ دانی پێگەو پلەی ژنان لە نێو ریزەکانی خۆیدا ناونی شایستەی ژنانن یان نا؟ لە هەردووک حاڵدا ئەوە ئێوەن کە دەبێ ئەو پرسە بگوازنەوە نێو ریزەکانی حیزبو بیکەن بە باسێکی جیددی، ئەو کارە هەم بە قازانجی حیزبەو هەمیش ئیعتیباری ئێوە وەک رێکخراوی ژنان کە وێرای ئەوەی دەگەڵ لایەنێکی سیاسیو حیزبێکی دیاری کوردستان کار دەکا بەڵام روانگەی سەربەخۆی خۆیان هەیە، دەباتە سەر.

ئەو باسە رەنگە دەقاودەق بە بۆنەی دەیەمین ساڵی دەرچوونی گۆڤاری ژنانەوە زۆر لە جێی خۆیدا نەبێ بەڵام ئەمن روانگەیەکی گشتیم لەسەر مەسەلەی ژنان باس کرد کە دەکرێ ئەگەر هیچ بەشێکی جێگای سەرنجو رامان بوو، بکرێتە هەوێنی سیاسەتو روانگەکانی ژنان لە نێو گۆڤارەکەدا. سەرکەوتنتان ئەوپەڕی ئاواتمەو دووراودوور دەستخۆشیتان لێ دەکەمو سەرکەوتنی زیاترتان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

**ئەم وتارە لە سیمیناری هەڵسەنگاندنی گۆڤاری ژناندا خوێندراوەتەوە**

**به ڕێزان و ئامادەبووانی سیمیناری هەڵسەنگاندنی دەیەمین ساڵرۆژی دەرچوونی گۆڤاری ژنان سڵاو! هیوادارم سەرکەوتووبن.**



**ن: شنۆ مێهرپەروەر**

یەکیەتیی ژنان لە دامەزرانیەوە تا ئێستا لە قۆناغە جیاجیاکانیدا شانبەشانی هێزی پێشمەرگە خەباتی کردوەو توانایییەکانی خۆی نیشان داوەو سەرەڕای زۆر کۆسپو لەمپەر هەوڵی داوە بۆ ناساندنو بەرەو پێشبردنی بەرنامەکانی کە بردنە سەری ئاستی تێگەیشتنی ژنان لە مافەکانیەتی، لە ئامرازەکانی راگەیاندن هەرچەند سنووردار، سوود وەربگرێ. بەرنامەی تایبەت بە ژنان لە رادیۆی دەنگی کوردستان نموونەیەکی ئەو هەوڵانە بوو. بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی تایبەت بە پرسی ژنان هەنگاوێکی دیکەی یەکیەتیی ژنان بوو. هەرچەند درەنگ دەستی پێکرد، بەڵام هەنگاوێکی بەکەڵک بووو هەروەها توانی تا رادەیەک بەشێک لە ژنانی دانیشتووی کەمپەکانی حیزبی هان بدا تا لە بواری نووسینو وەرگێراندا خۆیان تاقی بکەنەوەو تەنانەت بەرهەمەکانی خۆیان وەک شێعرو چیرۆکو پەخشان... بڵاوبکەنەوە.

لەکاتێکدا گۆڤاری ژنان یەکەم هەنگاوەکانی خۆی دەهاویشت کە دنیای راگەیاندن وەک ئێستا پێشکەوتنی بە خۆیەوە نەبینیبوو. ئێنتێرنێتو ئامرازەکانی دیکەی زانیاری لەو سەردەمە لە کوردستان زۆر سنووردار بوون. هەربۆیە زۆر شتێکی سروشتی بوو کە گۆڤاری ژنان لە سەرەتاوە تا رادەیەک کاڵوکرچیی پێوە دیار بێ، بەڵام هەروەک دەرکەوت گۆڤاری ژنان توانی لە ماوەی ئەم دە ساڵەدا سەرەرای زۆر کێشەو گرفت کە هاتە سەر رێگای، نەک بە شێوەی رێکوپێک، بەڵام بەردەوام دەربچێ.

بەڵام پێموایە تەنیا بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکە مەرج نیە، بەڵکوو پێویستە ئەو گۆڤارە خوێنەری هەبێو سوود بە خوێنەرانی بگەیەنێ.

- لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ ئەویش ئەوەیە گۆڤاری ژنان تا چەند توانیویەتی سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی رابکێشێو تا چەند پێشوازیی لێکراوە. هەروەک هەمووومان ئاگادارین لەم سەردەمەدا ئامرازەکانی راگەیاندن بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرەوپێشەوە دەچنو هەموو کەس لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە دەتوانێ لە رێگەی داتاکەیەوە دەستی بە زۆر زانیاریو هەواڵی گەرموگوڕ رابگا. پێشکەوتنی دنیای مەجازی تەنانەت کاریگەریی لە سەر دابەزینی تیراژی بەناوبانگترین رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی جیهانیش داناوە، ئەی گۆڤاری ژنان تا چەند توانیویەتی لە نێو ئەم شەپۆلە بەرینەی راگەیاندندا خۆی بسەلمێنێ. بێگومان بەستراوەتەوە بە تواناییو لێهاتوویی بەرێوەبەرانی لە هەڵبژاردنی بابەتو زانیاریو هەروەها دیزاینێکی سەرنجراکێش کە خوێنەر ناچار بکا لانیکەم بە سەر پێیەوە ئاوڕێک لە رووبەرگو پێرستی بابەتەکانی بداتەوە. بەرێوەچوونی کۆنفرانسێکی لەم چەشنە دەتوانێ بۆ بەرچاوروونیی بەرێوەبەرانی گۆڤارەکەو دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازو بەهێزەکانو دارشتنی پلانی نوێ زۆر بەسوود بێ.

لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی گەرمی خۆم پیشکەشی ئێوە بەرێوەبەرانی گۆڤاری ژنان دەکەم کە ماوەیەک شانازیی هاوکاریم هەبوو لەگەڵتانو هەروەها ماندوونەبوونی لە هەڵسوورێنەرانی کۆنفرانسەکە دەکەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کوا دەنگی ژنە حەیرانبێژ و بەیتبێژەکانی کورد؟



ن: ڕەسووڵ سوڵتانی

کە دەگوترێ:) لە پشت هەر پیاوێکی گەورەوە ژنێکی گەورە هەیە، لە لایەکیشەوە بەو مانایەیە کە ژنان هەمیشە بوونەتە قوربانیی سەرکەوتنەکانی پیاوان. پیاوان لە سایەی قوربانیدانی ژنەکانەوە بوونەتە پیاو.(

ئەم وتارە ئاوڕداوەیەکی کورتە لە هۆکارەکانی ونبوونی دەنگی ژنی کورد لە بەستێنەکانی هونەردا، بە تایبەتی لە بواری گۆرانی و حەیران و بەیتبێژیدا.

ئەگەر بە ڕوانینێکی دوور لە دەمارگرژی و زانستیانە لە کۆمەڵگەی کوردستان بڕوانین، دەبینین کۆمەڵگای کوردستان پێکهاتەیەکی نەریتی و خێڵەکی و ئایینیی هەیە. لەگەڵ ئەوەدا کە هەر کام لەم چەمکانە لە باری کۆمەڵناسییەوە پێناسەی تایبەت بە خۆیانیان هەیە و باسەکەی ئێمە مەجالی ئاوڕدانەوەی لەو باسانە نییە و نایپەرژێتە سەر ئەو جۆرە شیکردنەوە و ڕاڤەکارییانە، بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە کۆمەڵگەیەکی بەو تایبەتمەندییانەوە نەک پێشوازی لە هونەر ناکات و پەرەی پێ نادات بەڵکو زۆر کۆسپ و لەمپەر و تەگەرەشی بۆ دروست دەکات. بە تایبەتی ئەگەر ئەو کەسەی ئەرکی قورسی هونەر دەخاتە ئەستۆی خۆی ئافرەتێکی نێو ئەو کۆمەڵگایە بێت، ئیتر ئەوە بە دەستی خۆی سێدارەی مەرگی هەڵخستووە. ئاوڕدانەوە لەکۆمەڵێک دەستەواژە و ئەتیکێتی خێڵەکیانە کە بۆ گۆانیبێژ و مۆزیکڤانەکانیان بەکار هێناوە، ئەو ڕاستییەمان باشتر بۆ دەسەلمێنێت. لە بەشێکی هەرە زۆری کوردستاندا دەستەواژەی «لۆتی» / «چاوەش»/ لەو دەستەواژانە بوون کە بەوپەڕی سووکایەتییەوە بۆ گۆرانیبێژ و ژەنیارەکان بەکار هاتوون. لەگەڵ ئەوەدا کە دیوەخانی ئاغا و دەرەبەگەکانی کوردستان شوێنی ڕاگرتن و حەواندنەوەی بەیت بێژ و حەیرانبێژەکان بووە، بەڵام خۆی ئەوەش هەرچەندە قازانجی خۆی بووە، کەچی لەبەر چاوی ڕەشی حەیرانبێژ و بەیتبێژەکان نەبووە، بەڵکو ئاغا و بەگەکان کۆڕی خۆیانیان پێ گەرمدا هێناون و خۆیان پێ هەڵکێشاون. و پتر لەوەی هۆشیارییەکی تێدا بووبێ لە پێناوی خزمەت بە هونەردا، پتر بۆ ڕازاندنەوە و گەرمداهێنانی کۆڕەکانی دیوەخان بووە. بۆیەش هەرگیز وەک هونەر لەوێ سەیری نەکراوە و بەیتبێژیش نەک وەک هونەرمەند سەیری نەکراوە بەڵکو وەک ئامرازێک بەکار هێنراوە.

دەی لەوەها کۆمەڵگایەکدا کە بە چاوی سووک، یان وەک ئامرازێک لە هونەری ڕوانیوە، مسۆگەرە هونەرمەند قەدر و قیمەتێکی ئەوتۆی نابێ. سەرباری هەموو ئەوشتانەش ئەگەر بێنی لەو کۆمەڵگایەدا ئافرەت کە خۆی نرخێکی ئەوتۆی بۆ دانەنراوە و گەورە و چووکەی پێ کراوە و لە سەر پشتی بێشکە بەمێرد دراوە و ژن بە ژنی پێ کراوە و لە تۆڵەی خوێنێ دراوە و وەک چلکاوێک بە ئاگری دوژمنایەیی خێڵ و عەشیرەتاندا کراوە... لەو کۆمەڵگەیەدا ئافرەت هەستێت و پێ بنێتە مەیدانی هونەرەوە بە دڵنیاییەوە گوناحەکەی دەبێتە گوناحی کەبیرە و ڕەجم و لەعنەتی بەدواوە دەبێ.

ئەگەر سەرنجێکی وردی بەیت و حەیرانە کوردییەکان بدەین، بۆمان دەردەکەوێ بەشێکی زۆری ئەو بەیت و حەیرانانە دەردە دڵی ئافرەتانن. بەیتی ئایشەگوڵ و پاییزە و سوارۆ و لەشکری و هەموو ئەو حەیرانانەی بە هەیتمە حەیران یان کوڕەتیمە حەیران دەست پێ دەکەن، ئافرەت گوتوونی و دەردەدڵ و ڕاز و نیازی ئافرەت و شین و شەپۆڕ و لاواندنەوە و سەردولکەی ئافرەتانن، کەچی دەنگبێژەکان پیاون و ئاوا دەست پێ دەکەن »ئەوە کیژ دەرێ/ دەڵێ»... «ئەوە ئایشە گور دەرێ»...

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشێ، ئەی ئایشەگور و ئەو کچەتیوە بابانوێرانەی کاتی خۆی ئەوانەی چڕیوە، کوا دەنگەکەی؟ باشە بۆچی لە کۆمەڵگەی کوردەواریی ئێمەدا بەو دواییانە نەبێ، دەنگی ژنە حەیرانبێژ و گۆرانی بێژ و بەیت بێژەکانمان تۆمار نەکراون؟ و هەر بە دەگمەنیش نەماون؟ لێرەوەیە ناچارین ئاوڕ لەو کولتووره پیاوسالارانەیە بدەینەوە کە هیچ مافێکی بە ئافرەتەوە ڕەوا نەدیتووە و بەردەوام کپ و کڕ و بێدەنگی کردووە و خزاندوویەتە کونجی ماڵەوە و تاکەبڕیاردەر لە سەر ژیان و چارەنووسیشی هەر پیاو بووە و پیاو خودان و دیاریکەری هەموو ژیانی ئافرەت بووە. بۆیەش تەنانەت گۆرانییەکانیشی لە زمانی ئەو وەرگرتووەتەوە و ئەوەش وای کردووە تەنانەت ئێستاشی لەگەڵدا بێ گۆرانیبێژە ئافرەتەکانی کوردستان بە دەگمەن دەوێرن گۆرانییەک بڵێن ویستی دڵی خۆیان بێت و شیعرو هۆنراوەکەی ڕووی لە پیاوان بێت و بۆ پیاوان گوترابێت، بەڵکو هەر ئەو شیعرو هۆنراوانە دەڵێنەوە کە پیاوان بە سینگ و مەمک و بەرۆک و بەژن و باڵاو چاوو برۆی ئافرەتەکانیاندا هەڵگوتوون.

هەموو ئەوانەی لە سەرچاوە و مەکۆ و شوێنەکانی پەرەگرتن و پەرەپێدانی بەیت و حەیرانیان کۆڵیوەتەوە هاوڕان لەسەر ئەوەی دیوەخانی ئاغا و بەگەکان شوێنی حەوانەوەو پشتگرتنی حەیرانبێژەکان بوون. بە ئاوڕدانەوە لە سیستەمی دەرەبەگایەتی ئەو ڕاستییەمان لاروون



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبێتەوە کە سیستەمی دەرەبەگایەتی پێکهاتەیەکی تەواو پیاوسالارانەی هەبووە و تێیدا تەنانەت پیاوەکانیش لە یەک ریز و پێگە و ئاستدا نەبوون و ئەوانیش بەپێی پلەکۆمەلآیەتییەکانی ئاغا و بەگ و ئاغازادە و کوێخا و گزیر و باب نۆکەر و نۆکەر دابەش کراون. لەوەها پێکهاتەیەکدا ژن جگە لەوەی وەک ئامرازێکی خزمەتکردن بە پیاو (خزمەتی جەستەیی و سەرجێیکردن و خزمەتی شیو و کوڵ و میوان بەرێکردن) و منداڵ خستنەوەو منداڵ بەخێوکردن رۆڵێکی دیکەی نەبووە و هیچ بریارێکی بەدەست نەبووە. لەوەها پێکهاتەیەکدا کە ژن ئاوا چەوساوە و ژێردەست بووە، ئەو بوونەوەرە چۆن بتوانێ دەست بداتە ئافراندن؟ چۆن بتوانێت توانا دەروونی و زەینییەکانی خۆی بدۆزێتەوە؟

کاتێک سەیری ئەدەبی نووسراوی گەلان دەکەیت، نەک هەر تەنیا ئەدەبیات و هونەری نەتەوەی کورد، دەبینی ئەوەندەی پیاو لە گۆرەپانی هونەر و داهێنانی هونەری و ئەدەبیدا، بووە، هیچ کاتێک ژن ئەوەندە لەو مەیدانەدا نەبووە. هەتا ئێستاش لێکۆڵەران و توێژەرانی بوارگەلی کۆمەڵناسی و دەروونزانەکان و تەنانەت فەیلەسووفانیش هەرکام لە روانگەی جۆراوجۆرەوە هەرکامسەیان کۆمەڵێک هۆکار دەهێننەوە و هێندێک پێیان وایە هەر ئافرەت لە ناخ و جەوهەری خۆیدا کەمتوانایە. هێندێکیان پێیانوایە بە درێژایی مێژوو کولتوور و بازنەی بەرتەسکی پیاوسالاری رێگەی خۆ دەرخستن و داهێنانی پێ نەداون. ئەوەی من لەم کورتە وتارەدا دەمەوێت باسی بکەم، لێکدانەوەی ئەو هۆکارانە نییە. بەڵکوو تیشک دەخەمە سەر بوونی ئافرەت لە بەیتە فۆلکلۆرییەکانی کورددا. ئەوانەی هۆگری بەیت و حەیرانن و ئەوانەش کە بەهەر هۆیەکی دیکە، لەم بوارەدا توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیان کردووە، باش دەزانن کە بەشێکی هەرە زۆری حەیران و بەیت و لاوکەکان و بەتایبەتی لای لایەکان، لە زمانی ئافرەتی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە گوتراونەتەوە. هەرچەندە بە داخەوە زۆر دەگمەن لێرە و لەوێ چەند چرکەیەک دەنگی ئەو ئافرەتانە تۆمار کراوە. هەر بۆیە من حەز دەکەم ناوی (ئافرەتگەلی بێ مێژوو)یان لەسەر دابنێم. ئەوانە ئەو شاعیر و هۆزانڤانە بێ مێژووانەن کە، بەشێکی هەرە زۆری دەقە فۆلکلۆرییەکانی کورد، هۆنراوەی ئەوانن بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا بەگوێرەی پێویست لایان لێ نەکراوەتەوە و هیچ باسێکیان لێوە نەکراوە. تەنانەت دواتر ئەوەی ئافرەتانیش هۆندوویانەتەوە و چریویانن، پیاوان لێیان داگیر کردوون. ئەوەتا بەیتی «کاکە میر و کاکە شێخ» کە چیرۆکی کوژرانی دوو برای سوارچاک و جوامێرە و بەیتەکە بریتییە لە شین گێریی (ئەستێ و بوغدان) جووتە خوشکی ئەو دووبرایە(کاکە میر و کاکە شێخ) بەداخەوە لە هیچ شوێن و قوژبنێک شوێنەوارێک دەست ناکەوێت کە ئەم بەیتە بە دەنگی ئەو دوو خوشکە گوترابێتەوە. ئەوەندە نەبێت پیاوانی بەیت بێژ لە زمانی ئەوانەوە بەیتەکەمان بۆ دەڵێنەوە. لە حاڵێکدا ئەو بەیتە بۆ یەکەمجار (ئەستێ و بوغدان) بۆ شینی جووتە برای بەناهەق کوژراویان هۆنیویانەتەوە و چریویانە. بەڵام ئێستا ئێمە لە پیاوانی بەیت بێژی دەبیستینەوە نەک لەژنان...

بەیتی «سوارۆ»ش یەکێکە لەو دەقە فۆلکلۆرییانەی کە پراوپرە لە رەگەزی شێعری و خەیاڵی ناسکی شاعیرانە، کە دڵنیام، دانەری ئەو بەیتە ناخی پڕ بووە لە شێعری خۆشەویستی. هۆنەری ئەو بەیتەش ئافرەتە. ئەم بەیتەش بەمەرەدی دەقە فۆلکلۆرییەکانی دیکە چووە و پیاوان لە زمانی ئافرەتەکەوە دەیڵێنەوە. دیسانیش هەر پیاوە نوێنەرایەتیی ئافرەت دەکاتەوە.

بەیتی سوارۆ چیرۆکی رۆیشتنی فەرماندەیەکی سوارچاکە بۆ شەرێکی پڕ لە مەترسی. سوارۆ بەر لەوەی بچێتە شەر، دێتە لای گراوی(مەعشووق)ـەکەی و وێڕای ماڵاوایی و گەردن ئازایی، داوای ماچێکی لێ دەکات. بەڵام کچە پێی نادات...

**«... ئەوە دوێنێ سووکەڵە سوارەکەی من دەچۆوە سەفەری کاولە لەحسایە**
**دەیگوت کیژێ بێنە دوو ماچم دەیە**
**بەسەری بەقوڕ و بە ملی بەکوێنم رووم لێ وەردەگێڕا هەی لاڵ بم نەمدەدایە...**
**لە دوایی دەچوومەوە پێش سووکەڵە سوارەکەی خۆم**
**زولفی خۆمم لەبەر دەگێڕا و مەمکی خۆمم بۆ دەبردەوە تکایە**
**دەمگوت سوارۆ**
**شەرت بێ بە شەرتی خوداو پێغەمبەران**
**ئەگەر تۆ بگەڕێیتەوە لەوێ شەڕێ هەرامەتێ لەگەڵ هەرایە**
**ئەمن سینگی خۆمت بۆ بکەمەوە بە کاغەزێکی مەرجان و**
**و مەکی خۆمت بۆ بکەمەوە بە قەڵەمێکی فەرەنگی**
**وەکوو مەلای دوازدە عیلم**
**شەو هەتا رۆژێ لەسەری بکەیتەوە موتالایە....**
**وەرە سوار مەڕۆ بەتەنێ...»**

***

لێرەدا ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر سەرنجمان رادەکێشێت ئەوەیە کە کچە لەو کاتە ناسکەشدا، ماچی پێ نادات و تەنانەت دواتریش کە خەم دایدەگرێت و دەچێتەوە پێش «سووکەڵە سوارەکەی خۆی...» دیسانیش ناچێتەوە ماچی پێ بدات، بەڵکوو دەچێت کۆمەڵێک مەرجی بۆ دادەنێت بۆ پێدانی ماچ و شەو راموسانێ. کە دەبینین یەکەم مەرجەکەی ئەوەیە لەو شەڕە بگەڕێتەوە ئینجا ئەو «... سینگی خۆی بۆ دەکات بە کاغەزێکی....»

زۆریان گوتووە و هەر دەشیڵێنەوە «لە پشت هەموو پیاوێکی سەرکەوتووەوە ئافرەتێکی مەزن هەیە» بەڵام کەمتر نموونەی خۆماڵیمان بۆ دەهێننەوە. لەم بەیتەدا ئەو دیاردەیە بە روونی بەرچاو دەکەوێت. لێرەدا ئافرەت ناڵێ «وەگەڕێ و مەچۆ شەڕێ، ئینجا ماچت دەدەمێ...» بەڵکوو بەجۆرێک لە جۆرەکان هانی دەدات و هیواداریش دەکات ئەگەر بگەڕێتەوە نەک هەر ماچێک بەڵکوو لە نیشتیمانی سەوزی جەستەیدا سەربەست و ئازادی دەکات. دیسان هەر لە زمانی ئەو ئافرەتەوە لە درێژەی بەیتەکەدا وێڕای ئەوەیکە ئافرەتەکە بۆی دەپاڕێتەوە کە تیری ئەجەل دوور بێت و هاوارێ دەباتە بەر


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



پیر و پیاوچاکان و بۆی دەپاڕێتەوە لە نەهامەتی بیپارێزن، هەر لەو کاتەشدا هانی دەدات کە دەبێ لە شەڕگەدا ئازا و نەترس و بەجەرگ بێت، ئەگینا کە باخی زەردە سێوان، بێبەریی دەکات. کەوابوو مەرجی ئەو ئازادکردنەی سوارۆ هەر ئەوە نییە بە سەلامەتی بگەڕێتەوە، بەڵکوو لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە پاڵەوانێتی بنوێنێت. کچە پێی دەڵێ:» ڕەبی سوارۆ ئەمن خەبەری مەرگی تۆم بۆ بێت نەک ئەوەی ببیستمەوە تۆ سەری لەشکرێ خۆت وەرگێڕاوە لەبەر هەزار و پێنجسەت سواران، نەکەی ئەمن خەجاڵەت و شەرمەزار بکەیتەوە لە نێو شەدەشل و خاڵ لەمل و ناسک و نازداران...»

لێرەدا خاڵێکی گرینگ و شاراوەی دیکەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە کچە، دیارە لەنێو کۆڕی دەستەخوشکانیدا زۆری تاریفاتی سوارۆ کردووە و وەک پاڵەوانێکی نەبەز بەوانی ناساندووە. هەربۆیە پێی خۆشە خەبەری مەرگی خۆشەویستەکەی ببیستێ بەڵام نەبێستێتەوە کە بەزیوە و ڕایکردووە ئەویش لەبەر چەند کەسان؟ لەبەر هەزار و پێنجسەت سوار!!


دیسان ڕۆڵی هاندەرانەی ئافرەت لێرەدا بەرجەستە دەبێتەوە.

ئەو قەول و بەڵێنانەی کە کچە بە سوارۆی دەدات لە رووی دەروونزانییەوە ئەگەر سەیری بکەین، دەبێتە هۆی پتەوترکردنی ورەی جەنگاوەرەکە. خۆ ئەگەر سوارۆ بەردەوام بەس لەبیری ئەوە دابێت کە خێرا بگەڕێتەوە بەشکم نازدار حەیران سینگ و مەمکی بۆ ئاوەڵا بکات، ئەوە لەوانەیە ئەوەندەی خەیاڵی لای شەوژوانێکی داهاتوو بێت، نیو ئەوەندە بیری لە لای جەنگاوەرانی لەشکرەکەی و هێزی دوژمنەکەی و شێوازەکانی شەڕ و پەلاماردان و سەرکەوتن نەبێت. هەر بۆیە مەرجی ئەو پێکگەیشتنە نەک تەنیا گەڕانەوە بەڵکوو سەرکەوتنی پڕ دەستکەوتە.

بە گشتی بەیتی سوارۆ یەکێکە لەو بەیتانەی کە هەتا ئێستاش هەر پیاوان دەیڵێنەوە و هیوادارم مامۆستایانی شارەزای بواری موزیک و گۆرانیی کوردی تەنیا وەکوو گەنجینەیەکی فۆلکلۆری سەیری ئەو بەیتە و باقی بەیت و حەیرانەکان نەکەن، بەڵکوو من وەک خۆم بە پێویستی دەزانم ئەو مامۆستایانە کاری لەسەر ئەوە بکەن، ئەوانە بگەڕێننەوە سەر دەراوی راستەقینەی خۆیان و ئەو بەشانە لە بەیت و حەیرانەکان کە دیارە لە زمانی ئافرەتانەوە گوتراون و دواتر پیاوان لێیان زەوت کردوونە، کارێک بکەن، کچانیان لێ هانبدەن سەرلەنوێ بیانڵێنەوە. بەڕای من ئەوەش بەشێکە لە داهێنان و زیندووکردنەوی رەسەنایەتی. دڵنیاش بن، ئەگەر کارێکی لەمجۆرە بکەن، مێژوو لە داهاتوودا لە لاپەڕەی زێڕینی خۆیدا ناویان بە نەمری و زیندوویی دەپارێزێت.

**ئەم وتارە لە سیمیناری هەڵسەنگاندنی گۆڤاری ژناندا خوێندراوەتەوە**

# وتەی بەڕێز ئەحمەد قادری لە سیمیناری هەڵسەنگاندنی گۆڤاری «ژنان»دا



ن: ئەحمەدی قادری

ئەمن کە یەکێک لە خوێنەرانی گۆڤاری ژنان بووم‌و ئێستاش هەم‌و بەراستی شتی لێ فێر بووم. بەر لەوەی بچمە سەر باسەکەم، پڕبەدڵ پیرۆزبایی‌و دەست خۆشی‌و ماندوونەبوونی بە نووسەران‌و بەرێوبەرانی ئەو گۆڤارە خۆشەویستە دەڵێم. لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا کە بێ پسانەوەو نێوبڕو، بێ دواکەوتنی لە کاتی دیاریکراوی خۆی چاپ‌و بڵاو کراوەتەوە، چ لە باری سیاسی، چ لە بواری فەرهەنگی‌و ئەدەبی‌و کۆمەڵایەتیدا، بە بۆچوونی من یەکێک لە گۆڤارە دەوڵەمەندو سەرکەوتووەکانی چاخی خۆی بووە.

هەروەها لە باری ئەدەبیات‌و زمانەوانی‌یەوە چەندی بلێی رەوان‌و خۆمانە بووەو، وشەی رەسەن‌و ساکاری زمانی شیرینی کوردی لە هەناوی خۆیدا کۆ کردوونەوە.

لە سەر یەک بەبێ وەبەرچاوگرتنی هێندێک هەڵەی چاپی‌و ئیملایی‌و جاروبارەش چەند وشەیەکی رەق‌و تەق کە بە کەمی‌یەوە بەرچاو دەکەون، بە دڵنیایی‌یەوە دەتوانم بڵێم زمانی حاڵی چینێکی زۆرلێکراو، هەرلەوکاتەشدا جەسوورو پێداگر لەسەر درێژەدان بە خەبات دژی چەوسانەوەی دوولایەنەو، تریبوونێک بووە بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو بۆچوونە پێشکەوتن‌خوازەکان کە بە تەواوی جێی خۆی کردۆتەوە.

هیوادارم لەمەودواش هەر لەسەر ئەو رەوتە لە دڵچەسپی بەردەوام بێ‌و، تا ئەوجێگایەی بۆی دەکرێ رەسەنایەتی‌و پاراویی ئەدەبیاتەکەی لەبەر چاو بێ.

سەبارەت بە تێکۆشانی چالاکی‌یەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ئەو دەساڵەدا دەتوانم بڵێم تا رادەیەکی بەرچاو بەرەوپێش هەنگاوی ناوە بەڵام دیسانیش وەک هەموو رێکخراوێکی دیکە بێ کەموکووڕی نەبووە. ئەوەش چەند هۆی جۆراوجۆری بووە کە سەرەکی‌ترینیان هێندێک پڕش‌وبڵاوی‌و چاولەدەستی بۆ حیزب بووە. هەر بۆیە بێ ئەوەی بچمە نێو وردەکاری‌یەکانیەوە، چەند پێشنیارێکم بۆ داهاتووی تێکۆشانی هەیە کە هیوادارم بە پێی توانا لەبەرچاو بگیرێن.

١_ پێویستە یەکیەتیی ژنان زۆرتر پشت بە هێزو توانای خۆی ببەستێ‌و، زیاتر پەرە بە چالاکیی خۆی بداو، توندوتۆڵتر لە جاران بەرەو لووتکەی سەرکەوتن هەنگاو بنێ.

٢_ مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنی هەر سازمان‌و رێکخراوێک پێگەیاندنی ئەندامەکانێتی کە لە یەکەم هەنگاودا خوێندەوارکردن‌و بردنەسەری ئاستی زانیاری‌یە. بۆیە پێویستە لەو بوارەدا یەکیەتیی ژنان هەنگاوی جیددی هەڵێنێتەوە.

٣_ پێکهێنانی دەورەی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی بۆ ئەندامان، بەتایبەت ئەندامانی بەرێوەبەری ئەرکی هەنووکەیی یەکیەتیی ژنانە.

٤_ کەڵکوەرگرتن لە تواناکان بۆ بردنەسەری ئاستی زانیاریی ئەندامەکانی زەرووری‌یە.

٥_ رێکخستن‌و پتەوکردنی ریزەکانی یەکیەتیی بۆ بەرەوپێش‌بردن‌و گەشەپێدانی زیاتری تەشکیلاتەکەی.

٦_هەوڵدانی زیاتر بۆ نێونەتەوەیی‌کردنی خەباتی ژنانی کوردستان‌و، گرێدانی ئەو بزووتنەوەیە لەگەڵ خەباتی سەرانسەریی ژنانی دنیا زامنی سەرکەوتنە.

٧_ هەوڵدانی زیاتر بۆ پێوەندی‌گرتن لەگەڵ ژنانی نێوخۆی ئێران‌و رۆژهەڵاتی کوردستان‌و، کەڵکوەرگرتن لە تواناکانیان بۆ رەگاژۆکردن‌و پەلوپۆهاویشتنی زیاتری ئەو خەباتە یەکێک لە ئەرکەکانی ئێستایە.

٨_ لەقاودانی زیاتری جینایەتەکانی رێژیم دەرهەق بە ژنان‌و، گەیاندنی دەنگی مەزڵوومییەت‌و غەدرلێکراویی ژنانی ئێران‌و کوردستان بە رێکخراوە مرۆڤ‌دۆستەکانی دنیای دەرەوە.

٩_ چالاکتربوونی ئەندامانی بەرێوەبەری لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکەی بۆیان دیاری دەکرێ‌و، لە هەموو ئەوانەش گرینگتر نیازپاکی لە حاندای، هاوفکری، بیروڕاگۆرینەوە لەگەڵ یەکتر بۆ بەرەوپێشبردن‌و گەشەپێدانی یەکیەتی‌و باوەربەخۆبوونیانە.

**رۆژی لەکۆیلەتی راسان**

**جەژنە رۆژی هاوپێوەندی ژنانە**
**جەژنە رۆژی لەکۆیلەتی راسانە**
**ژنان رەمزی بەختەوەری ژیانن**
**سیمای گەشی خەبات‌و تێکۆشانن**
**چاوی گەشن، هیوای بەرزی مرۆڤن**
**هۆی سەرەکیی بوون‌و ژیان‌و مانن**
**جەژنە رۆژی هاوپێوەندیی ژنانە**
**جەژنە رۆژی لە کۆیلەتی راسانە**
**نیوەی گەلن، خاوەن مێژووی خەباتن**
**تووشی سەدان رووداوو کارەساتن**
**خاوەن بەشن بەڵام بێبەش لە مافن**
**چاوەروانی رۆژی روونی نەجاتن**
**جەژنە رۆژی هاوپێوەندیی ژنانە**
**جەژنە رۆژی لە کۆیلەتی راسانە**
**ئێمە دەنگی ژنانی کوردستانین**
**داواکاری بەختەوەری‌و یەکسانیین**
**دەبڕین نشێوو هەورازو گەوەی ژین**
**هاوخەباتی ژنانی گشت جیهانین**
**جەژنە رۆژی هاوپێوەندیی ژنانە**
**جەژنە رۆژی لە کۆیلەتی راسانە**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەندیخانەی ژنانو یاسا پێچەوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران



ن: شەونم هەمزەیی

بەندیخانەی ژنان شوێنێکی حکوومەتی‌یە کە ژنان بە مەبەستی سزادان لە رووی یاساییەوە لە وێ بەند دەکرێن. ئێستا لە سەرانسەری جیهاندا پتر لە ٥٠٠ هەزار ژنی بەندکراو بە تاوانگەلی جۆراوجور لە بەندیخانە دان. رێژەی ژنانی زیندانی لە جیهان بە نیسبەت پیاوان زۆر کەمترە چونکە ژنان کەمتر لە پیاوان تووشی تاوانی جنایی دەبنو زۆرتر بەهۆی تاوانی کۆمەڵایەتیو بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان دەخرێنە بەندیخانە. رێژەی ژنانی بەندکراو لە ئێراندا،٣/٥ لە سەدی سەرجەم بەندکراوانی ئێرانە. ئێران لە نێوان ١٨٣ وڵاتدا لە بواری رادەی ژنانی بەندکراودا، پلەی ٨٨ی هەیە. بەڵام بەداخەوە ژنانی بەندکراو لە ئێراندا لە زۆربەی ئەومافانەی لە یاسای نێونەتەوەییدا بۆ ژنانی بەندکراو لە بەرچاو گیراون بێ بەشن.

بە پێی بریاری رێکخراوی لێبووردنی نێو دەوڵەتی، ناوی بەندیخانە گۆڕدراوە بۆ دەزگای چاکسازیو راهێنانەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بەندیخانەی ژنان گۆڕدرا بۆ دەزگای چاکسازیو راهێنانەوەی کۆمەڵایەتیی ژنان، مەبەست لەوەش ئەوە بوو کە بەندکراوەکان کێشەکانیان چارەسەر بکرێنو پەیوەستی کومەڵگە ببنەوە.

بە مەبەستی باشتربوونی بارودۆخی ژنانی بەندکراو لە دەزگای چاکسازیو راهێنانەوە، بریاری ئەنجومەنی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (١٩٧٠)دا، هەروەها راگەیەندراوی بنەما سەرەکی‌یەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە هەڵسوکەوتی گونجاو لەگەڵ ژنانی بەندکراودا، پەسەندکراوی ساڵی (١٩٩٠)، جارنامەی گەردوونیی مافی مروڤ کۆمەڵێک خاڵی تایبەتیی بۆ پاراستنی مافی ژنان لە دەزگای چاکسازیو راهێنانەوەی ژناندا لە خۆ گرتوە کە لەم وتارەدا ئاماژە بە بەشیک لەوانە دەکرێتو لەئاکامدا یاسا پێچەوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە پشتگوێخستنی مافەکانی ژناندا دێنە بەرباس.

گرینگترین خاڵە پەسندکراوەکانو بەڵگە نێونەتەوەیی‌یەکان بریتین لە :

١_ پێویستە دەزگای چاکسازیو راهێنانەوەی ژنان یان بەندیخانەی ژنان سەربەخۆ بێ واتە رەگەزی نێرو مێ لە یەک بنکەی چاکسازیدا نەبن.

٢_ بە پێی یەکێکی دیکە لە برگەکانی نابێ بە هیچ شێوەیەک کارمەندانی دەزگای چاکسازیی ژنان لە رەگەزی نێر بن بە تایبەتی کارمەندە گرینگەکان وەکوو بەڕێوەبەر، یاریدەدەری کۆمەڵایەتی، پزیشک، ئەفسەر، پاسەوان، هتد.

٣_ پێویستە ژنانی بەندکراو بە پێی تەمەنو جۆری سزاکانیان بەسەر ژووری جیاوازدا دابەش بکرێن.

٤_ لە رەوشی زۆر ئاساییدا نەبێ، نابێ ژنی سکپڕ(دووگیان) بخرێتە بەندیخانەوە. ئەگەر دەسبەسەریش کرا ئەوا نابێ هیچ توندوتیژی‌یەکی بەرامبەر ئەنجام بدرێو سەرجەم پێداویستی‌یە تەندروستیو دەروونی‌یەکانی بۆ دابین بکرێن، و لە گشت حاڵەتەکاندا نابێ بەندیخانە وەک شوێنی لە دایکبوونی ئەم منداڵە لە بەڵگەی فەرمیدا تۆمار بکرێ.

٥-دوای ئەوەی منداڵێک لە بەندیخانە لە دایک دەبێ بە پێی دەستووری هەندێک وڵات بە درێژیی ماوەی سزاکەی دایکی لەگەڵ ئەودا دەمێنێتەوە، بەڵام هەندێک لە وڵاتانی دیکە پاش(٩) مانگ منداڵەکە لە دایکی وەردەگرنەوەو رەوانەی شوێنی بەخێوکردنی منداڵان دەکرێ، کە دایکەکە رۆژانە مافی هەبێ چاوی بە منداڵەکەی بکەوێ، واتە ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکە دەکەوێتە ئەستۆی حکوومەت.

٦- پێویستە خزمەتگوزاریی تەندروستی پێشکەش بە ژنانی بەندکراو بکرێ. ژنانی بەندکراو لە هەموو کەسێک زیاتر پێویستی‌یان بە چاودێریی پزیشکی هەیە، چونکە لە نێو دەزگای چاکسازیو راهێنانەوەدا بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی ترسناکو کوشندە هەڕەشە لە ژیانی بەندکراوەکان دەکا .

٧- پێویستە لەسەر دەزگای چاکسازیی ژنان ژووری تایبەت بۆ ئەو ژنانە دابین بکا کە گیرۆدەی ماددە هۆشبەرەکان بوونو بە هیچ شێوەیەک نابێ ئەم ژنانە لەگەڵ بەندکراوەکانی دیکە تێکەڵ بکرێن.

٨- پێویستە دەزگای چاکسازیو راهێنانەوەی ژنان بە مەبەستی فێرکردنی ئیشوکاری جیاواز بەردەوام خولی پیشەیی بۆ ئەم ژنانە دابین بکا.

٩- زۆر جار هەندێک لە ژنانی بەندکراوتەنانەت دوای تەواوبوونی ماوەی سزاکەشیان لە ترسی رووبەروبوونەوە لەگەڵ هەندێک کێشەی کۆمەڵایەتیی خێزانەکەی یاخود کۆمەڵگا ناچنە دەرەوەی دەزگاکە، هەربۆیە پێویستە ناوەندێک وەک ماڵێکی دووەم بۆ ئەم ژنانە بکرێتەوە بەجۆرێک کە دوای رزگاربوون لە دەزگای چاکسازیو راهێنانەوە لە سەرجەم کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان بیانپارێزن.

ئەوخاڵانەی لە سەرەوە باس کران تایبەت بە دەزگای چاکسازیو راهێناوەی ژنان بوون. پێویستە ئەم خاڵانە بە گشت بنەماو پرەنسیپەکانەوە پەیرەو بکرێن. بەڵام بەداخەوە تا ئێستا لە زۆر وڵاتانی جیهان بە تایبەت وڵاتانی رۆژهەڵات بەشێکی زۆری ئەم خاڵانەیان پێشێل کردوە. ئێرانیش وەکوو یەکێک لە وڵاتانی رۆژهەڵاتو خاوەن یاسای دواکەوتوو، بە پێچەوانەی یاساکانی مافی مرۆڤو بە شێوەیەکی بەرچاو ئەو پێشێلکاری‌یانە لە یاساکانیدا رەچاو دەکاو بە خراپترین شێوە رووبەرووی بەندکراوەکان دەبێتەوە. لەم بەینەدا ژنان بە هەموو شێوەیەک نەدەب قوربانیی ئەو یاسایانەی کۆماری ئیسلامی.

لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەبینین کە رۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لە لایەن رێژیمەوە دەست بەسەر دەکرێنو لەو نیوەدا ژنانیش لەو بازنەیە بەدەرنین. ژنان لە ئێران بە پێچەوانەی زۆربەی وڵاتانی جیهان بە تاوانی سیاسیو پێوەندیی جینسی لەگەڵ رەگەزی بەرانبەر دەسبەسەرو رەوانەی بەندیخانە دەکرێن بەڵام ئەوەی لێرەدا جیگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەو ژنانەی دەکەونە نێو بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی رەفتار کردن لەگەڵیاندا تەواو پێچەوانەی ئەو پرەنسیپو یاسا نێو نەتەوەیی‌یانەیە کە بۆ پاراستنی مافەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ژنان لە بەندیخانەکاندا لەبەرچاو گیراون .

لە کۆماری ئیسلامیدا دەبینین کە بەندیخانەی تایبەت بە ژنان نیە، بە واتایەکی دیکە بەندیخانەی ژنان بەشێکە لە بەندیخانەی گشتی کە پیاوانیشی تێدا رادەگرن. لە زۆربەی شوێنەکاندا بەرێوبەران‌و نێگابانانی بەندیخانەکانیش پیاون. لە بواری پێداوێستیی پزیشکی‌و پێڕاگەێشتنی رۆحی‌و جەستەیی‌یەوە باردوخی ژنان لە بەندیخانەکانی ئێران زۆر نالەبارە.

لە بەندیخانەکانی ئێراندا پێشێلکردنی مافی ژنانی بەندکراو لە رادە بەدەرە، بە تایبەت ئەو ژنانە کە بە تاوانی سیاسی دەستبەسەر دەکرێن، جگە لەوەی لە هەموو مافەکانی زیندانی‌یەکی سیاسی بێبەشن‌و لەگەڵ بەندکراوانی دیکە لە یەک شوێن رادەگیرێن، تەنانەت تووشی ئازارو ئەشکەنجەی جەستەیی‌و دەروونییش دەبنەوە.

یەکێکی دیکە لەو ئەشکەنجانەی کە لەبەندیخانەکاندا ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە، دەستدرێژیی جنسی‌یە، کە کاریگەریی خراپ لەسەر لایەنی دەروونیی ژنان دادەنێ. بە پێی راپۆرتی «کەمپەینی نێونەتەوەیی بەرگری لە بەندکراوانی سیاسی لە ئێران» زۆربەی زیندانی‌یانی سیاسیی ژن کە ساڵی ١٣٦٧ ئیعدام کراون، پێش ئێعدام کردنیان لەلایەن پاسدارانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە دەستدرێژیی سێکسی یان کراوەتە سەر. زۆر جار ئەو ژنانەی دەکەونە نێو بەندیخانەوە پاش کۆتایی‌هاتنی ماوەی سزاکەیان، بە هۆی روانینی خراپی خەڵک، هەوڵ دەدەن خۆیان لە کۆمەڵگاکەیان بە دوور بگرن، کە ئەمە کاریگەریی خراپ لەسەر لایەنی دەروونیی ژنان دادەنێ‌و زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوە کە بۆ ڕزگاربوون لە داب‌و نەریتەکانی کۆمەڵگا پەنا بۆ خۆکوشتن‌و هەڵاتن‌و هتد... ببەن.

جگە لە هەموو ئەو شتانەی باس کران، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدەن ئەو ژنانە بۆ مەبەستی سیاسیی خۆیان بە کار بهێنن‌و تێکەڵ بە کاری ئیتیلاعاتیی خۆیانیان دەکەن‌و بە شێوەیەکی وەها کاریگەری لەسەر ژیانیان دادەنێن کە ناچار بن ملکەچی هەموو داواکاری‌یەکانیان بن.

یەکێکی دیکە لەو خاڵانەی لە بەندیخانەکانی وڵاتانی رۆژهەڵات‌و بە تایبەتی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا لە بەرچاو ناگیرێن، دیاردەی ژنانی دووگیانە کە زۆر جار هەواڵی گیان لەدەستدانی خۆیان یان منداڵەکانیان لە نێو بەندیخانەکاندا دەبیسترێ کە بە هیچ شێوەیەک پاراستنی تەندروستی‌یان لەبەرچاو نەگیراوە.

سەرەڕای ئەمانە دەتوانین هەر لە باسی بەندیخانانەی کۆماری ئیسلامیدا ئاماژە بە دیاردەیەکی دیکەی زۆر بڵاو بکەین ئەویش تووشبووانی مادده هۆشبەرەکانن کە بە پێی هەر یاسایەکی نێودەوڵەتی پێویستە تووشبووان شوێنی تایبەت بە خۆیان هەبێ‌و تێکەڵ بە کەسانی دیکە نەکرێن‌و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی چارەسەرکردنیان بدرێ.

بەڵام لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا تەواو بەپێچەوانەی ئەوە، خۆیان ڕێگە خۆشکەرن بۆ تووشبوونی گەنجەکان بەم دیاردەیە.

ئەمانەی باس کران هەندێک لە یاسا پێچەوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون کە رۆژانە لە بەندیخانەکاندا رووبەڕووی ژمارەیەکی زۆر لە ژنان دەبنەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنان و میدیا



ن: نەرمین عوسمان

لەگەڵ رەوتی تازەی جیهانگیریو شۆڕشی مەزنی تەکنەلۆژیای راگەیاندنو پەیدابوونی شێوازە جۆراوجۆرەکانی میدیای ببینینو بیستنو خوێندنەوەو کاریگەرییان لەسەر راو کولتووری کۆمەڵگەو رەنگدانەوەی لە دروستبوونی چەمکی تازەو کاریگەر لەسەر بیرو هۆشی تاک، بابەتی شوێنپێی ژنان لەم دەزگایانەدا بۆتە بەشێکی گرنگ لە باسەکانی کۆمەڵو بەتایبەتییش ژنان.

ناتوانین بەهیچ جۆرێک کاریگەریی ئەم ئامرازە دووفاقە لەسەر ژن پشتگوێبخەین، لەبەر ئەوەی فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ گەشەی رەوشو توانای ژنانو جێگیرکردنی مافەکانیانو گەشەپێدانیان لە نێو کۆمەڵگەی مەدەنیدا. هەر بۆیە لە کۆنگرەی (بێجین) لە ساڵی ١٩٩٥دا جەختکرایە سەر رۆڵی میدیاکان بۆ بەکارهێنانی بە شێوەیەکی راستو دروست بۆ چەسپاندنی مافە مرۆییەکانی ژنانو کەمکردنەوەی توندوتیژیو هەژاری لە ئاستیانداو بایەخدان بە پەروەردەو تەندروستییان. ئەگەر باس لە میدیاکان بە گشتیو کوردی بە تایبەتی بکەین، ئەتوانین بڵێین کە تاکوو ئێستا نەیانتوانیوە پێویستییەکانی ژنان بخەنە رووو هەندێکیان هیچ شتێک دەربارەی ژنان پەخش ناکەنو ستراتیژییەکی روونو ئاشکرایان نیە لە چۆنیەتیی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کاروباری ژنانداو بە پێچەوانەوە هەشیانە بەمەبەست لەو ڕووەوە رۆڵیکی دواکەوتوانەیان گرتوەتە بەر. لەم ڕوانگەیەوە پێویست دەکا میدیاکان:

١_ رووی گەشو پۆزەتیڤی عەقڵانیی ژنان بخەنەڕوو.

٢ _ هەوڵ بدەن رای کۆمەڵ لەسەر ژنان بگۆڕنو نەریتی خراپی پیاوسالاری بگۆرن. بە بیری یەکترقبوڵکردن.

٣_ کاربکەن لەسەر بایەخدان بە کەمکردنەوەی توندوتیژیو بەرەوپێشبردنی لایەنی پەروەردەو تەندروستیو یەکسانیی کۆمەڵایەتی.

٤_ رێژەی ژنان لە میدیاکان زیاد بکرێو خولی تایبەتییان بۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی داکۆکی لە مافەکانی خۆیان بکەنو لە ناوەندەکانی بڕیاردا بەشداربنو لە هەمان کاتدا کاریگەرییان لەسەر سیاسەتو بەرنامەکانی کەناڵەکانی میدیا هەبێ.

٥_ پانتاییو کوالیتیی بەرنامەکانی ژنان زیاد بکرێو بەرنامەکان دەوڵەمەند بکرێن بە لێکۆڵینەوەی پێشوەخت لەسەر تەوەرە مەبەستەکان تا بە پێچەوانەوە خستنەرووی مەبەستەکان بەزەرەر نەگەرێتەوە لەسەر ژنان.

٥_ پەیوەندیو هەمەهانگی لە نێوان جۆرەکانی میدیادا هەبێ بەمەبەستی سیاسەتێکی زانستیو بابەتی کە بتوانێ کاریگەر بێ بۆ گۆڕانکارییە بنەرەتییەکان لە ئاست ژنان‌دا لە رووی فیکریو سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە. دەبێ ئەوە بەهەند وەرگیرێ کە بەرنامەکان بەو ئاراستەیە بن کە ریگایەکی روون لە خۆ بگرن بۆ کاریگەری لەسەر مەدەنیەت کاربکەن. بەشێکی زۆر لە بەرنامەکانی کەناڵە ئاسمانییەکانو بەتایبەتی تەلەڤزیۆنە بازرگانییەکان، هێندەی تیشک دەخەنە سەر لایەنی روخسارو جوانکاریو جەستەو تەنانەت نانخواردنی ژنان ئەوەندە بایەخ بە خەمەکانی ژنان نادەنو تەنانەت ئەو بابەتە سەرەکییانە کە پێویستە لەسەر ژن بوترێن وەک مرۆڤێکو وەک هاونیشتمانێک لە نێو کۆمەڵدا فەرامۆش کراوە، ئەوان زیاتر بایەخ بە لایەنی نمایشکردنی ژنان دەدەنو بەمەش زەرەرێکی زۆریان لێئەدەنو هیچ گۆڕانکارییەک لە باوەڕەکانی کۆمەڵگەدا بەرامبەر بە ژن ناکەن. هەربەو ئەندازەیە لە تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا رەوشی پیاو سالاری زاڵەو بابەتەکانی پەیوەست بە (یەکسانیو ژیانی هاوبەشی ژنو پیاو) لەخۆناگرێو



گۆڕانکارییە پیویستەکانی نێو کۆمەڵ، چونکە لە ئێستادا هەست ناکرێ روانگەیەکی ستراتیژیی هاوبەش لەو رووەوە هەبێ. دەرخستنی روخسارە جوانکارییەکانی ژن لە میدیاکان دەگەڕێتەوە بۆ چەند رەهەندێکی تێکەڵ، لە پێش هەمووشیانەوە دیدی کۆمەڵ بۆ ژنان کە بە چاوی یەکسان لەگەڵ پیاودا تەماشای ناکرێ بەڵکوو بە چاویلکەی جوانیی بوونەوەرێک تەماشای دەکرێ، بۆیە ئەو رەوشە پێویستیی بە فرە چارەسەرکردن هەیەو پێویستە میدیاکان لە گەیاندنی باوەڕەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کاریگەربنو لێرەش دا دەبێ میدیاکان خۆیان بە پرەنسیپەکانی هیچ ئاراستەیەکی زانستی لەو رووەوە نیە، لێرەدا ڕەنگە ژنان خۆشیان بەشداریی کەمیان هەبێ بۆ دارشتنی سیاسەتێکی هۆشمەندانەی هەمەلایەنە کە لەسەر ئەو میدیایە کاریگەربێو وەک دەزانین گەنجانێکی زۆر روو دەکەنە ماڵپەرەکان. بۆیە پێویستە ژنان باشتر رابهێنرێنو خولی بەردەوامیان بۆ بکرێتەوە تا بتوانن مامەڵەی زانستی لەگەڵ تۆرەکانی ئینتەرنێت بکەنو بە بەرنامەیەکی ستراتیژیی زانستی دەتوانن کاریگەرتر بنو کاریش بکەنە سەر ئاراستەکانی میدیاو کۆمەڵ بە گشتی.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هەژار بابان سەنووسەری ڕۆژنامەی چەرمو

# لەم دیمانەیەدا باس لە ڕۆڵی ژنان لە مەیدانی کارو کۆمەڵگەی کوردیدا دەکا

هەڤپەیڤین: مەندانە حەبیب زادە

**هەژاربابان (هەژار وەهاب عوسمان) ساڵی ١٩٨٢ لەکەرکوک لەدایک بووە. ساڵی ٢٠٠٢ پەیمانگای ڕۆژنامەنووسیی تەواو کردوە.**
**لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە کاری ڕۆژنامەنووسی دەکا. دەستەی بۆردی ڕێکخراوی(CSI) سەرنوسەری ڕۆژنامەی (چەرمو)**



**پ: کاک هەژار بابان بە سەرنجدان بەوە کە ژنی کورد لە زۆر لە قۆناغەکاندا بە بەردەوامی سەرکوت کراوەو تەنانەت لە هەندێ بڕگەی زەمەنیدا وەک مروڤی پلە دوو سەیری کراوەو خراوەتە پەراویزەوە، ئێوە وەک ڕۆژنامەنووسێک کە لە نزیکەوە ئاگاداری رەوشو ڕۆڵی ژنان لە مەیدانی کاردان، پێتان وایە ژنی کورد تا چەندە لەم بوارەدا چۆتە پێش؟**

و: من پێم وایە ژنی کورد هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە خۆی پێش بخاتو بچووکترین دەرفەتیشی هەبووبێ خۆی پێش خستوەو داهێنانی کردوەو ویستوویەتی وەک ژنانی دیکەی جیهان لەچالاکی‌یەکانی ژیاندا بەشدار بێ، بەڵام وەک بەڕێزتان دەڵێن: هەمێشە سەرکوت کراوە. ئەوەش وای‌کردوە ژنی کورد دەرفەتی لەبەردەمدا نەمێنێو لەنێوان چواردیواری بەستراودا ژیان بکات، کە ئەوەش جێگەی نیگەرانی‌یەو بووەتە هۆکاری دواخستنی کۆمەڵگای کوردی. جگەلەمەش ژنی کورد لەمێژوودا بەردەوام دووجار چەوسێندراوەتەوە جارێک وەک ژنو جارێکیش وەک کورد، ئەمەش کاریگەریی زۆرخەراپی لەسەرباری دەروونیی ژن هەبووەو هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆئەوەی ژن نەتوانێ هیچ داهێنانێکو خۆدەرخستنێکی هەبێ. من پێم‌وایە ژنی کورد هاورێ لەگەڵ دەستەخوشکە ڕۆژهەڵاتی‌یەکانیدا مەبەستم جیهانی ڕۆژهەڵاتە بوونەتە قوربانیی کولتورێک کە هەرسەردەمەی بەجۆرێک بەسەریاندا سەپێندراوەو تاهاتووشە خەراپتر بووە،

ئەگەر ئێمە چاوێک لە مێژوو بکەین دەبینین ژنی کورد لە هەرشوێنێکدا، لە هەرکاتێکدا دەرفەتێکی زۆر کەمی بۆڕەخسابێ توانیوێتی داهێنانێکی زۆر گەورە بکا، مێژووی کورد پڕە لەو ژنانە کەخۆیان لە قەرەی کارێک داوە کە هەرگیز پیاو بۆی نەکراوە. ئەوەتا مەستوورەی کوردستانی لە میرنشینی ئەردەڵان یەکەم ژنە مێژوونوسی ناوچەکەیە کە لەو سەردەمەدا توانێویتی ڕووداوەکان تۆماربکاو لە کێتبێکدا بیان‌نووسێتەوەو ببێتەبەشێکی زیندووی مێژوو کە پیاو نەی‌توانیوە ئەوە بکا. خۆ کتێبەکەی مەستوورە تەنیا سەرچاوەی مێژوویی حەقیقەتی ئەو سەردەمەیە، لە کاتێکدا مەستوورە ژنەو پیاوە هاوتەمەنەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەیانتوانیوە ئەوشاکارە بخوڵقێنن. ئایا مەستوورە دەرفەتی هەبووایە دەیتوانی چیتربکا؟ جگەلەمەش ئەگەر ئێمە سەیری مێژووی باشوور بکەین دەبینین لە ناوچەی چەمچەماڵ کچی حەسەن کەنۆشەن وەک لە شێعرەکانی شێخ رەزای تاڵەبانیدا ناوی هاتوە بە شێعری هەجو شەڕە شێعری لەگەڵ شێخ رەزای تاڵەبانیدا کردوە کە هەرگیز لە ناوچەکەدا شتی هاوشێوە نەبووە. هەربۆیە ژنی کورد سەرەڕای سەرکوتکردن جووڵەیەکی هەبووە بەڵام هەمیشە کولتوورلە باری بردوە، سەبارەت بەوەش کە تا چەند چووەتە پێش من بۆخۆم بۆچوونێکی تایبەتم هەیە، پێموایە لە ئێستادا دنیا بەگشتی گۆڕاوە. ئەوەی هەشە پێی ناوترێ چوونەپێشەوەی بارودۆخی ژنان. بەپێچەوانەوە ئێستا بارودۆخی ژنی کورد ئەگەر بەوردی لێکی بدەینەوە لەجاران خەراپترە. چونکە ژمارەی ئەوژنانەی رۆژانە توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێ تادێ زیاد دەکا. ئەوژنانەی لەسەرمەسەلەی شەرەف دەکوژرێن تادێ ژمارەیان زیاد دەکا، ژنی وا هەیە لەسەر پەیامێکی مۆبایل کوژراوە کە بەهەڵە بۆی نێردراوە، لەساڵی ٢٠١١دا تەنیا لە کەرکووک(١٤) ژن خۆیان کوشتوە کە هەمووی پەیوەندی بەتوندوتیژییەوە هەبووە. ئەوەش زۆرجێگەی نیگەرانییەو من پێموایە ئەگەر بەمشێوەیەی ئێستا کارکردن لەسەر رەوشی ژنان بەردەوام بێ ئەوا بارودۆخی ژن لە کوردستاندا زۆر ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوەو دەکەوێتە بەردەم کارەساتێکی گەورەوە.

**پ: داخوا زەینیەتی پیاوی کورد سەبارەت بەو ژنانەی لە دەرەوەی ماڵەوە سەرقاڵی کار کردنن، بە کردەوە گۆڕاوە یان ئەوە ڕێساو یاساکانی جێگیربووە کە پاشەکشەی بەوان کردوە، بەو هۆیە کە بیروکەیەک هەیە دەڵێ پیاوان، بوونی ژنان لە گۆڕەپانی کارکردندا بە هەڕەشەیەک بۆ سەر جێگەو پێگەی خۆیان دەزانن؟**

و: لەکۆمەڵگای ئێمەدا کێشەی گەورە ئەوەیە هەموو تاکێک ڕێگە بەخۆی دەدا ئازادیی ئەوی دیکە پێشێل بکا. ئەمە کارەساتە گەورەکەیە، زۆرجار ژنو مێردێک لەسەر دارشتنی ژیانی خۆیان ڕێک دەکەونو هەردوولا کۆکن لەسەرئەوەی خۆیان چۆنیان مەبەستە وابکەن. بەڵام لەلایەکی دیکەوە کەسوکارو نزیکەکانیان سنووری خۆیان دەبەزێننو دەست دەخەنە کاروباری ئەوانی ترەوە ئەوەش وا دەکا ئەو ژنو مێردە رەوشی ژیانیان تێک بچێتو نەتوانن پابەندی ئەو ڕێکەوتنە بن کە لەبارەی ئایندەی خۆیانەوە لەسەری ڕێککەوتوون. بۆخۆی سەرەتای کێشەکە لێرەوەیەو بەهەموو جۆرێک بە زیانی ژنەکە دەشکێتەوە، چونکە هەمیشە پیاو

> **پیاو هەمیشە وەک رەگەزی نێر کە زیاتر شەڕانییە مافی ژن دەخواتو غەدری لێدەکا، بەڵام بەپێی واقیعو شوێن دەگۆڕێ. بۆنموونە ژنانی رۆژئاوا کەمترین توندوتیژییان رووبەڕوو دەبێتەوە وەک لە ژنانی رۆژهەڵات. ئەمە مانای وایە ژنان لای ئێمە لەکارەساتێکی گەورەتردانو شتێک نیە ناوی وەکیەکی لەمەیدانی کارکردندا لە نێوان ژنو پیاودا بێ**

دەتوانێ لەوکارانەدا کۆڵ بەژن بداتو ئیرادەی خۆی بەسەریدا بسەپێنێ.

من وای دەبینم پیاو لەکۆمەڵگەی ئێمەدا چونەدەرەوەی ژن بە هەڕەشە لەسەر پێگەی خۆی نازانێ، بەڵکوو لای پیاوی ئێمە شتێک نیە ناوی چونەدەرەوەی ژن بێ، شتێک نیە ناوی کارکردنی ژن بێ، شتێک نیە ناوی ئازادیی ژن بێ. ئەمەش چەندین هۆکاری هەیە کە بەداخەوە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بوونی کوێرەوەریو دەردەسەریی کۆمەڵگاکەمان هەیەو بۆتە هۆکاری وێرانکردنی هەزارن ماڵو سەرگەردانکردنی هەزاران ئینسان. خۆ لەم کارەدا پیاویش سەرگەردانەو پیاویش قوربانییە. ئەوە کولتوورێکی سەقەتە ئەو پیاوەی بەرهەم هێناوە، ئەوە بوونی پێشێلکردنی ئازادیی تاکە لەلای ئەوانی تر ئەو جۆرەی لە پیاو بەرهەم هێناوە کە ناچارە دوژمنایەتییەکی گەورە لەگەڵ هاوسەرەکەی خۆیدا بکا، تەنیا لە پێناو ڕێگەگرتن لە دروستبوونی پەڵەیەک لە ناوبانگیدا، ئازادیی ژن لای ئێمە بەجۆرێکی تر لێک دراوەتەوە، پیاوانی ئایینیی ئێمە دەستێکی خەراپو دوژمنانەیان لە دروستکردنو سەپاندنی ئەو کولتورەدا هەیەو هەبووە، پیاوی ئایینیی ئێمە بەداخەوە بەشێکیان تا ئێستاش کارکردنی ژنان بەحەرام دەزانن، تائێستاش پەیامێک بەگوێی پیاودا دەدەن کە هاتنەدەرەوەی ژنان عەیبەیەکی مەزنەو لەدین دەرچوونە. دیارە کەسانێکیشمان هەن دەیانەوێ کاری باش بکەنو هەموو ئەوسەقەتییەی لەبنەڕەتی پەروەردەیی ئێمەدا هەیە چاکی بکەنەوە. بەڵام ئەو جۆرەکەسانە بە پەنجەکانی دەست ئەژمێردرێن، بەکورتی من پێموایە هۆکاری ڕێگەگرتن لە هاتنەدەرەوەی ژنان پرسێکە پیاویش تێیدا بۆتە قوربانی. چونکە ئەوە ئیرادەی خۆی نیە ئەو کارەی پێدەکا، بەڵکوو ئەوە کولتوورێکە سەپێندراوەو پێویستیی بەشکاندن هەیە. پێویستە لەوڵاتی ئێمەدا مرۆڤ لەدەستی کۆتو بەندی کولتوور ئازاد بکرێو پیاویش بۆخۆی ئەوکات لەدەست کۆمەڵێک سەرئێشەو دەردی سەری رزگاری دەبێ، ئەوکات ئەویش واتە پیاو دەتوانێ وەک مرۆڤ بژیەو واز لەو دوژمنایەتی لەگەڵ هاوسەرو کچو خوشکەکانیدا بهێنێ، لەوڵاتی ئێمەدا پیاو هەرکە کچەکەی گەیشتە تەمەنی (١٢)ساڵ ئیتر دوژمنایەتی لەنێوانیاندا دەست پێدەکاو هیچ مانایەک بۆکچو باوکێتی لە نێوانیاندا نامێنێ، هەرچی سۆزو خۆشەویستیی کچو باوکێتی هەیە دەگۆڕدرێ بۆئەوەی باوک چاودێریی کچ بکا کەچی ئەکاو چی ناکاو چی لەبەردەکاو بۆکوێ دەچێ. ئەوەش بۆخۆی دوژمنایەتییەکی تەواوەو پیاویشی تێدا بۆتە قوربانی لە دوای کچو ژنەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پ: داخوا ژن‌و پیاوی کورد لە مەیدانی کاردا مافی وەک یەکیان هەیەو لەم بوارەدا هەر دووک رەگەز هەل‌و دەرفەتی وەک یەکیان بۆ رەخساوە؟**

و: بێگومان نەخێر، چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا وەک پێشتر باسمان کرد چوونە دەرەوەو کارکردنی ژنان لای زۆربەی پیاوان عەیبەو نەنگەو تاوانە. ئیتر لەکوێ وەک یەکی لەمەیدانی کارکردندا هەیە؟ من وای دەبینم لەسەر ئاستی جیهاندا شتێک نیە١٠٠٪ ناوی وەک یەکی لەنێوان ژن‌و پیاودا بێ، چونکە پیاو هەمیشە وەک رەگەزی نێر کە زیاتر شەڕانی‌یە مافی ژن دەخوات‌و غەدری لێدەکا، بەڵام بەپێی واقیع‌و شوێن دەگۆڕێ. بۆنموونە ژنانی رۆژئاوا کەمترین توندوتیژی‌یان رووبەڕوو دەبێتەوە وەک لە ژنانی رۆژهەڵات. ئەمە مانای وایە ژنان لای ئێمە لەکارەساتێکی گەورەتردان‌و شتێک نیە ناوی وەک‌یەکی لەمەیدانی کارکردندا لە نێوان ژن‌و پیاودا بێ، بەڵام ئەگەر دەرفەت برەخسێ ئەوا من پێم‌وایە ژن دەتوانێ هاوشێوەی پیاو داهێنان بکات‌و مێژووش ئەوەی سەلماندوە.

**پ: بەڕای جەنابتان ئەو کۆسپانەی دێنە سەر رێگای ئەو ژنانەی لە دەرەوە کاردەکەن کامانەن؟و رێکاری بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو کۆسپو تەنگوچەڵەمانە لەچیدا دەبینن؟**

و: پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، سەرەکیترین هۆکاری دروستبوونی کۆسپ لەبەردەم هاتنەدەرەوەو کۆسپ‌دروستکردن لەبەردەم ژناندا بوونی پێشێلکردنی ئازادیی یەکتری‌یە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا. هۆکارێکی تریش ئەوەیە عەقڵی کۆمەڵگاکە لەبارە بۆ ئەوەی دەستێک بێت‌و کار لەسەر سەرکوتکردنی ژنان بکاو بەزووییش قەبووڵی دەکا. هەرواش کراوە، کۆسپەکانی بەردەم ژنان لەکارکردندا ئەوەن کە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا تا ئێستا هیچ پێگەیەک بۆ ژن لە ئارادا نیە، لە کۆڕو مەجلیسی ئێمەدا دەرکەوتنی ژن عەیبە، قسەکردنی ژن عەیبە، دەستێوەردانی ژن عەیبە، بێگومان چوونە دەرەوەشی عەیبە، کارکردنیشی هەر بە عەیب ئەژمارکراوە. ئەمانە کارەساتەکەن، ئەمانە بوونەتە ڤایرۆسی کوشندەی نێو کۆمەڵگە، ئەمانە وایان کردوە ئەو ژنانەی بە جۆرێک لە جۆرەکان دەیانەوێ خۆیان دەربخەن بەچاوێکی ترەوە سەیر بکرێن. بەداخەوە زۆر بە داخەوە تەبیعەتی تاکی ئێمە وەهایە، پەڵەیەکی زۆر بچووکی ژن دەبینێ بەعەیبەو نەنگی دەزانێ، بەڵام خیانەتی گەورەی پیاوێک بە شوورەیی نازانێ. کۆمەڵگەی ئێمە پڕە لە پیاوی میللەت‌فرۆش‌و نیشتمان‌فرۆش‌و خۆفرۆش، بەڵام ئەوانە بە عەیبە نازانرێن، لە زۆر شوێنیش بە شانازی دادەنرێن، بەڵام ئەگەر پەڵەیەکی بچووک لە ژنێکدا هەبێ دەکرێتە بیانوویەکی گەورە بۆ ئەوەی توندوتیژیی بەرامبەر بکرێ. لەهەمان کاتدا پیاوی واشمان هەیە دەستی هەیە لە کوشتنی دەیان منداڵدا کەس باسی ناکا، دەستی لەوێرانکردنی دەیان ماڵدا هەبووە، لە بێ سەروشوێنکردنی دەیان گەنجی ئەم وڵاتەدا تێوەگلاوە. ئێستاش بە ئازادی دەسووڕێتەوە، خۆ ئەگەر ئێمە ژنی لەشفرۆشیشمان هەبێ بە دڵنیایی‌یەوە ئەو ژنە دەستی نەچۆتە تاوانی خیانەتێکی نیشتمانی‌یەوە، دەستی نەچۆتە خوێنی هیچ کەسێکەوە. بەڵام لە کۆمەڵگەدا بە نەفرەت کراوە. من مەبەستم باشیی کاری لەشفرۆشی نیە، بەڵکوو مەبەستم پۆلێنکردنێکی زۆرسەقەتە کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بۆشتەکان هەیە، هەموو ئەمانە رێگرو کۆسپی گەورەن لە بەردەم ژندا، سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی کۆسپەکانیش رێگە زۆرن بەڵام لای ئێمە نەگیراونەتە بەر. حکوومەت دەتوانێ بە دەرکردنی چەند یاسایەک ئەم کۆمەڵگایە قوتار بکاو کارێکی وا بکا ئەگەر ژن بە جۆرێک لە جۆرەکان رووبەڕووی توندوتیژی بۆوە بتوانێ بەسەریدا بازبداو حکوومەت پشتیوانێکی گەورەی بێ هاوشێوەی ئەوروپا. ئەوکات بارودۆخی ژنان تا رادەیەک باشتر دەبێ.

بەڵام حکوومەتیش کەمتەرخەمێکی گەورەیە لە جێبەجێکردنی یاساکاندا. خۆ ئێستا کۆمەڵێک یاسا هەن لەم وڵاتەدا بەڵام کاریان پێ ناکرێ. بۆنموونە ژنکوژەکان زۆر ئازادانە دەسووڕێنەوە.

هاوکات پێویستە رێکخراوەکانی ژنان فەلسەفەی کاری خۆیان بگۆڕن بە شێوەی ئێستا هەرگیز ناتوانرێ شتێک بۆژنان بکرێ، چونکە ئەوشێوازە کارکردنەی ئێستا تەنیا ژنی یاخی بەرهەم دەهێنێ‌و هیچی تر. پێویستە رێکخراوەکانی ژنان کار لەسەر پیاو بکەن‌و پیاو بگەیەننە قەناعەتێک باوەڕی بە ئازادیی ژن هەبێ. ئەوکات رێگەکە بەماوەیەکی کەمتر دەبڕدرێ، بەڵام بەم شێوازەی ئێستا کە دەیانەوێ هانی بدەن داوای مافی خۆی بکاو مێردەکەشی هیچ باوەڕی بەوەمەسەلەیە نیە لە کارەسات‌و کێشە زیاتر هیچی تری بەدواوە نیەو ئەو واقیعیەتە کە ئەمڕۆ ژنی کوردی تیایە باشترین شاهدی ئەو راستی‌یەیە.

**پ: ئێوە کە ژیانی هاوبەشتان پێکهێناوەو خۆشت‌و هاوسەرەکەشت لە دەرەوەی ماڵەوە کار دەکەن، داخوا ئەم مەسەلەیە، ئاستەنگ یان کێشەیەکی ئەوتۆی بۆ ساز کردوون کە زیان بە شیرازەی بنەماڵەییتان بگەیەنێ ؟**

و: پێم وایە ئەوە بەندە بەو ژینگەیەی ئەو کەسەی تیا ئەژێ، من بۆخۆم هیچ کێشەم لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا نیەو هیچ زیانێکی پێ‌نەگەیاندوین، بگرە زیاتر ژیانی خۆش کردووین.

**پ: وەک دوایین پرسیار، چی بەو ژنانە دەڵێی کە کاریان لە دەست دێ، بەڵام خۆیان لە چوار دیواری ماڵەوەدا بەند کردوە ؟**

و: من پێم‌وایە هەموو کەسێک ئازادە لەوەی لەماڵەوە دەمێنێتەوە یان دێتە دەرەوە، بەڵام شاردنەوەی بەهرەیەک لەهەربوارێکدا بۆخۆی تاوانێکە کە ئینسان بەرامبەرخۆی‌و کۆمەڵگاکەی دەیکاو هیوادرم کۆمەڵگای ئێمە بتوانێ رۆژێک واز لە تانەو تەشەر بهێنێ‌و تاکەکان ئازادیی یەکتر پێشێل نەکەن.

**کاک هەژار بابان سپاس بۆ بەشداریت لەم وتووێژەدا**

**سپاس بۆ ئێوەش**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لێدوانێک لەگەڵ دوو چالاکی دۆزی ژنان

هەڤپەیڤین: یەسنا

**ئەگەر بڕوانینە ئەو رێکخراوانەی کە بۆ دۆزی ژنان کار دەکەن. دەبینین کە لە واقیع دا ئەرکی رێکخراوەکانی ژنان لە یەکەم هەنگاودا رەخساندنی دەرفەت و بەستێنی لەبارە بۆ پێگەیاندنی ژنان و هۆشیار کردنەوە یان لەبەر ئەم تووندووتیژیانەی کە دەرحەقیان دەکرێت بەڵام بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵ و تێکۆشانی ژنانی رووناکبیر و ئازادیخواز پێویستە. لەم دیمانەیەدا لەگەڵ بەڕێزان شلێر حەسەن پوور و شلێر باپیری لە چالاکی دۆزی ژنان تیشک دەخەینە سەر رۆڵی رێکخراوەکانی ژنان و جیاوازیان لەگەڵ رێکخراوەکانی ژنان لە رۆژئاوادا.**

**پ: زۆرجار باس لە رۆڵی بزووتنەوەو رێکخراوەکانی ژنان دەکرێت، جەنابت رۆڵی ئەوان چۆن دەبینن لەرووبەڕبوونەوە بە پێشێلکاریەکانی دژی ژنان و ئەگەر بەراوردی نێوان رەوشی ژنان لەو یەک دوو ساڵە لەگەڵ ساڵانی پێشوو بکەین رەوشەکە چۆن دەبینن؟**



**شلێر حەسەن پوور:** سەرەتا سوپاستان دەکەم بۆ باس کردن لەسەر ئەو تەوەرە، کاتێک قسە لەسەر نەقش و رۆڵی ژنی کورد دەکەین ناکرێ بەکورتیش بێت ئاماژە بەخەبات و تێکۆشانی ژنان لە هەر چوارپارچەی کوردستان نەکەین، هەرچەندە هەڵوێستەکردن لەسەر تێکۆشانی ژنان و هەڵسەنگاندنی ئەو تەوەرە، پێوستی بە باسێکی دوور و درێژ هەیە کە لێرەدا ئەو دەفەتە نییە بەڵام ئاماژە کردن بەچەند خاڵێک گرنگە.

لەراستیدا رەوشی ژنانی باکوور لە پارچەکانی‌تر خراپتر بوو، چونکە لە بەشەکانی‌تری کوردستاندا مەجالی خۆپەروەردە کردن بۆ کاری سیاسی و رێکخراوەیی هەبووە، بەتایبەتی لە باشوور لە بیست ساڵی رابردوودا دەرفەتێکی زۆر هەبووە بۆ ئەوەی ژنان کاروچالاکی خۆیان بکەن.

سەرەکی ترین گرفتی ژنانی باکوور نکوڵی کردن لە کوردبونیان بووە، هەرچەند کەم یا زۆر هەر چوار پارچە لەو دۆخە دابوون. بێگومان کاتێک قسە کردن بەزمانی دایک یاساخ بێت مەجال و دەرفەت بۆکاریَ دیکە نامێنێتەوە. بەڵام شێرە ژنێکی وەک لەیلا زانا ئەو تابۆیە دەشکێنێ و هەرچەند ئەو هەنگاوەی زانا بوو بە هۆی راپێچ کردنی بۆ بەندیخانە بەڵام ئەو هەڵوێستەی زانا شۆرشێکی بەدوا داهات کە ئێستا ئاکامەکەی بە ئاشکرا دەبینین بۆ وێنە کۆبوونەوەکان و هاتنە سەر شەقامەکان لە دژی پێشێلکاریەکانی تورکیە بەرهەمی ئەو خەباتە نەپساوەیەیە.

ئەوەندەی من بزانم لە باشووری کوردستان رێکخراوە چەپەکان هاندەری سەرەکی بزووتنەوەی ژنان بوون. راپەرینی بەهاری ١٩٩١ و ئازاد بوونی ئەو بەشەی کوردستان، دەرفەتی کار و چالاکی بۆ رێکخراوەکانی ژنان زیاتر کرد. بەبڕوای من ژنان لە سەرەتای راپەرین زۆر چالاکتر بوون لە ئێستا هیوادارم ئەو بۆچوونەی من هەڵە بێ، بەڵام لە ئاست پێشێلکاریەکانی دژ بە ژنان بەشێک لەو ژنانە سستتر لە جاران دەبینم. ویدەچێ بەشێک لە ژنان کە لە دەسەڵات دان ئیتر گرنگی زۆر نەدەن بە پرسی ژنان.

بەڵام با بێمە سەرمێژووی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانی رۆژهەڵات، بزووتنەوەی ژنانی رۆژهەڵات لە ماوەی٣٣ ساڵی رابردوودا تا رادەیەک بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە و لە ماوەی کار و تێکۆشانیاندا گەلێک ئەزموونی جۆراوجۆری لە رابردووی خۆی وەرگرتووە هەر ئەو ئەزموونانەشی کردوونە هەوێنی کار بۆ داهاتوو. بەڵام ناکرێ نەکۆڵی لە کەم وکورییەکانیشیان بکرێ، ئەگەرچی دەستپێکی بزووتنەوەی ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەر وەک باشوور گرێدراوی خەباتی حیزبە سیاسیەکان بوو یا باشتر بڵێم حیزبە سیاسییەکان هاندەری سەرەکی بوون بۆ پێکهێنانی رێکخراوەکانی یەکیەتی ژنان و تارادەیەکیش ئەو رێکخراوانە لەژێر سەیتەرەی حیزبەکان کارو چالاکیان کردووە، بەڵام بە تێپەڕ بوونی زەمەن و زەروورەتی رۆژ، زۆر رێکخراوەی دیموکراتیک و فەرهەنگی و مەدەنی سەربەخۆ دامەزران کە بە بڕوای من زۆر شتێکی بەجێ و باش بوو و بێگومان بۆ لەناوبردنی نەریتی ناشیاو وەک کوشتنی ژنان، قەتڵە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناموسیەکان، داب و نەریتی دواکەوتووانە و بیرۆکەی خێڵەکی و پیاوسالارانە و هتد ...، پێک هاتنی ئەو ڕێکخراوانە لازم بوو بۆ بەگژداچوونەوە بەو هەموو زوڵمە کە دەرحەق بە ژنان دەکرێ و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان خەباتی هەمەلایانە پێویستە، بەڵام نابێ ئەو ڕاستیەش لەبیر بکەین کە زۆر بوونی ڕێکخراوەی ژنان دەبێتە هۆی پرش‌و بڵاوی و زۆر جار ئەو هێزوگوشارەی کە دەبێ ببێ نییە. زۆر ناچمەوە دواوە، بۆ وێنە من تەنها ئاماژە بە ڕووداوی ئەو دوایانەی بۆکان دەکەم.

لەگەڵ ئەودا کە زۆر ڕێکخراوەی ژنان هەیە بەڵام تەنها یەک دوو ڕێکخراوە بە دژی ئەو جینایەتە هەڵوێستان گرت. ڕووداوێک کە دەنگدانەوەی هەبوو و بەشی هەرە زۆری میدیا بەناوبانگەکان باسیان لەسەر کرد، ئێمە( مەبەستم ڕێکخراوکانی ژنانە) کەمتر گرنگیمان پێدا و مخابن کاتێک لە تەلەفزیۆنی بەشی فارسی ئەمریکاش مەجالی قسە کردن لەسەر ئەو ڕووداوەت پێدەدرێ ناتوانی ئاماژەیەکی دەقیق بە هۆکار و پێک هاتنی ئەو جینایتە بکەی. ئەوانە هەر هەموو کەم و کوڕی و بێ بەرنامەی ڕێکخراوەکانی ژنان دەگەیێنێ. ڕفاندنی منداڵانی بۆکان و کوشتنیان بە دڕندانەترین شێوە، پێشێلکردنی مافی مرۆڤە کە هەر هەموو ڕێکخراوەکانی ژنان پاراستن و دەستەبەر کردنی مافی مرۆڤیان وەک خاڵێکی گرینگ لە بەرنامە و پێڕوی خۆیاندا گۆنجاندوە بەڵام بەراستی چەندە پەیڕەوی لە بەرنامەی کاری خۆیان دەکەن بۆ من جێگای پرسیارە؟!

حەز دەکەم ئاماژە بە بانگەوازی ژنانی بۆکان بکەم واتە خۆپیشاندانە هێمنانەکەی ١ی بانەمەڕ کە بۆ نارەزایەتی بە قەتڵی سومەیە پێکهات بەراستی حەرەکەتێکی سەردەمیانەوە هوشیارانە بوو کە توانی سەرنجی ڕاگەیاندنە جیهانیەکان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. جێی خۆیەتی هەر لێرەوە دەست خۆشی بە ژنانی بۆکان بڵێم. ئەو هەنگاوەی ژنانی بۆکان سەلماندی کە لە ئاست پێشێلکاری و سەرەڕۆیی بێدەنگ نابن، هاوکات سوپاسی هەموو ئەو خۆشەویستانە دەکەم  کە بە دەنگ داواکاریەکەی ژنانەوە هاتن و یەک دەنگ ئەو جینایەتەیان مەحکوم کرد. حەق وایە هەر شارۆمەندێک هەڵوێست بگرێ لە ئاست پێشێلکاریەکاندا جا ئەو پێشێلکاریە چ دەسەڵات بیکا و چ تاک تا ئەوکاتەی دەسەڵات ناچار دەکەن تا بە ئەرکی یاسایی خۆی هەڵستێ و تاوانباران بە سزای ڕەوای خۆیان بگەیەنێ، بۆ ئەوەی کەسانی دیکە پەندی لێ وەرگرن.

بێگومان هەر هەنگاوێک ئەگەر گشتی بێ کاردانەوە و ئاکامی پوزێتیڤی لێدەکەوێتەوە. کۆبەندی قسەکانی من ئەوەیە کە هاوپێوەندی و یەک دەنگی ئەساسیترین شتە کە دەبێ ئەو ڕێکخراوانەی کە داکۆکی لە مافی ژنان دەکەن هەیانبێ، کاتی ئەوە هاتووە کە ڕێکخراوەکانی ژنان لەسەر چەند خاڵی سەرەکی بۆ کارکردن کۆک بن بەدڵنیایەوە ئەگەر بەیکەوە هەوڵ بدەن بۆ دەستەبەر کردنی خواستەکانیان بەتایبەت لە سەر ئەو پێشێلکاریەنەی کە بەرامبەر بە ژن و مافی ژن دەکرێ زۆتر بە ئاکام دەگەن.

**شلێر باپیری:** سەرەتا پێش ئەوەی باس لە ڕووبەڕوبوونەوەکان بکەم بە باشی دەزانم باسێکی کورت لەسەر ڕێکخراوەکانی ژنان بکەم .دەکرێ ڕێکخراوەکانی ژنان

**شلێرحەسەنپوور: بزووتنەوەی ژنانی ڕۆژهەڵات لە ماوەی٣٣ ساڵی رابردوودا تا رادەیەک بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوهو لە ماوەی کارو تێکۆشانیاندا گەلێک ئەزموونی جۆراوجۆری لە ڕابردووی خۆی وەرگرتووە هەر ئەو ئەزموونانەشی کردوونە هەوێنی کار بۆ داهاتوو**

بۆ دوو بەش دابەش بکەین، ئەوانەی کە لە دەروونی حزبە سیاسیەکانەوە سەریان هەڵداوە و ئەوانەی کە لە دەرەوەی چوارچێوەی حزبەکاندا هەڵکەوتوون. بەشی دووهەم ئەو ڕێکخراوانەن کە دەڵێن سەربەخۆین و خۆیان سەر بە هیچ حزبێک پێناسە ناکەن. بێگومان لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا ئەم دوو جۆرە ڕێکخراوانەی ژنان و تۆێژ و چینە جیاوازەکانی دیکەی وەک  کرێکاران و لاوان و قوتابییان و ... هەن.

هێندێکجار جیاوازی و ناکۆکیەک لە نێوان ئەو ژنانەی کە حیزبین و لەریزی ڕێکخراوی ژناندا تێدەکۆشن، لەگەڵ ئەو ژنانەی کە خۆیان بە سەربەخۆ دەزانن، دەبینین. لە هەر دوو حالەتدا، هەر دوولا دەتوانن خزمەت بە پرسی ژنان بکەن. کارا کردنی ڕۆڵی ژنان، بۆ ڕێکخستن و داڕشتنی سیاسەتی ئەم دوو جۆرە ڕێکخراوانە دەگەڕێتەوە. دیارە داڕشتنی سیاسەتی ڕێکخراوەکانی ژنانی سەر بە حێزبەکان پێوەندییەکی ئۆرگانیکی بە سیاسەتی گشتیی ئەو حێزبەوە هەیە کە ڕێکخراوەکەی دامەزراندووە یان یارمەتیی دامەزراندنی داوە. لەناو ئەو ڕێکخراوانەشدا کە دەڵێن سەربەخۆین، ڕەنگە هێندێکیان بە شێوەیەک لە شێوەکان لە یەکێک لە حیزبەکان نزیک بن و تەنانەت خەتیشیان لێوەربگرن. بەمجۆرە بەشێکی کەم لە کۆی ئەم ڕێکخراوانە دەمێننەوە کە بە تەواوی سەربەخۆ بن، بەڵام بە بڕوای من ئەوە تەنیا کاتێک کێشە لە ڕێکخستنی کاری هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژناندا دروست دەکات کە ژنان نەتوانن کێشە و  ئاستەنگە هاوبەشەکانی هەموو ژنان دەست نیشان بکەن و بە دوای چارەسەریاندا بگەڕێن.

بە بڕاوی من لەم حاڵەتەدا بە هۆی بارودۆخی خەباتی نەتەوایەتی و بارودۆخی تایبەتی نێوان پارچەکانی کوردستان و  ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ژنانی سەرانسەری ئێران، پێویستە حێزبە سیاسیەکان لە بواری مافی ژنانەوە، وێڕای دانی ئازادیی عەمەلی زیاتر بە ڕێکخراوەکانی ژنانیان و  کەمتر بە سیاسی کردنی ئەم پرسە، یارمەتیدەر بن و بەهۆی جیاوازیی بیرو بۆچوونی حیزبیەوە نەبنە هۆکاری دوورکەوتنەوەی ئەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێکخراوانە لە یەکتری.

ئەگەر سستییەک لە کاری ڕێکخراوەکانی ژناندا دەبنیرێت، بۆ ئەو هۆکارانە دەگەڕێتەوە کە لە سەرەروە ئاماژەم بۆیان کرد.

سەرەڕای ئەم ئاستەنگانەی باسم کردن، من ئێستا ڕۆڵی ژنان لە بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژیەکانی دژ بە ژناندا بە کارا دەبنیم و بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاریی ژنان و بەشداری کردنیان لە چالاکیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا، داهاتووی روونترم لەبەرچاوە و ئەم هیوایەشم بەهێزە کە بتوانین بە هاوکاری و یەکڕیزیی نێوان ڕێکخراوەکانی ژنان و ئەو پیاوە هوشیارانەی هەوڵ دەدەن جیاوازیە باوە کۆنەکانی رابردووی نێوان ئەم دوو رەگەزە نەمێنێت، دیاردەی توندی و تیژی بۆ ئاستێکی زۆر نزم دابەزێت.

**پ: پێتانوایە بەراوردکردنی رەوشی ژنانی کورد و رۆژئاوا تا چەند شتێکی عەقلانییە، چونکە زۆرجار ڕێکخراوەکانی ژنان دەیانەوێت لەماوەیەکی کورتدا هەموو بارودۆخەکە بگۆڕن؟**

**شلێر حەسەن پوور:** لە رۆژئاوا پرۆسەی دەستەبەر بوونی مافی ژن بە ئارامی رێگای خۆی پێواوە دیارە ئەوانیش قوربانی زۆریان داوە تا گەیشتوونە ئەو قۆناغە بەڵام دوای ئەو هەموو تێکۆشانە هێشتا مافی وەک یەکیان نییە بەتایبەت لە بازاری کاردا. دەبێ ئەوش بڵێم کە لە رۆژئاوا مافی تاکەکان بەپێی یاسای وڵاتەکان پارێزراوە. ئەگەر ژنانی رۆژئاوا لە کۆیلەی و ستەمی پیاوسالاری و نەریتی کۆن رزگاریان بوو بەڵام ئێستا لەناو سیستەمی سەرمایەداریدا کراون بە کۆیلەیەکی مودێرن، دیارە ئەوە بۆچوونی منە. بەڵام هەر ئاڵوگۆرێکی کوتو پڕ ئاکامی پێچەوانەی هەیە، بە بڕوای من دەبێ هەنگاو بەهەنگاو بەرەوپێش بچی و دەبێ ناخی کۆمەڵگای خۆت بناسی و بەپێی کۆمەڵگای خۆت تێکۆشان و چالاکیەکان بەرەوپێش ببەی، بواری فێرکاری و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری کۆمەڵگا بنەرەتیترین هەنگاون، دیارە بە خۆشییەوە ئاستی هوشیاری خەڵک لە کوردستان رۆژ بە رۆژ لە گەشەدایە بەڵام ئەوەی راستی بێ هێندێک شت بە سەقەتی لە کوردستان دەبنە باو کە ئەوەخۆی گرفتەکان زیاتر دەکا، لاسایی کردنەوەی بێجێ ژیانی تاکەکان تووشی دارمان دەکا و ئەگەر ئەو سیستمە سەرمایەداریەی بەبێ هوشیاری لە کوردستان جێگیر بێ دەبێتە هۆی دارمانی سەرجەم بەها ئینسانییەکان بێ ئەوەی هەستی پێ بکەی.

**شلێر باپیری:** لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا لەپێشدا پێویستە ئاماژەیەک بە بەراوردکردنی ژنانی کورد و ژنانی رۆژئاوا بکەین.

بەراوردکردن و وەکیەک هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ژنانی رۆژهەڵات بە گشتی و ژنانی کوردستان بە تایبەتی، لەگەڵ ژنانی رۆژئاوادا بە کارێکی هەڵە دەزانم. ئەندامانی هەردوو کۆمەڵگاکە بەرهەمی کەلتووری جیاوازی ئەم دوو کۆمەڵگایەن کە هەر کامیان بە جیا قۆناخەکانی پێشکەوتنیان بڕیوە. ئێمە و رۆژئاوا لە هەموو بوارەکاندا جیاوازیی بنەڕەتیمان هەیە. هەرچەندە لەم سەردەمەدا ئامێرە بەردەستەکانی پێوەندی



گرتن مەوداکانیان کەم کردووەتەوە، بەڵام بارودۆخی ئێستای هەردوو کۆمەڵگاکە بەرهەمی رەوتی چەندین ساڵەی گەشەکردنی جیاوازی هەموو بوارەکانی ئەم کۆمەڵگا جیاوازانەیە.

بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازیە بنەڕەتیەکان دەتوانین ئاماژە بە جیاوازیی ئایینی بکەین کە هەر دوو ئایینی ئیسلام و مەسیحیەت بەجیا تێکەڵی ئەم دوو کەلتوورە بوونە و ئەندامانی هەردوو کۆمەڵگە، رێنماییەکانی ئەم دوو ئایینە کاری تێکردوونە. هەروەها کێشەی نەتەوایەتی و سنوورە جوگرافیاییەکان زۆر لەمەوبەر لە نێو رۆژئاواییەکاندا چارەسەر کراون. سیستەمی دەوڵەت نەتەوە لەو وڵاتانەدا جێگیر بووە و دام و دەزگا حکومەتی و ڕێکخراوە مەدەنیەکان سەقامگیر بوونە و پێوەندیە کۆمەڵاتیەکان بە ئاقارێکی تایبەت بەخۆیاندا تێپەڕیون و گەشەیان کردووە، بەڵام ئێمەی کورد لەتەواوی ئەم بوارنەدا مەودایەکی کەممان تێپەڕاندووە و دەکرێ بڵێم لە سەرەتا داین.

دیارە جیاوازییە بنەڕەتیەکان زۆر لەوە زیاترن، بەڵام لە وەڵامی بەشی سەرەکیی ئەم پرسیارەتاندا کە ئاخۆ دەکرێ بارودۆخی ژنانی کوردستان و ژنانی رۆژئاوا بەیەکەوە بەراورد بکەین، من پێموایە بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەی قووڵ لە کەلتوور و شارستانیەتی هەردوو کۆمەڵگەدا بکەین، کارێکی نەگونجاوە.

پێویستە وێڕای کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی پێشکەوتنی ژنانی رۆژئاوا و ئاستی ژیانی هەردوولا و ناسینی تایبەتمەندییە جیاوازەکان، پێشکەوتن و بەماف گەیشتنی ئەوانمان لەبەرچاو بێت و هەوڵ بدەین کەرەستەکانی پێشکەوتن و کەم کردنەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**شلێر باپیری: ئەگەر ژنانی کوردستان بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو سەیر بکەین، دەبینین لە ناو حیزبە سیاسیەکان و لەو شوێنانەی خەباتی شاخ بەردەوامە ژناییش وەک پیاوان چالاکن**

جیاوازییەکان بۆ گەیشتن بە مافی یەکسان لە ناو کەلتووری خۆمان و لەسەر رەگی ئەم کەلتوورەی خۆمان ئامادە بکەین.

ئێمە وێڕای ژیانی پیاوسالاری و زاڵ بوونی کەلتووری نێرسالاری بەسەر نەست و بیرکردنەوەی ژنانیشدا و هەروەها بوونی ستەمی هاوبەش لەسەر هەردوو رەگەزی ژن و پیاودا، ئەرکی بەرەو پێش بردنی خەباتی ژنانمان لەسەر شانە. ئەم تایبەتمەندیانەی کۆمەڵگەی خۆمان بەرەورووی کۆمەڵێکی زۆر ئاستەنگ و بەربەستمان دەکات کە پێویستی بە تەرخان کردنی وزەیەکی زیاتری ژنان هەیە.

ئێمە ئەگەر بکەوینە ناو دنیای مەجازی و جیهانی ئینترنێت بکەینە بەستێنی تەعامول و هەڵسەنگاندنی ژیانی دوو کۆمەڵگەی رۆژهەڵات و رۆژ ئاوا، بەهەڵەدا دەچین و لە راستیەکانی کۆمەڵگەی خۆمان دوور دەکەوینەوە. لە ناو کۆمەگەی هەراوی کوردیدا تاقمێکی دەگمەن هوشیاریان لەو ئاستەدایە بە باشی کەڵک لەم دونیا مەجازی و ئامێری پێوەندییە وەربگرن.

بەداخەوە، بەشێکی بەرچاو لە هەردوو رەگەزەکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کە بە ئاسانی دەستیان بە ئامێری پێوەندییەکان رادەگات، یان ناتوانن لەم کەرەستانە کەڵک وەربگرن یان خۆیان نایانهەوێت. ئەوش ئەرکی ژنانی چالاکی ئەم بوارە چەند قات زیاد دەکات.

پێویستە بەهەڵەدا نەچین و بەوردی و هەستیارییەوە هەنگاو بنێین، راستیەکانی کۆمەڵگە بناسین. بێ ئەوەی فریوی ئەوە بخۆین کە بەشێک لە ژنان ئاگاداری بارودۆخی پێشکەوتنەکانی رۆژئاوان، دەبێت ئاوڕ لە کۆمەڵگای خۆمان بدەینەوە و کەرستە و دەرفەتەکانی ناو کەلتووری کۆمەڵگەی خۆمان لە خزمەت یەکسانیدا ئەکتیڤ بکەین.

**پ: ئەگەر بەراوردی نێوان رەوشی ژنان لەم یەک دووساڵەی رابردوودا لەگەڵ چەند ساڵی رابردووی بکەین رەوشەکە چۆنە؟**

**شلێر باپیری:** پرسیارەکەتان گشتییە، ئەگەر لەسەر ئاستی جیهاندا باس لە رەوشی ژنان بکەین، بە تێکڕایی رەوشی ژنان لە پێشکەوتن دایە. لە رۆژئاوا و زۆر وڵاتی دیکەشدا ژنان زیاتر لە چالاکیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا دەرکەوتوون. لەچاو پێشوو، زیاتر پۆستە گرینگەکانی دەستەڵاتداریەتی سیاسیان بەدەستەوەیە. ئەوە سێ دەورەیە پۆستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کە کە یەکێک لە دەزگا هەستیارەکانی ئەم وڵاتەیە، بەدەست ژنانە. پۆستی هەستیاری یەکیەتیی ئەروپا بەدەست ژنێکە. بەڵام لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوین ئەم پێشکەوتنە هێدیتر دەڕواتە پێشەوە. بە تایبەت دوای ئەو رووداوانەی لە ناوچەکەدا بە ناوی بەهاری عەربی ناسێندران، ژنانی ئەم وڵاتانە نەک هەر پێش نەکەوتن، بەڵکوو زیاتر بەرەورووی کێشەش بوونەوە. راستە لە سعودیە و وڵاتانی کەنداو، ژنان چەند هەنگاوێکیان ناوە، بەڵام لە میسر دەبینین دوای گۆڕانکاریەکان، رەوشی ژنان خراپتر بووە.

لە ئێران ئەگەرچی دەستەڵات روانینی ئایدۆلۆژیایی بۆ رەوشی ژنان هەیە، لەهەمانکاتدا ئەوە ژنانن لە چوارچێوەی خەباتی مەدەنی و سیاسیدا لە ریزی پێشەوەن. چالاکانی مەدەنیی ژن و رۆژنامەنووسانی ژن لە ئێران وێڕای دانی قوربانی هەروا شێلگیرانە بەردەوامن.

لە کوردستانیش بە گشتی بارودۆخەکە بەرەو باش بوون دەڕوا. لەدوای پرۆسەی ئازادیی باشووری کوردستان چەندین رێکخراوای ژنان لەژێر ناوی جۆراوجۆردا چالاکن. لەم پارچەیەی کوردستان ژنان لە کابینەی حکومەت و پەرلەماندا – ئەگەر بەرێژەیەکی کەمیش بێت– بەشدارن. لە بواری پەروەردە و خوێندنەوە لە کوردستان بە تێکڕایی، ژنان وەک پیاوان لەو بەستێنەدا دەگەنە ئاستە بەرزەکانی خوێندن.

ئەگەر ژنانی کوردستان بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو سەیر بکەین، دەبینین لە ناو حیزبە سیاسیەکان و لەو شوێنانەی خەباتی شاخ بەردەوامە ژناییش وەک پیاوان چالاکن.

سەرەڕای هەموو ئەوانە هێشتا ژنان بۆ گەیشتن بە مافی یەکسانی رێگەیەکی درێژیان لەبەرە.

هێشتا لە کوردستان نەریتەکۆنەکان لە زۆر شوێن هەروا باون. هێشتا لە زۆر شوێن کەسوکاری کچان کاتی زەماوەندی کچەکانیان، خۆیان لە شاییەکە دەدزنەوە و ئیزن نادەن کچان لە سەرەتاییترین مافیان کە هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیانە، سەربەخۆبن. لە هێندێک شوێنی کوردستان کەسوکاری ژنان کچەکانیان لەبەرانبەر پارەیەکی کەمدا دەدەن بە پیاوانی بەتەمەن. بە بیانووی پارێزگاری لە ناموس ژنان بە شێوازی جۆراوجۆر لەناو دەبردرێن.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەم بارودۆخە کە لەلایەک بەشێک لە ژنانی خوێندەوار چالاک توانیوانە پلەکانی پێشکەوتن و هەڵکشان بەرەو یەکسانی بپێون و لە لایەکیش بەشێک لەژنان وەک سەردەمی زۆر کۆن لەژێر گوشاردان و لە هەرچەشنە مافێک بێبەرین، ئەرکی ژنانی چالاک و رێکخراوەکانی ژنان چەند ئەوەندە قورستر دەبێت و پێویستی بە یەکڕیزی و هوشیار کردنەوەی زیاتری کۆمەڵگا هەیە. لەم کاتەدا ئەگەر نەتوانین بیرکردنەوە و کەلتووری کۆمەڵگا بەگشتی بەرەو ئاستی بەرزتر بگۆڕین، ئەم دەسکەوت و پێشکەوتنانەشمان دەکەونە مەترسییەوە.

لەگەڵ سپاس



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چێژ لە ئازادیی وڵاتەکەت وەربگرە

# بۆ هاوڕێ سدیق کەبوودوەند

پەری کەریمی نیا

ئەگەر حەوا نەبوایەتە خوڵقێنەری مەعریفە و بە هاندانی ئادەم سێوەکەیان، سێوی مەعریفە، نەخواردیە ژیانییان لە دەرەوەی سووژە دەسووڕایەوە. بەو مانایەی کە دەسەڵاتێک باڵا دەست دەبوو و ئەوان هەر بە ژێر دەستەیی دەمانەوە. نافەرمانی ئەوان لە دەسەڵاتی ڕەها و یا ئەوی تری گەورە بوو کە بونیادی دونیای لە وەهمەوە گواستەوە بۆ دونیای ڕاستەقینە. ئەوان بە نافەرمانی جەستەیی ئەو ریگەیان چێ کرد کە بوون و ماڤی ڕاستەقینەی خۆیان بدۆزنەوە. کەواتە بوون و هەست بە تاک کردن بە نافەرمانی و سەرکەشی لە ئەویدی گەورەوە مانای هەیە و بە دەست دێت. پێش گەیشتن بەو مەعریفە گەورەیە، ئەوان ئەویدی گەورەیان دەدی و هەستیان بە دەسەڵاتی دەکرد. بەڵام پاش ئەوە وەرگەڕانە گەورەیە ئەویدی گەورەیان لە دەسەڵات و کاریزما بوون بەتاڵ کردەوە. ئەوان چیدی ئەو دەسەڵاتەی پێشوویان بە ئەویدی گەروە نەدەدی چونکە لە ڕاستی دا وەهمێک بوو کە بە دەست ڕاگەیشتنی ئەمان بە مەعریفە وەک دووکەڵی لێ هات و لە هەوا دا بڵاو بوویەوە.

نافەرمانی و سەرکەشی، بەردەوام لە مێژوو دا دووبارە بووەتەوە و بە پێی بڕوای هێگلیش دووبارە بوونەوە ڕۆڵێکی گرینگ وچارەنووسازی لە مێژوو دا گێڕاوە. سەرکەشی و نافەرمانی چەشنی جۆراوجۆی هەیە و ئەمە بە پێی دەسەڵات شێوازەکەی دەگۆڕێت. هەڵبەت لە بنەڕەندا سەرکەشی بە خاڵی گرینگ وسەرەتایی ئامانجەکە دادەنرێت. مان گرتن شێوەیەکی ئەم سەرکەشی و نافەرمانییەیە کە بە زۆری مرۆڤەکان هەڵیدەبژێرن و تاقی دەکەنەوە. لە زیندانداا مان گرتن لە خواردن یەکێک لە کاریگەرترین شێوازەکانە کە تاک بە جەستەی خۆی شەڕ لە گەڵ دەسەڵاتدا دەکات و دەیەوێت خواستە ڕەواکانی خۆی بسەلمێنێت. مان گرتن بە گشتی و مان گرتن لە خواردن دژە کردەوەیەکە کە تاکێک بۆدەربڕینی نارەزایەتی لە سەر باروودۆخی تاکەکەسی و یا گشتی ئەنجامی دەدات. ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی خاچی سوور سێ تایبەتمەندی بۆ مان گرتن لە خواردن داناوە کە بریتیین لە نەخواردن (کە چەشنێکە لە ڕۆژوو)، خۆبەخشێک و ئامانجێک.



دوو کەس لەو کەسایەتییە بەناوبانگانە کە هەستاون بە مانگرتن بریتین لە: گاندی و زاپاتا. ئەم دوو کەسایەتییە بۆ پشتگیری لە داوا ڕەواکانی خۆیان و یا کەسانی دیکە مانییان لە خواردن گرتووە و کارەکەیشیان سەرکەوتوو بووە. بۆ نموونە گاندی بە درێژایی ژیانی هەڤدە جار مانی لە خواردن گرتووە. مان گرتنەکانی گاندی بۆ دژایەتی کردن لە گەڵ دەوڵەتی بەریتانیا و توند و¬¬ تیژی دەگەڕێتەوە. بێجگە لەمەش نزیک بە ١٠٠٠ ژنی بریتانیایش بۆ لایەنگری لە مافی دەنگ دانی ژنان مانییان گرت.

سەرەڕای نموونە باس کراوەکان، مان لە خواردن گرتنی بابی ساندز ،کۆماری خوازی ئایرلەندی، و سەرجەم هاوڕێکانی لە زیندانی بێلفاستدا جێگەیەکی تایبەتی لە مێژووی دووبارە کراوەی مەعریفەدا هەیە. فیلمی « مان گرتن Hunger « کە باسی پێنج هەفتەی کۆتایی ژیانی ئەم شۆڕشگێرانەیە، نومایشتی ئەم مان لە خواردن گرتنە دەکات کە بابی و هاوڕێکانی پێداگری لە سەر خواستەکانی خۆیان دەکەن کە هەندێکیان بریتی بوون لەوەی کە ئەوان دەبێت وەک زیندانیەکی سیاسی چاویان لێ بکرێت نە مرۆڤکوژ، دەبێت ماڤی ئەوەیان بدرێتێ کە نامەیان بە دەست بگات و بتواننن نامەش بەڕێ بکەن و هەروەها ماڤی کۆبوونەوەی ئازادیشان هەبێت. بابی سەرجەم ٦٦ روژ لە مانگرتن لە خواردندا بوو و پاش ئەوە گیانی بەخت کرد.

تێکڕای ئەو نموونانەی سەرەوە نموونەیەکی باشی سووژەن کە حەوا ئاسا دروست کەری مەعریفە بوون. ئەم کەسایەتییانە دەیانتوانی مێگەل ئاسا سەری خۆیان دابخەن و لە بیری بەرژەوەندی خۆیاندا ببن. بەڵام ئەمان بە هاوڕایی لە گەڵ کانتدا ورەی ئەوەیان بە خۆیان داوە کە بە شێوەیەکی دیکە بفکرێن. ئەوان لە نێوان سنوور و هێما دا ئەو بیر و هەڵوێستە چارەنووس سازەیان گرتە بەر کە دەبێت لە جەستە و ژیانی خۆیان وەک پردێک بۆ گەیشتن بە ماڤە ڕەواکانی خۆیان کەڵک وەربگرن. مەودا و کاتی نێوان واقیع و هێما هێندە چارەنووس سازە کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو هەڵوێستەی کە دەگیرێت واتایەکی تایبەت بدات بە واقیع. هەروەک کە فیلمی مان گرتنیش دا بابی مەودای نێوان ئەمری واقیع ( بێمافی ) و ئەمری هێمایی (کە گۆێڕاگری و ملکەچ بوون ) بە لێکدانەوەیەکی نوێوە (مانگرتن لە خواردن) لە بەریەک هەڵپچڕێت. ئەوە کاتی بارگاویی بوونی سووژەیە. کاتی مانا بەخشی سووژەیە. ژیژەک وتەنی لەو مەودایەدا کەسەکە سەرەتا بیر دەکاتەوە، پاشان هەڵوێست دەگرێت و بەرلەوەی ببێتە هێما ،هەڵدەبژیریت و هەڵبژاردنەکەی بە کردەوە دەکات. لێردایە کە ئیتر کەسایەتی لە دایک دەبێت. ئەو کەسایەتیە هەر وەک لە فیلمەکەدا دەبینرێت وای لێدێت کە وەکوو ساندز لەو کاتەی کە لە زینداندایە وەک ئەندامی پارڵمان هەڵدەبژێردرێت بەڵام دەوڵەتی بریتانیا بەر بەم کارە دەگرێت و جێگای ئەو تا هەتا هەتایە بە بەتاڵی لە پارڵماندا دەمێنێتەوە. تەسلیم بوون بەو خواستە بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مانای تیاچوونی دەسەڵاتە بەرامبەر مەعریفە و مەعریفەی لەو چەشنە دیمۆکراسی بە دوای خۆیدا دەهێنێت. دیمۆکراسی چەشنی ئانتی ڤایرۆسێک هەڵسووکەوت دەکات کە ڤایرۆس کەیفی بە رۆخساری (راستی) نایەت.

رۆخساری کەسی مانگرتوو خوازیاری ئاڵووگۆڕە. کەسی مانگرتوو بڕوای بەوە هەیە کە هیچ شتێک ناتوانێت لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەو بوونی هەبێت. پەندێکی چاینی هەیە کە دەڵێت « هەموو شتێکی ئەم دونیایە بۆ خواردن دەبێت بەس فڕۆکە نابێت کە ئەویش بە ئاسمانەوەیە.» ئاسمان دەتوانێت هێمای مەرگ بێت کە تەنیا راستیەکە کە ناتوانرێت (هەڵبەت تا ئێستا) کۆنترۆڵ بکرێت. هەر ئەو مەرگەی کە کۆتایی بە مانگرتنی مانگرتووی فیلمەکە هێنا. مەرگ لە دونیای راستیدا بۆ ساندز چەشنێکی تر لە مەعریفە بوو کە ئایرلەندییەکانی بۆ سەندنەوەی ماڤەکانی خۆیان پشت قایمتر کرد. دەسەڵات، مەرگ و گوێنەدان بە خواستی مانگرتووەکانی بە خاڵی کۆتایی دادەنا و خودی خواستی مانگرتووەکانیشی بە چەشنێک لە وەهم . بەڵام دەسەڵات بۆ خۆی خودی وەهمەکەیە، هەر لەو چەشنە وەهمەی کە حەوا بە خواردنی سێوەکە خۆی لێ رزگار کرد. لەراستیدا حەوا و ساندز بەو هەڵوێستەی خۆیان دەسەڵاتییان تووشی ئەو گرفتە کرد کە ئەوەی کە وەهمە ئەوانن کە ئەوەندە لەو وەهمەدا نقوم دەبن کە هەمانەکەیان لێ دەشکێت و لە هاوادا بڵاو دەبنەوە.

کچێکی هاوپۆلیم هەبوو کە خەڵکی یەکێک لە وڵاتە ئەفریقاییەکان بوو. سەرەتای ساڵ بوو مامۆستای زانستمان پرسی کە هۆیەکی بەهێزم بۆ بهێننەوە کە ئەگەر شتێک لە تاقیگەدا روویدا، بۆ نموونە ئاگری گرت، من هەوڵ بدەم ژیانی ئێوە بپارێزم؟ هەر کەسێک شتێکی وت. کە سەرەی کچەکە هات وتی: «تۆ دەبێت ژیانی من بپارێزیت چونکە وڵاتەکەم تازە ئازاد بووە و من ئێستا ئازاد بووم و دەبێت چێژ لەو ئازادییە وەربگرم. «

هۆی نووسینی ئەم نووسینە دەرخستنی زیاتری مانگرتنەکەی هاوڕێ سەدیق کەبودوەندە. هیوام وایە مانگرتنەکەی خۆی بشکێنێت چونکە پەیامەکەی ئەو، دەسەڵات لە مێژە وەریگرتووە بەڵام جارێک لە وەهمێک دا دەسووڕێتەوە کە دەبێتە شکاندن و تێدا چوونی هەست و نیستی. کەواتە بمێنەوە بۆ ئەوەی بە زوویی چێژ لە ئازادیی وڵاتەکەت وەربگرێت.

وەرگیراو لە: وێبلاگی پەری کەریمی نیا

# مەڵەوانگەی تێکەڵاو و دیپلۆماتی هەوەسباز!

کوێستان فتووحی

رۆژنامەی وال ستریت ژورنال لەم رۆژانەدا لە راپۆرتێک دا رای گەیاند پۆلیسی برێزیل دیپلۆماتێکی٥١ ساڵەی ئێرانی بە هۆی : دەستبردن بۆ کچانی کەمتەمەن بۆ ماوەیەک دەستبەسەر کرد.

مەسەلەکە بەم جۆرە بووە: ئەو «دیپلۆمات»ە ئێرانییە بەوە تاوانبارە کە لە مەلەوانگەیەکی تێکەڵاو دەستی بۆ دوو کچی تەمەن ٩ ساڵە و ١٤ ساڵە بردوە و ئازاری داون. بەدوای ئەوەدا بنەماڵەی ئەو دوو کچە هێرشی دەکەنە سەر و پاشان پۆلیس لەم شەرمەزارییەی ئەو دیپلۆماتە ئاگادار دەکەنەوە و هەر لەوێ دەسگیر دەکرێ. بەڵام بە هۆی پارێزراویی یاسایی دیپلۆماسیی ئەو دیپلۆماتە ئازاد دەکرێ. ئەم کردەوەیەی ئەو دیپلۆماتە ئێرانییە ریسواییەکی دیکەیان بۆ ئێران و بۆ دەسەڵاتەکەیان دروست کردەوە. بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو کە سەفارەتی ئێران لە برێزیل ئەم رووداوە سەیرەی بەم شێوەیە وەدرۆ خستەوە: «دوای بەدواداچوونی مەسەلەکە بۆمان دەرکەوت کە رووداوی پێشهاتوو لە جیاوازییە فەرهەنگییەکانەوە سەرچاوەی گرتوە«! دوای ئەم روونکردنەوەیەی سەفارەتی ئێران لە برێزیل، رامین مێهمانپەرست وتەبێژی دەزگای دیپلۆماسیی ئێران مەسەلەکەی لە بنەڕەتڕا بە درۆ زانی و گوتی کە بەدواداچوونەکان نیشان دەدەن ئەم باسەی کە بۆتە هۆی خۆراکی تەبلیغاتی لە راگەیەنەکانی رۆژئاوا دا، نادروست و دوورن لە راستییەوە و ئەو جۆرە تۆمەتانە لەگەڵ رابردووی ئەو ئەندامەی سەفارەتی ئێران لە برێزیل نایەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا رۆژنامەی «جمهوری اسلامی» پرسیارێکی لە وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە کردوە، ئەویش ئەوەیە ئایا چوونی ئەو دیپلۆماتە ئێرانییە بۆ مەلەوانگەی تێکەڵاو (ژن و پیاو) راستە یان نا؟ ئەگەر وڵامەکە راستە، بۆچی وەزارەتی دەرەوە چاوەدێری بەسەر کارمەندانی خۆیدا نییە؟ ئەم رۆژنامەیە دەنووسێ: خۆزگە لە لایەن وەزارەتەوە لەم بارەیەوە هەر بێدەنگەیان لێ کردبایە، نەک بڵێ ئەمە بە هۆی جیاوازیی بووە یان ئەمە لە رابردووی ئەم ئەندامەی سەفارەتی ئێران بە دوورە!

ئەم ریسواییەی ئێران و دیپلۆماتەکانی لە نێوخۆی ئێرانیشدا بۆتە هەوێنی جۆک و تەنز، بە جۆرێک کە زۆربەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پڕ بوون لە جۆک و قسەی سەیر و سەمەرە و پێکەنینی لە سەر کار و کردەوەی دیپلۆماتەکان لە دەرەوەی ئێران.

ئەمە یەکەم جار نیە دیپلۆماتەکانی ئێران ئەم ریسواییانەیان لێ ڕوو دەدا. هەر چەند ساڵ لەمەوبەر بوو رەجایی خوراسانی ئەو کاتە نوێنەری رێژیمی ئێران لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو ، لە فرۆشگایەکی جلوبەرگ فرۆشی پالتۆیەکی دزی و دووربینە شاراوەکان ئەمەیان تۆمارکردبوو، دوای ئەوەی ویستی لە دەرگاکە بڕواتە دەرێ دەسگیر کرا. جارێکی دیکەش ئاخوندێکی حکومەتی بە ناوی یاسر خەلیلی لە رێورەسمی حەج بە هۆی دزی کردنەوە ٣٨ رۆژ دەستبەسەر کرا.

نوێترین نموونە ئەزیەت و ئازاری جینسیی کچێکی مێرمنداڵ، لە لایەن جێگرکەی سەرکۆنسوڵی کۆماری ئیسلامی لە یەکێک لەئەیالەتەکانی ئەڵمان دابوو. کاتێک بنەماڵەی ئەو کچە دژی ئەم دیپلۆماتەی کۆماری ئیسلامی دەوەستنەوە و داوا لە خەڵک و پۆلیس دەکەن بە هانایانەوە بچن بۆ ئەوەی ئەم کابرایە بکەوێتە بەر لێپرسینەوەی قانوونی، وەزارەتی دەرەوەی ئێران و راگەیەنەکانی رێژیم ئەم ریسواییە نوێیەیان وەک پیلانی موجاهیدین و دەستوپێوەندەکانی ئیسرائیل ناو،برد.

دیپلۆماتەکان و نوێنەرە سیاسییەکانی هەر دەوڵەتێک و دەسەڵاتێک لە وڵاتێکی دیکە، نوێنەر و ئاوێنەی ئەو دەسەڵاتە لە وێن. کاتێک بەرزترین دیپلۆماتەکانی وڵاتێک، لە شوێنی کار و مەئمووریەتیان، دزیوترین کردەوەکانیان لێ ڕوو دەدا کە کەسانی ئاساییش خۆیان لێ دەبوێرن، مانای ئەوەیە ئەو دەسەڵاتەی ئەوانی پەروەردە کردوە و لێیان بەرپرسە، دەسەڵاتێکی گەندەڵە. کاتێک رێژیمێک، تیرۆر و لە نێوبردنی موخالیفان و نەیاران و تەقینەوە و کردەوەی تیرۆریستیی لە دژی رقەبەرەکان و نەیارانی بە دیپلۆماتەکانی ئەنجام دەدا و ئەم جۆرە کردەوانە دەکاتە پێوانە و بنەمای کار و بەرپرسایەتی پێسپاردن، نەک خوێندەواری و شارەزایی لە پێوەندییەکان و کەسایەتی، شتێکی ئاسایی دەبێ ئەگەر لە دزی و رسوایی جینسییش نەپرینگێنەوە. بە تایبەتی کە دەزانن بەرپرسانی سەرەوەتر لە خۆشیان کارنامەیەکی خاوێنتریان لەوانیان نییە و تەنیا جیاوازییان لە گەڵ ئەوان، پتر رۆچوون لە نێو تاوان لە پێناو مانەوەی رێژیمەکەیان دایە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خاتووزین

هونەرمەند خاتووزین لە گوندی «بۆگەبەسی» سەر بە ناوچەی تورجانی سەقز لەدایک بووەو زیاتر لە ٧٣ ساڵ هەر لەم گوندەدا ژیاوە. ئەم خاتوونە هونەرمەندەی ناوچەی سەقز وەک هەموو ژنانی کوردەواری کۆڵەکەیەکی قایمی بنەماڵەی خۆی بووە کە بۆ راپەڕاندنی کارو فەرمانی رۆژانەو دابین کردنی پێداویستییەکانی نێوماڵ دەستی داوەتە دروستکردنی تەنوورو دیزەو گۆزەو لەم رێگەیەوە بژێوی ژیانی خۆیو منداڵەکانی دەستەبەر کردوە. خاتووزین ٣١ ساڵ پێش مەرگی خۆی، هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردوەو ئەم کۆچکردنو لێک دابڕانە بووەتە هۆی ئەوەی کە ژنە دەست ڕەنگینی کورد جێگەی باوکی منداڵەکانیشی پڕ بکاتەوەو بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیان زیاتر لە جاران خۆی ماندوو بکا. ناوبراو بۆ ئەم مەبەستە دەستی داوەتە دروستکردنی تەنووری نانی ماڵانو سازکردنی گۆزەی سووری سەرشانی کچانو دیزەو دەرخۆنەی هەمەڕەنگو کارگەیەکی خۆماڵیی لە ماڵی خۆیدا لە گوندی بۆگەبەسی سازکردبوو.

بەردەوامیی ئەم شێوە ئیشو کارکردنە وردەوردە پەرەی سەند و لە ١٢ ساڵی کۆتایی تەمەنیدا سیمای هونەرمەندێکی پەنجە رەنگینی بە خۆیەوە بینی کە وەک مامۆستای پەیکەرتاش «هادی زیائەددینی» دەڵێ: ئەو لەگەڵ گڵ دۆستو هەڤاڵ بوو، گڵیش تریبوونی وشەکانی دڵی بوو کە رستەی دەروونی پێ ئەرست.

ژنە هونەرمەندی دەستوپەنجەرەنگینی کورد لە گەڵ ئەوەی نەخوێندەوار بوو بەڵام زەینێکی تیژو بیرێکی وردتری هەبوو، لە وتووێژێکدا کە کاتی خۆی تەلەڤزیۆنی سنە لەگەڵی پێکهێنابوو، سەبارەت بە چۆنیەتیی دەستپێکردنی سازکردنی پەیکەرەکان گوتی: چەند ساڵێک لەوەپێش خولیای دروستکردنی کۆمەڵێک شتی جیاوازی دیکە جگە لە تەنوورو دیزەو گۆزە بووموو ئەم بیرۆکەیە هەژاندمیو منیش بە پیر خولیاکەمەوە رۆیشتمو ئەو ئاژەڵە دڕندەو پەلەوەرانەی کە خۆم دیتبوومو هەروەها قەڵافەتی ئەو پاڵەوانانەی کە لە چیرۆکو ئەفسانەو بەیتو حەیرانەکاندا بیستبوومو لە زەینمدا رەسمم کردبوو بە گڵ دامئەڕشتنەوە کە ئەم کارە خەڵک پێی دەگوت هونەری پەیکەرتاشیو منیش زیاتر مەبەستم دەربڕینی هەستی خۆم بوو.

بە داخەوە خاتووزینیش لە دوای مەرگی خەڵک ناسییانو زۆر کەس لە بابەت ژیانی هونەرییەوە باسیان لە سەر نووسیوە، وەک دەڵێن: لە ژیانیدا نەچووەتە قوتابخانەو نەخوێندەوار بووە، پیشەی گۆزەودیزەسازکردن لە گڵو خۆڵ بووە ، لە ژیانیدا ناوبانگی داوینچیو میکێلنجێلۆو رۆدێنی نەبیستبوو، بەڵام بە کەڵکوەرگرتن لە دەستو هەستو بیری خۆی گیانی بە گڵە سوورە دەبەخشی. لە سەر ژیانو کارەکانی خاتووزین فیلمێک بە ناوی «خاتووزین»





لە دەرهێنانی «مەجید ماهیچی» ساز کراوەو هەروەها هەنووکە بەشێک لە بەرهەمە دەستکردەکانی خاتووزین لە مۆزەخانەی شاری سنە پارێزراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چێژ لە ئازادیی وڵاتەکەت وەربگرە
# بۆ هاوڕێ سدیق کەبوودوەند

پەری کەریمی نیا

ئەگەر حەوا نەبوایەتە خوڵقێنەری مەعریفە و بە هاندانی ئادەم سێوەکەیان، سێوی مەعریفە، نەخواردیە ژیانییان لە دەرەوەی سووژە دەسووڕایەوە. بەو مانایەی کە دەسەڵاتێک باڵا دەست دەبوو و ئەوان هەر بە ژێر دەستەیی دەمانەوە. نافەرمانی ئەوان لە دەسەڵاتی رەها و یا ئەوی تری گەورە بوو کە بونیادی دونیای لە وەهمەوە گواستەوە بۆ دونیای راستەقینە. ئەوان بە نافەرمانی جەستەیی ئەو ریگەیان چێ کرد کە بوون و ماڤی راستەقینەی خۆیان بدۆزنەوە. کەواتە بوون و هەست بە تاک کردن بە نافەرمانی و سەرکەشی لە ئەویدی گەورەوە مانای هەیە و بە دەست دێت. پێش گەیشتن بەو مەعریفە گەورەیە، ئەوان ئەویدی گەورەیان دەدی و هەستیان بە دەسەڵاتی دەکرد. بەڵام پاش ئەوە وەرگەڕانە گەورەیە ئەویدی گەورەیان لە دەسەڵات و کاریزما بوون بەتاڵ کردەوە. ئەوان چیدی ئەو دەسەڵاتەی پێشوویان بە ئەویدی گەروە نەدەدی چونکە لە راستی دا وەهمێک بوو کە بە دەست راگەیشتنی ئەمان بە مەعریفە وەک دووکەڵی لێ هات و لە هەوا دا بڵاو بوویەوە.

نافەرمانی و سەرکەشی، بەردەوام لە مێژوو دا دووبارە بووەتەوە و بە پێی بڕوای هێگلیش دووبارە بوونەوە رۆڵێکی گرینگ وچارەنووسازی لە مێژوو دا گێڕاوە. سەرکەشی و نافەرمانی چەشنی جۆراوجۆی هەیە و ئەمە بە پێی دەسەڵات شێوازەکەی دەگۆڕێت. هەڵبەت لە بنەڕەندا سەرکەشی بە خاڵی گرینگ وسەرەتایی ئامانجەکە دادەنرێت. مان گرتن شێوەیەکی ئەم سەرکەشی و نافەرمانییەیە کە بە زۆری مرۆڤەکان هەڵیدەبژێرن و تاقی دەکەنەوە. لە زینداندا مان گرتن لە خواردن یەکێک لە کاریگەرترین شێوازەکانە کە تاک بە جەستەی خۆی شەڕ لە گەڵ دەسەڵاتدا دەکات و دەیەوێت خواستە رەواکانی خۆی بسەلمێنێت. مان گرتن بە گشتی و مان گرتن لە خواردن دژە کردەوەیەکە کە تاکێک بۆدەربڕینی ناڕەزایەتی لە سەر باروودۆخی تاکەکەسی و یا گشتی ئەنجامی دەدات. ریکخراوەی نێونەتەوەیی خاچی سوور سێ تایبەتمەندی بۆ مان گرتن لە خواردن داناوە کە بریتیین لە نەخواردن (کە چەشنێکە لە رۆژوو)، خۆبەخشێک و ئامانجێک.



دوو کەس لەو کەسایەتییە بەناوبانگانە کە هەستاون بە مانگرتن بریتین لە: گاندی و زاپاتا. ئەم دوو کەسایەتییە بۆ پشتگیری لە داوا رەواکانی خۆیان و یا کەسانی دیکە مانییان لە خواردن گرتووە و کارەکەیشیان سەرکەوتوو بووە. بۆ نموونە گاندی بە درێژایی ژیانی هەڤدە جار مانی لە خواردن گرتووە. مان گرتنەکانی گاندی بۆ دژایەتی کردن لە گەڵ دەوڵەتی بەریتانیا و توند و¬¬ تیژی دەگەڕێتەوە. بێجگە لەمەش نزیک بە ١٠٠٠ ژنی بریتانیایش بۆ لایەنگری لە مافی دەنگ دانی ژنان مانییان گرت.

سەرەڕای نموونە باس کراوەکان، مان لە خواردن گرتنی بابی ساندز ،کۆماری خوازی ئایرلەندی، و سەرجەم هاوڕێکانی لە زیندانی بێلفاستدا جێگەیەکی تایبەتی لە مێژووی دووبارە کراوەی مەعریفەدا هەیە. فیلمی « مان گرتن Hunger « کە باسی پێنج هەفتەی کۆتایی ژیانی ئەم شۆڕشگێرانەیە، نومایشتی ئەم مان لە خواردن گرتنە دەکات کە بابی و هاوڕێکانی پێداگری لە سەر خواستەکانی خۆیان دەکەن کە هەندێکیان بریتی بوون لەوەی کە ئەوان دەبێت وەک زیندانیەکی سیاسی چاویان لێ بکرێت نە مرۆڤکوژ، دەبێت ماڤی ئەوەیان بدرێتێ کە نامەیان بە دەست بگات و بتواننن نامەش بەڕێ بکەن و هەروەها ماڤی کۆبوونەوەی ئازادیشان هەبێت. بابی سەرجەم ٦٦ روژ لە مانگرتن لە خواردندا بوو و پاش ئەوە گیانی بەخت کرد.

تێکڕای ئەو نموونانەی سەرەوە نموونەیەکی باشی سووژەن کە حەوا ئاسا دروست کەری مەعریفە بوون. ئەم کەسایەتییانە دەیانتوانی مێگەل ئاسا سەری خۆیان دابخەن و لە بیری بەرژەوەندی خۆیاندا ببن. بەڵام ئەمان بە هاوڕایی لە گەڵ کانتدا ورەی ئەوەیان بە خۆیان داوە کە بە شێوەیەکی دیکە بفکرێن. ئەوان لە نێوان سنوور و هێما دا ئەو بیر و هەڵوێستە چارەنووس سازەیان گرتە بەر کە دەبێت لە جەستە و ژیانی خۆیان وەک پردێک بۆ گەیشتن بە ماڤە رەواکانی خۆیان کەڵک وەربگرن. مەودا و کاتی نێوان واقیع و هێما هێندە چارەنووس سازە کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو هەڵوێستەی کە دەگیرێت واتایەکی تایبەت بدات بە واقیع. هەروەک کە فیلمی مان گرتنیش دا بابی مەودای نێوان ئەمری واقیع ( بێمافی ) و ئەمری هێمایی (کە گۆێڕاگری و ملکەچ بوون ) بە لێکدانەوەیەکی نوێوە (مانگرتن لە خواردن) لە بەریەک هەڵپچڕێت. ئەوە کاتی بارگاویی بوونی سووژەیە. کاتی مانا بەخشی سووژەیە. ژیژەک وتەنی لەو مەودایەدا کەسەکە سەرەتا بیر دەکاتەوە، پاشان هەڵوێست دەگرێت و بەرلەوەی ببێتە هێما ،هەڵدەبژیریت و هەڵبژاردنەکەی بە کردەوە دەکات. لێردایە کە ئیتر کەسایەتی لە دایک دەبێت. ئەو کەسایەتیە هەر وەک لە فیلمەکەدا دەبینرێت وای لێدێت کە وەکوو ساندز لەو کاتەی کە لە زینداندایە وەک ئەندامی پارڵمان هەڵدەبژێردرێت بەڵام دەوڵەتی بریتانیا بەر بەم کارە دەگرێت و جێگای ئەو تا هەتا هەتایە بە بەتاڵی لە پارڵماندا دەمێنێتەوە. تەسلیم بوون بەو خواستە بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مانای تیاچوونی دەسەڵاتە بەرامبەر مەعریفە و مەعریفەی لەو چەشنە دیمۆکراسی بە دوای خۆیدا دەهێنێت. دیمۆکراسی چەشنی ئانتی ڤایرۆسێک هەڵسووکەوت دەکات کە ڤایرۆس کەیفی بە رۆخساری (راستی) نایەت.

رۆخساری کەسی مانگرتوو خوازیاری ئاڵووگۆڕە. کەسی مانگرتوو بڕوای بەوە هەیە کە هیچ شتێک ناتوانێت لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەو بوونی هەبێت. پەندێکی چاینی هەیە کە دەڵێت « هەموو شتێکی ئەم دونیایە بۆ خواردن دەبێت بەس فڕۆکە نابێت کە ئەویش بە ئاسمانەوەیە.» ئاسمان دەتوانێت هێمای مەرگ بێت کە تەنیا راستیەکە کە ناتوانرێت (هەڵبەت تا ئێستا) کۆنترۆڵ بکرێت. هەر ئەو مەرگەی کە کۆتایی بە مانگرتنی مانگرتووی فیلمەکە هێنا. مەرگ لە دونیای راستیدا بۆ ساندز چەشنێکی تر لە مەعریفە بوو کە ئایرلەندییەکانی بۆ سەندنەوەی ماڤەکانی خۆیان پشت قایمتر کرد. دەسەڵات، مەرگ و گوێنەدان بە خواستی مانگرتووەکانی بە خاڵی کۆتایی دادەنا و خودی خواستی مانگرتووەکانیشی بە چەشنێک لە وەهم . بەڵام دەسەڵات بۆ خۆی خودی وەهمەکەیە، هەر لەو چەشنە وەهمەی کە حەوا بە خواردنی سێوەکە خۆی لێ رزگار کرد. لەراستیدا حەوا و ساندز بەو هەڵوێستەی خۆیان دەسەڵاتییان تووشی ئەو گرفتە کرد کە ئەوەی کە وەهمە ئەوانن کە ئەوەندە لەو وەهمەدا نقوم دەبن کە هەمانەکەیان لێ دەشکێت و لە هاوادا بڵاو دەبنەوە.

کچێکی هاوپۆلیم هەبوو کە خەڵکی یەکێک لە وڵاتە ئەفریقاییەکان بوو. سەرەتای ساڵ بوو مامۆستای زانستمان پرسی کە هۆیەکی بەهێزم بۆ بهێننەوە کە ئەگەر شتێک لە تاقیگەدا روویدا، بۆ نموونە ئاگری گرت، من هەوڵ بدەم ژیانی ئێوە بپارێزم؟ هەر کەسێک شتێکی وت. کە سەرەی کچەکە هات وتی: «تۆ دەبێت ژیانی من بپارێزیت چونکە وڵاتەکەم تازە ئازاد بووە و من ئێستا ئازاد بووم و دەبێت چێژ لەو ئازادییە وەربگرم. «

هۆی نوسینی ئەم نووسینە دەرخستنی زیاتری مانگرتنەکەی هاوڕێ سەدیق کەبودوەندە. هیوام وایە مانگرتنەکەی خۆی بشکێنێت چونکە پەیامەکەی ئەو، دەسەڵات لە مێژە وەریگرتووە بەڵام جارێک لە وەهمێک دا دەسووڕێتەوە کە دەبێتە شکاندن و تێدا چوونی هەست و نیستی. کەواتە بمێنەوە بۆ ئەوەی بە زوویی چێژ لە ئازادیی وڵاتەکەت وەربگرێت.

وەرگێراو لە: وێبلاگی پەری کەریمی نیا

# مەڵەوانگەی تێکەڵاو و دیپلۆماتی هەوەسباز!

**کوێستان فتووحی**

رۆژنامەی وال ستریت ژورنال لەم رۆژانەدا لە راپۆرتێک دا رای گەیاند پۆلیسی برێزیل دیپلۆماتێکی٥١ ساڵەی ئێرانی بە هۆی : دەستبردن بۆ کچانی کەمتەمەن بۆ ماوەیەک دەستبەسەر کرد.

مەسەلەکە بەم جۆرە بووە: ئەو «دیپلۆمات»ە ئێرانییە بەوە تاوانبارە کە لە مەڵەوانگەیەکی تێکەڵاو دەستی بۆ دوو کچی تەمەن ٩ ساڵە و ١٤ ساڵە بردوە و ئازاری داون. بەدوای ئەوەدا بنەماڵەی ئەو دوو کچە هێرشی دەکەنە سەر و پاشان پۆلیس لەم شەرمەزارییەی ئەو دیپلۆماتە ئاگادار دەکەنەوە و هەر لەوێ دەسگیر دەکرێ. بەڵام بە هۆی پارێزراویی یاسایی دیپلۆماسیی ئەو دیپلۆماتە ئازاد دەکرێ. ئەم کردەوەیەی ئەو دیپلۆماتە ئێرانییە ریسواییەکی دیکەیان بۆ ئێران و بۆ دەسەڵاتەکەیان دروست کردەوە. بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو کە سەفارەتی ئێران لە برێزیل ئەم رووداوە سەیرەی بەم شێوەیە وەدرۆ خستەوە: «دوای بەدواداچوونی مەسەلەکە بۆمان دەرکەوت کە رووداوی پێشهاتوو لە جیاوازییە فەرهەنگییەکانەوە سەرچاوەی گرتوە«! دوای ئەم روونکردنەوەیەی سەفارەتی ئێران لە برێزیل، رامین مێهمانپەرست وتەبێژی دەزگای دیپلۆماسیی ئێران مەسەلەکەی لە بنەڕەتڕا بە درۆ زانی و گوتی کە بەدواداچوونەکان نیشان دەدەن ئەم باسەی کە بۆتە هۆی خۆراکی تەبلیغاتی لە راگەیەنەکانی رۆژئاوا دا، نادروست و دوورن لە راستییەوە و ئەو جۆرە تۆمەتانە لەگەڵ رابردووی ئەو ئەندامەی سەفارەتی ئێران لە برێزیل نایەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا رۆژنامەی «جمهوری اسلامی» پرسیارێکی لە وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە کردوە، ئەویش ئەوەیە ئایا چوونی ئەو دیپلۆماتە ئێرانییە بۆ مەلەوانگەی تێکەڵاو (ژن و پیاو) راستە یان نا؟ ئەگەر وڵامەکە راستە، بۆچی وەزارەتی دەرەوە چاوەدێری بەسەر کارمەندانی خۆیدا نییە؟ ئەم رۆژنامەیە دەنووسێ: خۆزگە لە لایەن وەزارەتەوە لەم بارەیەوە هەر بێدەنگەیان لێ کردبایە، نەک بڵێ ئەمە بە هۆی جیاوازیی بووە یان ئەمە لە رابردووی ئەم ئەندامەی سەفارەتی ئێران بە دوورە!

ئەم ریسواییەی ئێران و دیپلۆماتەکانی لە نێوخۆی ئێرانیشدا بۆتە هەوێنی جۆک و تەنز، بە جۆرێک کە زۆربەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پڕ بوون لە جۆک و قسەی سەیر و سەمەرە و پێکەنینی لە سەر کار و کردەوەی دیپلۆماتەکان لە دەرەوەی ئێران.

ئەمە یەکەم جار نیە دیپلۆماتەکانی ئێران ئەم ریسواییانەیان لێ ڕوو دەدا. هەر چەند ساڵ لەمەوبەر بوو رەجایی خوراسانی ئەو کاتە نوێنەری رژێمی ئێران لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو ، لە فرۆشگایەکی جلوبەرگ فرۆشی پالتۆیەکی دزی و دووربینە شاراوەکان ئەمەیان تۆمارکردبوو، دوای ئەوەی ویستی لە دەرگاکە بڕواتە دەرێ دەسگیر کرا. جارێکی دیکەش ئاخوندێکی حکومەتی بە ناوی یاسر خەلیلی لە رێورەسمی حەج بە هۆی دزی کردنەوە ٣٨ رۆژ دەستبەسەر کرا.

نوێترین نموونە ئەزیەت و ئازاری جینسیی کچێکی مێرمنداڵ، لە لایەن جێگرکەی سەرکۆنسوڵی کۆماری ئیسلامی لە یەکێک لەئەیالەتەکانی ئەڵمان دابوو. کاتێک بنەماڵەی ئەو کچە دژی ئەم دیپلۆماتەی کۆماری ئیسلامی دەوەستنەوە و داوا لە خەڵک و پۆلیس دەکەن بە هانایانەوە بچن بۆ ئەوەی ئەم کابرایە بکەوێتە بەر لێپرسینەوەی قانوونی، وەزارەتی دەرەوەی ئێران و راگەیەنەکانی رژێم ئەم ریسواییە نوێیەیان وەک پیلانی موجاهیدین و دەستوپێوەندەکانی ئیسرائیل ناو،برد.

دیپلۆماتەکان و نوێنەرە سیاسییەکانی هەر دەوڵەتێک و دەسەڵاتێک لە وڵاتێکی دیکە، نوێنەر و ئاوێنەی ئەو دەسەڵاتە لە وێن. کاتێک بەرزترین دیپلۆماتەکانی وڵاتێک، لە شوێنی کار و مەئموورییەتیان، دزێوترین کردەوەکانیان لێ ڕوو دەدا کە کەسانی ئاساییش خۆیان لێ دەبوێرن، مانای ئەوەیە ئەو دەسەڵاتەی ئەوانی پەروەردە کردوە و لێیان بەرپرسە، دەسەڵاتێکی گەندەڵە. کاتێک رژێمێک، تیرۆر و لە نێوبردنی موخالیفان و نەیاران و تەقینەوە و کردەوەی تیرۆریستیی لە دژی رقەبەرەکان و نەیارانی بە دیپلۆماتەکانی ئەنجام دەدا و ئەم جۆرە کردەوانە دەکاتە پێوانە و بنەمای کار و بەرپرسایەتی پێسپاردن، نەک خوێندەواری و شارەزایی لە پێوەندییەکان و کەسایەتی، شتێکی ئاسایی دەبێ ئەگەر لە دزی و رسوایی جینسییش نەپرینگێنەوە. بە تایبەتی کە دەزانن بەرپرسانی سەرەوەتر لە خۆشیان کارنامەیەکی خاوێنتریان لەوانیان نییە و تەنیا جیاوازییان لە گەڵ ئەوان، پتر ڕۆچوون لە نێو تاوان لە پێناو مانەوەی رژێمەکەیان دایە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# یادی یەکساڵەی جوانەمەرگبوونی سێ خوشک

ن: ڕەحمان مەحموودی

ڕۆژی ٥ شەممە ٢٢ی بانەمەڕی ١٣٩٠ سەعات نزیک بە یازدە زەنگی موبایلەکەم لێی دا. پاش چاکوچۆنی‌یەکی کەم هەواڵی وەرگەڕانی ماشێنێک لە دۆڵی گەڵووی سەرشاخانی پێڕاگەیاندم کە ئی بنەماڵەی کاک فەتاح ڕەسووڵی خەڵکی شارەدێی پەسوێ بووەو هەڵگری ٦ کەس واتا دایکو باوکو سێ کچو نەوەیەکیان بووە. هەواڵێکی دڵتەزێن بوو، باوکیان کە شۆفیر بوو هەڵدێرابوو چەند جێگایەکی شکابووو بێهۆش کەوتبوو، دایک سەرەڕای شکانی سەرێو چۆراوگەبەستنی خوێن لەسەرو گوێلاکی، کوترانی هەموو ئازای بەدەنی، هەر جارێ بۆ لای یەک لە منداڵەکانی هەڵدەهاتو هاواری دەکردو دەیزیڕاندو داوای یارمەتیی دەکرد.. هەر جارێ هاواری یەکێک لە کچەکانی دەکرد. سورەییا! سوهەیلا! موژگان! نەخێر جگەلەوەی کە هیچ دەنگێک نەبوو ناڵەشیان نەبووو هەناسەشیان نەدەهاتە دەر.

دەچووە هەرلایەک جەنازەیەک کەوتبوو لەگەڵ هەڵدێران مێشکیان بە بەردە سەختو گەورەکانی ئەو دۆڵەدا پژابوو. دایک نەی‌دەزانی چ بکا، بۆ کامیان بگرێو قوڕ بپێوێ. لەو کاتەدا فرمێسکەکانیش نەهاتنە خوار.. تەنیا نەوەی ٢ ساڵەیان بە سلامەت دەرچووبوو.

سەرەنجام پاش نیوسەعات خەڵک بە هاواریانەوە هاتنو دایکو باوکی کچانی جوانەمەرگ بە مەبەستی چارەسەرکردنیان بەرەو پیرانشار بران تەرمی بێ گیانی سێ خوشک سورەییا ٢٥ ساڵ، سوهەیلا ٢١ ساڵ و موژگان ١٩ ساڵە بۆ پەسوێ ڕاگوێزران. ئەوان بۆ مردنو لە دونیادەرچوون نەچووبوون، بەڵکوو چووبوون دیمەنی بەهاریی سروشتی سەرشاخان ببینن ئەو شوێنە جوانەو ئەو دیمەنە سەوزانە.

چووبوون ئەو هەمووە کانیاوو گوڵو گوڵزارە کە وەک بەهەشت خەملیبوو، ببینن. ئەوان چووبوون لەسەر هەر بەردێکو لەبن هەرداریکو لەسەر هەرکانیاوێکو لە نێو هەرگوڵزارێک وێنەیەک بە یادگاری بگرنو لە نێو ئالبۆمەکانیان دایانبنێنو جاروبار بۆ خۆیانو هاوڕێکانیان لە شەوانی درێژی زستاندا چاوێکیان پێدا بگێڕن.

دایکی جەرگبڕاو بە مەرگی « سورەییا، سوهەیلا، موژگان پاش دروونەوەی سەرێو تیمارکردنی بە خێرایی نەخۆشخانە بەجێ دێڵێو ڕاستەڕێ دەچێتە سەرقەبران. چ دەبینێ؟ چ ببینێ گەورەو چووکەی دێ بە وردو درشتەوە لەسەر قەبرانن. ژنو پیاو، منداڵو لاو بۆیان دەگریان. بە دیتنی دایکی «سورەییا، سوهەیلاو موژگان» خەڵکەکە هێندەی دیکە کوڵ دایگرتن بە گریانو دەسلەملان بوون هاودەردیی خۆیان پێڕادەگەیاند.

بابیان بە دەست ئێشو ئازارو شکانو کوترانی گیانی‌یەوە لە نەخۆشخانە دەی‌ناڵاند، بێ‌خەبەر لەوە کە سێ کچی جوانەمەرگ بوون.

دوای یەک دوو ڕۆژ کە دەگەڕێتەوە ماڵەوە سەر لە نوێ ئازار هەموو گیانی دادەگرێو ژانی برینەکانو برینی جەرگو هەناوی لێ تازە دەبنەوە. چەند جارێک لە هۆش خۆی دەچێ، سەرەنجام پاش دڵدانەوەی زۆر بە شوکرانەبێژی مل بۆ قەزاو قەدەر ڕادەکێشێو گوێ لە دڵدانەوەی خەڵکەکە دەگرێ کە زۆربەشیان ناناسێو تەنیا بە بیستنی هەواڵی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە بۆ هاودەردی لەگەڵ خاوەنپرسەکە هاتوون.

سورەییا تەمەنی ٢٥ ساڵ بوو. فەوقی‌دیپلۆمی لە ڕشتەی ئەدەبیاتدا وەرگرتبوو، ٢ ساڵێک دەبوو ژیانی هاوبەشی پێک هێنابوو، بەرهەمی ئەو ژیانە هاوبەشەیان کوڕێکی ٢ ساڵە بوو کە تەنیا ئەو لەو موسیبەتە گەورەیە بە سلامەت دەرچووبوو.

سوهەیلا تەمەنی ٢١ ساڵ بوو. ساڵی کۆتایی زانکۆی لە شاری بۆکان دەخوێند. ئەویش بە ئاواتو ئارەزوویەکی یەکجار زۆرەوە، دنیای بەجێ هێشت.

موژگانی تەمەن ١٩ ساڵ بەهۆی هێندێک گیروگرفت تەنیا توانی تا پێنجەمی بنەڕەتی دەرس بخوێنێ. ئەویش ماوەی ساڵێک بوو ژیانی هاوبەشی پێک هێنابوو.

سەرەنجام لە ٢٧١١/٢/٢٢ی کوردیدا بە دنیایەک ئاواتو ئارەزووەوە سەریان نایەوەو کۆڵێک غەمو خەفەتیان بۆ دایکو باوکو خزمان بەجێ هێشتو ماڵئاوایی‌یان لێکردن.

لە ساڵوەگەڕی مەرگی سورەییا، سوهەیلاو موژگاندا جارێکی دیکەش هاوخەمیی خۆمان بە بنەماڵەکەیان ڕادەگەیەنینو هیواداریین کە هیواو ئاواتەکانی ئەو سێ جوانەمەرگە کە ڕزگاریی کوردستان بوو، بە زوویی بێتە دێ.

سورەییا! سوهەیلا! و موژگانی جوانەمەرگ!

کۆچی ناوەختو دڵتەزێنی ئێوە، نەک هەر بنەماڵەکەتان، شارەدێیەکەتانو ناوچەکەتان، بەڵکوو بە هەزاران مرۆڤی لە سەرانسەری کوردستان تووشی خەمو پەژارە کرد. ئێوە کە لە سەرەتای ژیاندابوونو دڵتان پڕ لە خۆزگەو برپاو ئارەزوو بوو، ئێوە کە خۆشەویستیی پێشمەرگە بوونو حیزبی دێموکراتی کوردستانتان لە ناخی خۆتاندا پەروەردە کردبوو، ئێوە کە چاوەڕوانو هیواخوازی ڕزگاریی کوردستان بوون، زۆر زوو بوو بۆ هەڵوەرینیی گوڵی تەمەنتان. لێرە لە گەرمێن، ئەو جێگایەی خۆشەویستانی هەزاران لاوی تینووی ئازادیی وەک ئێوەی لێ گیرساوەتەوە، هەموومان تەنانەت ئەوانەی ئێوەشیان دووراودوور دەناسی، بۆ مەرگتان ماتەمبارو چاوبە فرمێسک بووین. ئەگەرچی ئاواتی نیشتمانیو نەتەوەییو شەخسیی ئێوە، نەهاتەدیو زۆر زوو لە دەست ئێمە چوون، بەڵام دڵنیاتان دەکەینەوە کە ڕۆژی ڕزگاریی نیشتمان، ئۆگرانی ئێوە بە چەپکەگوڵی وەفاوە، دێنە سەر گڵکۆکانتان.



*سووریا رەسوولی ٢٥ ساڵ * موژگان رەسوولی ١٩ ساڵ *سوهەیلا رەسوولی ٢١ ساڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژن لە شێعرەکانی هێمن دا



ن: نێعمەت مەلا

سەرەتای هەر کەسێک لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکات کە لە دایک دەبێ‌و لە باوەشی دایکدا گەورە دەبێ‌و لە نێو باوەشی ئەو گەورە ژنهدایە کە زۆر پیاوی گەورەگەورە پەروەردە دەبن‌و دێنە نێو کۆمەڵگا.

یەکێک لەو گەورە پیاوانە کە دەتوانین بڵێین کەسایەتی‌یەکی ناسراوەو کەم‌کەس هەیە لەم سەردەمەداو لە نێو کورددا بەتایبەت نەی‌ناسێ، شاعیرێکە لە داوێنی دایکدا پێ گەیشتوەو هاتۆتە نێو کۆڕی خەبات‌و ئەدەبی کوردی‌و خۆی بە هەموو کەس ناساندوەو باسی لە ژن‌و نەهامەتی‌یەکانی کردوەو بە شێعرەکانی زۆر شتی بە کیژان‌و ژنانی کۆمەڵگاکەمان گوت. ئەو شاعیرە کەسێک نەبوو بێجگە لە مامۆستا هێمن.

ڕەنگە بۆ باس کردن لە مامۆستا هێمن هەر ئەوەندە بەس نەبێ کە بگوترێ ئەو شاعیرە کێیەو چۆن ژیاوە، بۆیە وشەکانم کورت دەکەمەوەو دەڵێم شاعیرێکی وەک هێمن هەمیشە لە نێو دڵی گەلیدا ماوەتەوەو دەمێنێ.

هێمنی شاعیر لە بەهارو لە شەوی جێژنی بەراتی ساڵی ١٣٠٠ی کۆچیی هەتاویدا لە ئاوایی لاچینی سەر بە شاری سابلاغ هاتۆتە دنیاوە.

هێمن لە نێو بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندو دەسترۆیشتوودا کە سەیدو شێخ زادە بوون لە دایک بووە. ناوی دایکی « زەینەب « کچی « شێخ یوسف شەمسەدینی « ناسراو بە « شێخی بورهان» شێخی تەریقەتی نەقشبەندی‌یە کە بنەماڵەیەکی ناودارو ناسراوی موکریانن.

پرسی ژن‌و پشتیوانی‌و پشتگیری لە سەربەستی‌و ڕزگاربوونی لە کۆت‌و بەندو ستەمی کۆمەڵایەتی، یەکێکە لەو بابەتانە کە هەر لە سەرەتاوە مێشکو بیری هێمنیان داگرتوە. هەروەها لە ڕوانگەی دڵسۆزی‌و کوردایەتی‌یەوە ئاوڕی لە ژن داوەتەوەو دەڵێ:

**دێدە گیان کچی کوردی ژیکەڵە**
**داوێنی پاکت دووربێ لە پەڵە**
**کچی هەموو کەس ئیمڕۆ سەربەستە**
**هەر هەقی کچی کوردە پێپەستە**

یان لەو شێعرە بەناوبانگەیدا کە لە تاریک‌و ڕووندا چاپ‌و بڵاو کراوەتەوە دەڵێ:

**چۆن دەبێ سەربەست گەلی ژێر دەست کە کچ دابەستە**
**بێ**
**بەس نەبێ ئەو کویلەتی‌و ئەو کچ لەژوور دابەستنە**
**دەرکی داخستوە لە تۆ بابت کەچی دەرکی نیە**
**دەرکە داخستن لە تۆ دەرکی هومێدداخستنە**

لێرەدایە کە مەسەلەی ژن لە لای هێمن ڕاشکاوانە دێتە ئاراوەو باس لە کۆمەڵی دواکەوتووی ژێردەست دەکاو ڕاشکاوانە دەدوێ‌و دەڵێ ئەگەر چی ژن بە نیوەی کۆمەڵ دادەنرێ بەڵام ئەگەر ئەو نیوەی کۆمەڵە نەبێ ئەوە قەت ئەو کۆمەڵە بە ڕزگاری ناگاو پێش ناکەوێ واتا ڕزگاریی ئەو کۆمەڵە بەستراوەتەوە بەو، بۆیە دوایەش ڕووی قسەی لە ژنان دەکاو دەڵێ کە تاکوو کەی دەتانەوێ ژێر دەست بن‌و لە زانست‌و فێربوون دوور کەون، وەرنە پێش‌و وەک کچان‌و ژنانی جیهان فێری زانست‌و تێکۆشان بن. هەروەک لەو شێعرەیدا ڕاشکاوانە قسە لەگەڵ ژنان دەکاو دەڵێ:

**داڕزینە، مردنە، ئاخر هەتا کەی پێت بڵێن**
**نابێ بێتە دەر لە ماڵ، مافی ژیانی کوا؟ ژنە**
**لادە چارشێوی ڕەشت با دەرکەوێ کوڵمی گەشت**
**چۆن لە قەرنی بیستەما زۆر عەیبە ئەو رووگرتنە**
**کیژی خەڵکی بۆمی ئاتۆمی دروست کردو ئەتۆش**
**هەر دەزانی ناوی (ئەستێوڵک)و (دەرخۆنە)و (پنە)**
**فێری زانست‌و هونەربوو ئەو لە سایەی خوێندنێ**
**تۆش تەشیمان بۆ دەریسی، یادگاری شیرنە**
**کوڕبەزێنە ئەو لە عیلمو ئەو لە کارو سەنعەتا**
**گۆڕەویشە سەنعەتی تۆ، پێت خەنی بووم بیچنە**
**ئەو پەچەو ڕووبەندو چارشێوەی نەدیوە نەنکی تۆ**
**ئەو شڕو شاڵاتە دیاریی دوژمنی دڵچڵکنە**
**با هەزار (زێ)و (گادەر)و (لاوێن)ی ڕوونیشمان هەبێ**
**تاکوو ژن ئازاد نەبێ سەرچاوەیی ژین لێخنە**

ڕەنگبێ هێمن زۆر لایەنی نەهامەتیی ژنی شی کردبێتەوەو هێنابێتیە بەر باس، بەڵام لەهەمان حاڵەتدا بۆ چارەسەری ئەو نەهامەتی‌یانە دەڵێ:

**کۆیلەتی باوی نەماوە، کیژی کوردی خۆشەویست**
**ڕاپەڕە، هەستە، لەخەو، ئاخر چ وەختی نوستنە**
**دەرکە بشکێنە، پەچە بدڕێنە، ڕاکە مەدرەسە**
**چاری دەردی کوردەواری خوێندنە، هەر خوێندنە**

کاتێک کچی کورد دەرگای نەزانی‌و نەهامەتی دەشکێنی‌و دێتە دەرێ‌و زاناو خوێندەوار دەبێ‌و بۆ بەرەوپێشچوونی خۆی‌و کۆمەڵگاکەی تێ‌دەکۆشێ ئاوا دەڵێ‌و زیاتر هانی دەدا:

**ئەی کچی جوان کچی لەبار**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ئەی کچی زاناو خوێندەوار**
**ئەی گوڵاڵەی نواڵەی کوێستان**
**مایەی شانازیی کوردستان**

هەروەک گوتم هێمن زۆر شارەزایانە لە بواری ژن دواوەو خستوویەتیە ڕوو، ژن وەک ( شۆڕە ژنو شێرە ژن) دەناسێنێ و وەکوو چۆن گوتم باسی لە نەهامەتیی ئەو کردوە ئاواش ڕێگا چارە سەری گرفتەکانی ژن نیشان دەداو بۆ چوونی خۆی لە ئاست ئازادیی ژن لە ناو کۆمەڵدا دەردەبڕێ.

هێمن تێگەیشتووانە باسی لە ژن کردوەو بە باشی پەیی بە واقعیەتی دەوران بردوەو هەمیشە لە گەڵ ئەو ئازارانەی کە دیتوویانەو هەیانە بووەو هەمیشە باشترین هاندەریان بووە بۆ ئازادی .

بە داخەوە ئەو کەسەی ژیانی بۆ خەبات بۆ نەتەوەکەی‌و ئەو بەشەی کۆمەڵگا کە ژن پێکی دێنێ تەرخان کرد، لە ناکاو لە ٢٩ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٥دا دڵە گەورەو جوانی پەرستەکەی لە لێدان وەستاو داخ و خەمێکی زۆری خستە نێو دڵی هەموو لایەک.

ئەگەر بمەوێ زیاتر لە هێمن بدوێم ئەوە دەتوانم بڵێم قسە کردن‌و لێکدانەوەی شێعرەکانی کاری کەسانێکی شارەزاو پسپۆڕە کە بەباشی لەو شارەزان‌و دەتوانن باسی لێوە بکەن. ئەمن تەنیا دەتوانم باس لەوەندە بکەم کەسێکی وەک هێمن بەو وتارە کورتە کۆتایی نایەت‌و هەر ئەوەندە کە بۆ خۆم لێی شارەزام باسی لێ‌دەکەم‌و بەم شێعرەشی کۆتایی بە باتەکەم دێنم‌و دەڵێم:

**نامەوێ روو بگرێ تا دەمرێ بە فێڵبازی‌و درۆ**
**یاری نازداری، لەباری، دیاری شەرمینم دەوێ**
**من تەشی‌ڕێسێکی وەک ( شیرنی وەفایی)م بۆچی یە**
**کیژی وریای چاوکراوەی فێرە زانینم دەوێ.**

## دەمارەکان




ن: بەیان سوهرابی

هەڵوێستی ڕێپێوانێکن
لە زیتەزیتی زەردەخەنەی روخساری شەیتانۆکەدا
فەلسەفە دەرێسن
من هێشتا بەهێز
لە شهودێکی بێ گومانەوە
تا تەقەلای هیجرەت
گوێ نادەم بە خۆم
ڕەگاژۆی ئەندیشەیەکم بێدەرەتان
من هێشتا بەهێز
بەدیار قەڵافەتی ئەنگوستەکانتەوە
جگەرە دەکێشم
تەرجومانی دیاردەیەکم لە دەرەوەی کات‌و شوێن
گاڵتە بە خوڵ دەکەم
من هێشتا بەهێز
بە دەم ئیشراقێکی مەیلەو شێتەوە
ڕۆحم هەڵ دەوەڕێ ..



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# من اگر زن بودم



تن اشعار فروغ زیر گریه‌های من می‌خیسید
مادرم روی سرم درد خودش را می‌بافت
زندگی دور تنم،پیله‌ای تنگ و سیه می‌ریسید
من اگر زن بودم
...حسرت سرسره بازی به دلم خون می‌ریخت
حسرت یک نفس و
دیدن سایه ی تنهای خودم توی خیابان

و رهایی ز نگه‌های حریصی که به من می‌آویخت

من اگر زن بودم
سندم دست کسی دیگر بود

پدرم طناب قلاده ی ناموس مرا دست کسی می‌انداخت
دفتر مدرسه‌ام
و خودم
و تمام هستی‌ام تحت نظر بود
توی تاکسی مثل موش،توی خودم میرفتم
که مبادا،چشم راننده ی هیزی بپرد روی سرم
که مبادا دست مسافر
سهوا
بخورد به سینه‌ها و کمرم

من اگر زن بودم
عشق را بی ادبی،فاحشگی میخواندم
زیر بار بردگی ،سر به زیر و بی صدا می‌ماندم
شوهری داشتم و کسی نمی‌گفت
دخترک ترشیده ست
کودکی میزادم،روی فرشی ز بهشت
به امید آنکه پشت این زندگی بی معنی
خانه ی خورشید است
من اگر زن بودم...
.
من اگر زن باشم
میزنم تو دهن این زندان
می‌درم،قبر ابریشمی دور و برم را
آسمان را به زمین می‌بندم
خانه را به صاحبش می‌بخشم
میشوم کلید آزادگی و حرمت انسان

ن: ماردین امینی

## یەسنا

شەوی پاییزە تەزووی سەرمایە
دەف شەهید، نەی کز و بێ ئاوایە
شێخ و تەکیە سوجدەبەر چاوەڕوان
چون بەڵێنی ماچی گشت حۆریایە
ئەمشەو گیانە تێکەڵاوە دەوران
زکری قورئان، ئایەت و ئەوێستایە
یەک وەحی بەخشێنەری گەرمایە
ئەویش ئایەت بە وەحی یەسنایە

نیشتمان کوردستانی



# هەڵسەنگاندنێکی شانۆنامەی مەرگ و کچ

ن: شەهلا دەباغی

شانۆنامەی مەرگ و کچ باس لە چەندان پرسیاری سەرەکی تاک و کۆمەڵ دەکا: کە تاک هەڵگری حەقیقەتێکە، بەڵام هیچ بەڵگە و شاهیدێک جگە لە هەستەکان نییە بۆ ئیسباتی ڕاستی بە دەوروبەر. ئاخۆ کێ باوەڕت پێدەکا؟ بە شێت داناندرێت؟ ئایا بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی مەدەنی، دەبێ هەمیشە پیاوانی ڕاشیۆنێل و ئاقل بڕیار بدەن؟ ئایا ئینسانەکان دەتوانن یەکتر ببەخشن یان تەنیا ڕێگا، لەناوبردنی دیکتاتۆران و دەسەڵاتدارانی پێشوویە؟ کاتێک کە ژنێکی ڕاستگۆ باوەڕی پێ‌ناکرێت بەڵام زۆر ئاسان، پیاوێکی درۆزن و ئەشکەنجەگەری سەردەمی دیکتاتۆری دەتوانی خۆ حەشار بدا و باوەڕی خەڵک وەدەست بێنێ. ئەمانە و زۆر پرسیاری‌تر لە مەرگ و کچ دا هاتونەتە ئاراوە. لە شانۆنامەی مەڕگ و کچ دا بۆ یەکەم جار ئەکتەرێکی کوردی ژن، تەلار هیرانی لە ڕۆڵی پاولینا سالاس، بە شەهامەتێکی بێ‌وێنە، چۆتە بەرگی ژنێک کە دەبێ گوزارشت لەوە بکا چۆن، چەندین جار لە زیندان‌دا، دەستدرێژی جنسی پێدەکرێ و چۆن بە «قەحبە» ناوی دەبەن. پاولینا باس لەوە دەکا کە چۆن لە ١٥ساڵ ژیانی دوای زیندان، ژانێک لەناو رووحیدا پەنگی خواردووە. باس لە بەسەرهاتێک دەکا کە لەلایەن مێردەکەشی کە پارێزەرێکی سەرکەوتوویە و لە لایەن سەرۆکی وڵات کراوەتە «بەرپرسی کۆمیتەی لێکۆلینەوە لە تاوانەکانی ڕژێمی پێشوو»، داوای لێدەکرێ کە ئاقڵانە بجووڵێتەوە. پارێزەر، گێراردۆ ئێسکۆبار، نوێنەری ئەقڵ، وەزیفە و رووشنبیری و یاسا، لە نێوان هەستەکانی خۆی و ڕاشۆنالیتێتدا لە نێوان ئەشق بە پاولیناو کارەکەی، دێت و دەچێ. ئاخۆ گیراردۆ چەندە باوەڕ بە پاولینا دەکا؟ بۆ گیراردۆ ناتوانێ بە دەنگی بڵند بڵێ کە ژنی ئەو یەک لەو کەسانەیە کە دەستدرێژی پێکراوە؟ لە دیکتاتۆرەکان دەترسێ کە ئاتۆیان بکەوێتە دەست یان لە ئابڕووی خۆی؟ پاولینا ئەو ڕازەی تەنیا بۆ گیراردۆ باس‌کردووە، بەڵام قەت هەستی بە حەسانەوە نەکردووە. پاولینا بە دەنگ و بۆن دەستدرێژکەر دەناسێتەوە، بەڵام ئایا ئەو هەستانە بۆ گیراردۆ و کۆمەڵ جێگای متمانەن؟ ڕۆژێک لە ڕۆژان پاولینا بە مۆرکردنی زاری خۆی هەوڵیدا کە لەژێر ئەشکەنجەش، قسە نەدرکێنێ و گیانی گیراردۆ نەجات بدا، بەڵام ئێستا دێسانەکە دەبێ پاولینا پێ لە خۆی و هەستەکانی خۆی بنێ. پاولینا دوای زیندان نەیتوانیوە دەرس تەواو بکاو ئێستا ژنێکی ئاساییە کە دەبێ ئاگای لە ڕێکوپێک کردنی ژیانی ڕۆژانەی گیراردۆ بێت، فراوینی خۆشی بۆ سازبکا، ئاگای لە جەکی ماشێنی گیراردۆ بی و میوانداری بۆ بکا. لە ١٥ ساڵدا گیراردۆ بە پاولینای گوتووە کە چ بکا و چ نەکا، لە حالێکدا گیراردۆ بۆ خۆی بەبێ پرسی پاولینا، پۆستەکانی باڵا وەڕدەگرێ و بڕیار دەدا. گیراردۆ داوا لە پاولینا دەکا کە ئاقڵانە بجولێتەوە کەچی کاتێک دوکتۆر ڕۆبێرتۆ میراندا، ئەشکەنجەگەر، باس لە نامووسی گیراردۆ دەکا، پارێزەر یاسای لە بیردەچێتەوە و دوکتۆر بە «کوڕی قەحبە» نێودەبا. پاولینا تەنیا ئارەزوویەکی هەیە، ئەوە کە باوەڕ بە هەزاران ژن و کچ بکەن کە چۆن کەسایەتییان بە رووح و لەشەوە، کەوتۆتە ژێر دەستدرێژی. تەنیا ئارەزوویەک، کە ئەشکەنجەگەران، چیتر درۆ نەکەن و لەو ئاکارە پیسانە کە کردوویانە، لە دڵەوە پەشیمان ببنەوە. تیپی شانۆی ئارارات بە ڕژیسۆری فازل جاف، لە ڕێگای تێکستێکی بەپێز و ئینسانییەوە، بە دیالۆگ لەگەڵ بینەر و هێنانەکایەی بینەر بۆ ناو شانۆ، گوزارشت لە کۆنفلیکتێک دەکا کە گرفتی نێوان زۆر بنەماڵە و ئینسانە لە وڵاتانێک کە لە پرۆسەی بەرەی کۆمەڵگای مەدەنین. گۆزارشت لەو ژنانە کە لە سەرانسەری جیهان و لە هەر چوارپارچەی کوردستانی خۆشماندا کەوتوونەتە بەر شاڵاوی دەستدرێژی جنسی و رووحی. زمانی ئەو گۆزارشە، زمانێکی تۆتالیتەر و پیاوسالارە کە لە خۆیدا هەم بۆتە هۆی بەهێزکردنی شانۆکە و گۆڕانکاری لە شانۆی کوردیدا و هەم گۆزاڕشت لەوە دەکا کە چۆن زمانی ڕۆژانەی ئێمە زمانێکی پیاوسالارە. پاولینا، نوێنەری ئەو ئینسانانەیە کە دەیانەوێ بە مافی خۆیان بگەن، بەڵام باوەڕیان بە سیستێم و ئەو دیمۆکراسیانە نییە کە تێیدا، لیستەی ناوی زاڵمان و ڕاستییەکان دەشارێتەوە. ئایا پاولینا دەبێ زاڵم بکوژێ یان بیبەخشێ؟ مرۆڤێکی زوڵملێکراو تا چ ڕادەیەک بۆی هەیە کە ئازارەکانی خۆی بکاتە سەرچاوە بۆ بڕیاردان لەسەر داهاتووی ژیانی دیکتاتۆران و ئەشکەنجەگەران؟ ئایا درووستە کە وەک دیکتارۆرەکان جوڵاوە؟ شانۆنامەی مەرگ و کچ لە لایەن دەرهێنەری بەتوانا فازل جافەوە پێشکەش کراوە بە ئەو ژنە سیاسیانە کە ئەشکەنجە کراون. من دەڵێم کە ئەو شانۆیە دەتوانێ بۆ هەموو ئەو ژنانەش بێت کە هەڵگری ڕاستین، بەڵام ڕۆژانە لە چوارچێوەکاندا قەتیس دەمێنن و قەت باوەڕیان پێناکرێ ... .



لە تریبوونی فیمینیستی وەرگیراوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مناڵەکانی نێو زیندان ...


ن: مریەم قازی

رۆژین ٥ ساڵی تەمەنە! دایکی ساڵێکە لە زیندان دایەو هێشتا نازانی بابی لەسەر چی بەجێی هێشتوون؟ ئەو نازانێ تریاک و هێرۆیین چیە، بەڵام دەیزانی کاتێک بەدەستی دایکی نەدەگەیشت لە تاوان شێتو هار دەبوو! ئەو تێناگا لە زیندان و تریاک و هێرۆیین و بەجێ هێشتنی بابی کامییان خراترن بەڵام تادەگا هەمووی هەر خراپە! جاری واشە بە خۆی دەڵێ: رەنگە هەموو ئەوانە خەتای وەبێ کە منداڵمو هیچ نازانم...

حومێرا سێ ساڵی تەمەنە، ئەو ناتوانێ بیر لەشوێنێکی تر بکاتەوە، چونکە جارێ زۆر منداڵە، جارێ وشە ناناسێ تا بزانی قەتڵ چییە و دایکی قاتڵە یانی چی؟ ئەو ژنە شەڕانیەی دەڵێن لەسەر کاری خراپ گیراوە چون دەنگی حومێرای گۆرانی بێژی پێ خۆشە ناوی ئەوی ناوە حومێرا و بەدەنگە ناخۆشەکەی گۆرانییەکانی دەڵێتەوە. ئەو منداڵتر لەوەیە کە بتوانێ وڵامی ئەم پرسیارەی دایکی بداتەوە کا جارو بار رووی تێدەکاو دەڵێ: من تاوانبارم تۆ چی روڵە چارەڕەشەکەم کە هیچکات کەس لێت ناپرسێ؟...

ئەسمەر شەش ساڵی تەمەنە. ئەو نازانێ بۆچی سەرەڕای وەی کە بەشە چێشتی خۆی دەخوا رۆژ لەرۆژێ لاوازتر و رەنگ زەردترە؟ ئەو نازانێ بۆچی هەرکات دەوروبەرییەکان و تەنانەت دایکیشی لێی توورە دەبێ پێی دەڵێن:« کرمن»! بەڵام زۆر لەو کرمە وردانە دەترسێ کە لە پیساییەکەی دا دەجوڵێنەوە لەوانەیە هێلانەیان لە زگی ئەودا ساز کردبێ!...

شۆڕش بابی زۆر خۆش دەوێ هەرچەند کە قەتی نەدیوە، نێو ژنانی زۆر پێ ناخۆشە دەگەڵ وە کە هەمێشە لە نێوییان دایە. جەفەنگی ئەوژنانەشی زۆر پێناخۆشە کە جار و بار دەستی بۆدێنن. تادەگری دایکی بەوەی ژێر دەکاتەوە کە بابێ دێ لەدوویی و دەیباتەوە بەڵام نازانێ ئەم بەڵێنییە شیرنەی دایکی بۆچی قەت وەدی نایا؟ ئەوەش نازانێ بۆچی تا بەودەڵێن: «بیژوو» دایکی دەرهەڵدەبێ و دەیکاتە شەڕ؟...





ئەو رۆژە روژین و حومێرا وئەسمەر و شۆڕش لە سەر عەرزە سمیتەکە دانیشتبوون چاویان لە شووشەی تلویزیۆنەکە رامابوو کە لەسەرەوەی بەندەکەیاندا بۆیان هەڵاوەسیبون، ئەوان لەبەر چەقە چەقو هەرا هەرای ژنەکانو خشە خش و بەفرەکی بەرنامەکە چاک حاڵی نەدەبوون ئەم هەمووە خۆشییەی منداڵەکان لە ژێر ئەم عاسمانە شینەو پەرژینی پزدانو فش فشە و خۆاردەمەنی دا لەبەر چییە؟ تەنیا ئەوەندەیان لە زمان وێژەری دم بەپێکەنینی بەرنامەکە دەبیست کە:

ئەورۆ رۆژی جیهانی منداڵانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەگەر مێردی پێنەکەی ئابڕوومان دەچێ!

**ئا: ژنان**



هاجەری کرچوکاڵ، لەبەردڵان، خوێن شیرین‌و حەیابەخۆ کچی بنەماڵەیەکی سوننەتی بوو کە لە ناوچەی موکریان دەژیا. بە هۆی ئەوە کە بابی مەلا بوو، جار جار دەبووایە لەم دێ بۆ ئەو دێ‌و لەم شار بۆ ئەو شار کۆچ بکەن. بابی هاجەر ماوەی چەند ساڵێک بوو کە لە تاچیناوێی شنۆ مەلایەتیی دەکرد. لەو ماوەیەدا هاجەرو مامۆستای قوتابخانەی گوندەکە دڵیان چووبووە سەر یەکتری‌و عیشقێکی پاک‌و بێگەرد لە نێوانیاندا بناغەی داکوتابوو.

بەڵام بۆ جارێکی دیکە ماڵە بابی هاجەر ماڵیان بار کردو چوونەوە دێیەکەی خۆیان. هەر بۆیە غەمی دووری‌و لێوبەباری‌و فرمێسکی ئەوین ببوون بە خۆراکی دوو دڵدار. چەند مانگ پاش ڕۆیشتنیان لە تاچیناوێ مامۆستای قوتابخانەو دایک‌وبابی چوون بۆ خوازبێنیی هاجەر، بەڵام ماڵە بابی بە هیچ جۆرێک ملیان بەو زەماوەندە نەدەدا. دوای چەند جار داخوازی ئەوان هەر لەسەر قسەی خۆیان سوور بوون. مامۆستای ئەویندار زۆری تکا لە هاجەر کرد لەگەڵی بڕوا. بەڵام ترسێکی سامناک ببوو بە لەمپەر بۆ راکردن‌و خۆ دەربازکردن‌و ڕۆیشتن بەرەو کەژاوەی خۆشەویستی. هەر لەو سەروبەندەدا ماڵێکی دیکە لە توێژێکی دیکەی کۆمەڵگەو بە ناوبانگێکی دیکە چوونە خوازبێنیی هاجەر، بەڵام هاجەر هەرگیز رازی بە زەماوەندە لەگەڵ پیاوێکی بە تەمەن زۆر لە خۆی گەورەترو مرۆڤێکی لەخۆبایی‌و غەڕرە بەپووڵ‌و سامان‌و بەرزەفڕو هتد.. نەبوو. ماڵە بابی هاجەر بەپێچەوانەوە زۆر بە سانایی هاجەریان پێشکەش بەو کوڕەو بنەماڵەکەی کرد.


ترسەنۆکی‌و دابونەریتی دواکەوتووانەی زاڵ بەسەر کۆمەڵگە لەو سەردەمەدا بوو بە هۆی نەحەسانەوەی هاجەر لە ژیاندا. ئەو کوتوپڕ لە بنەماڵەیەکی کەم خێزان‌و چینی مام ناوەندیی کۆمەڵگەوە کەوتە زاری بنەماڵەیەکی پڕ خێزان‌و دەوڵەمەندو میواندار. لە هەمان کاتیشدا مێردێکی بێ پرەنسیپ‌و بە تەماع‌و جیاواز لەگەڵ هەست‌و سۆزو نەرم‌ونیانیی هاجەر. کاری زۆرو خەسووی خراپ‌و دشی بێ بەزەیی‌و کولتووری سوننەتی ژیانی هاجەریان کردبوو بە دۆزەخ. هاجەری تازەبووک کە تەنیا چوار مانگ بەسەر دوو گیانبوونیدا تێ دەپەڕی، ڕۆژێکیان لە بەر شێرەی حەوشە دانیشتبوو قاپی دەشوتن کە لەپڕ نرکە لەپشتی هەستاو بە شەقی خەسووی کە بێ بەزەیی‌یانە لەپشتی دا هەر لە جێ منداڵەکەی لەبەر چوو. نووسینەوەی تاڵی‌و سوێریی ژیانی ناوبراو چ لەگەڵ خەسوو، خەزوورو دشەکانی چ لەگەڵ مێردە بەسەرهاتێکی هێندە ناخۆشە ئەمن ئێستا کە پاش تێپەڕینی ساڵانێکی دوورو درێژ لەو ڕووداوانەو وەک خزمێکی نزیکی ناوبراو ئەو بەسەرهاتانە بۆ ئێوە دەگێڕمەوە بەهۆی خەمی لە دەستدانی هاجەری ئازیزم کاغەزەکەم بە فرمێسک لێ تەڕ دەبێ. هاجەر تا لە ژیاندا مابوو هیچ کات نەی توانی وەک ژنێکی ئاسایی بچێ بۆ ماڵی خزمەکانی، بچێ بۆ بازاڕ بۆ شت کڕین، بچێ بۆ سەیران، بچێ بۆ قوتابخانەی منداڵەکانی چونکە ئەگەر هەرکام لەو کارانەی کردبایە بە دڵنیایی‌یەوە تووشی گرفت‌و قسەی ساردو سووک دەهات. مێردەکەی ئەگەر بیویستایە شتی بۆبکڕێ دەچوو چوار جووت کەوش‌و سێ، چوار قەوارە کراسی بۆ دەهێنایەوە ماڵێ، هەرکامیانی پێ جوان بایە دەبوو بی گێڕابایەتەوەو ئەوانی دیکەیان دەبردەوە بۆ کابرای دوکاندار. مێردەکەی بڕوای بە مرۆڤبوونی ژن نەبوو هەموو کات دەیگوت ژن هەر بەشەر نین ئەگەر دەی بردەوە بۆ ماڵی خوشکی هەر پاش نانخواردن‌و سفرەکۆکردنەوە بێ سێ‌ودوو دەبوو خۆی‌و منداڵی پێچابایەوەو ڕۆشتبایەن. هاجەر هەمیشە تامەزرۆی دانیشتن لەگەڵ خوشک‌و دایکی بوو. بێ‌بەزەیی‌بوونی مێردەکەی شتێک بوو کە هەر لە سەرەتاوە هاجەری کەم تەمەن‌و بێ ئەزموونی وەک مێوورۆن نەرم کردبوو. هەرچی خۆی بیویستایەو بیکردایە هیچ زاتێک بۆی نەبوو بڵێ نا. جنێوو بێ حورمەتی، دڵپیسی‌و فەخرفرۆشی بە ماڵ‌و سامان لە تایبەتمەندی‌یەکانی هاوسەری هاجەر بوون. زۆرجار دەی‌گێڕایەوە کە کاتێک ئەو ماڵە چوون بۆ خوازبێنی‌کردنی چوار ڕۆژ لە ماڵی ئەوان ماونەتەوەو بڕیاریان داوە هەتا هاجەر نەڵێ باشە مێردی پێ‌دەکەم نەڕۆنەوە. دەیگوت دایکم پەیتا پەیتا پێی دەگوتم ئەگەر مێردی پێنەکەی ئابڕوومان دەچێ! ئەوان ئەوە چەند ڕۆژە لێرەچاوەڕوانی وەڵامی تۆن، ئەتۆ چۆن دەڵێی نا. هاجەر هیچ پەنایەکی بۆگەڕانەوە بۆ دواوە نەبوو، داهاتووشی کە باش دەیزانی چەندە لێڵ‌و ناڕوونە. ئەو لە ماوەی ژیانیدا هەتا گەنج بوو سەرەڕای ئەوەی کە لە شار مێردی کردبوو بەڵام کارەکەی لە سەرەتاوە چەوەندەر پاک کردن‌و ترشیات‌چاک‌کردن‌و روب‌کوڵاندەوە بوو. خزمەتی بنەماڵەو راپەڕاندنی ئەو کارانەش لە ئەرکەکانی ناوبراو بوون. پاش جیابوونەوەو سەربەخۆبوونیش ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لە ژیانیدا پێک نەهات. بەڵام بێ دەرەتانی‌و بێ هیوایی‌و شک نەبردنی ڕووناکایی‌یەک وای کرد کە هەتا مردن هاجەر غەم‌و پەژارەکانی هەر لە ناخی خۆیدا رابگرێ. مەخابن بۆ هاجەرە بێ دەنگەکانی نیشتمانەکەم. هاجەر لە تەمەنی ٥٧ ساڵیدا بە کۆڵێک غەم‌و نەهامەتیی‌یەوە سەری نایەوەو چەند مانگێک پاش مردنەکەی مێردەکەی ژنی هێنایەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە نووسینەکانی نووسەری فەرانسەوی ئیدیر

حەز دەکەم بچیە دەرێ، پێبکەنی، باسی خۆشەویستی بکەی. حەز دەکەم مافی ئەوەت هەبێ بڵێی تەمەنم بیست ساڵە... هەر نەبێ بۆ چەند رۆژێک!



وەک هەموو بەیانی‌یەک چوویتە بەردەم ئاوێنەکە بۆ ئەوەی لێچکەی سەرت وەها قایم بکەی کە هەتا ئێوارێ لێک نەبێتەوە. بەرلەوەی لە ماڵ دەرکەوی بە نیگایەک لێت روانیم‌و ماڵئاواییت کرد. پاسەکە دەتبا بۆ زانکۆ .. لەوێ داهاتوویەک بۆخۆت بنیات دەنێی. بێجووڵە مامەوە. بیری تۆ هەموو جەستەمی داگرت. بۆ ساتێک هەستم کرد چەند بەختەوەرم کە لە ماڵی ژیانمدا تۆ دەژی. ئەوەم بە دەنگی بەرز نەگوت، تەنانەت بە سرتەش نا، لە دڵی خۆمدا گوتم. ئاخر کچم، لە وڵاتی ئێمە هێندێک شت هەن قەت نایانڵێین!

ئەمن بە باشترین شێوەی خۆم تۆم گەورە کرد. هەمیشە هەوڵم دا رێساکان وەبەرچاو بگرم، هەمیشە ویستم نەریتەکان درێژە پێ بدەم. تۆم گەورە کرد وەک چۆن دایک‌و باوکمان ئێمەیان گەورە کرد.. تۆم گەورە کرد وەک چۆن ئەو پیاوانەی بە رۆژ لە مزگەوت دەیان‌بینم کچەکانیان پەروەردە دەکەن، وەک هەموو خەڵکی دەڤەری خۆمان. بەڵام ئەوەتا ئەمڕۆ لە خۆم دەپرسم : ئایا ئەمە لەپێناوی بەرژەوەندیی تۆدا بوو یان هەر بۆ ئەوەی ئەمنیش وەک ئەوانم کردبێ؟

ئێستا ئەمەو زۆر گومانی ترسناکی دیکە دەوریان داوم.. من تۆم گەورە کرد، بەڵام ئایا تۆ بەختەوەری؟ دەزانم منیش لەگەڵت زاڵم بووم. دەزانم ژیانت پڕ بووەو پڕە لە قەدەغەکان.... دوای قوتابخانە دەبێ یەکسەر بێیەوە ماڵێ.. شەممە شەوان بۆت نیە بچیە دەر! هەتا دێ ئەو پرسیارە زیاتر مێشکم دەکرۆژێ کە ئایا کاتێک هاواڵەکانت دەچن بۆ دانس، تۆ بە تەنیا لە ژوورەکەتدا بیر لە چی دەکەیەوە؟ هەموو لایەک شانازیت پێوە دەکەن، ئەتۆ هەمیشە قوتابی‌یەکی نموونە بووی، بەڵام ئەرێ بەڕاست چەند جار بزەیەکی راستەقینەمان لەسەر لێوی تۆ دیوە؟

ئەمن هەموو ئەو پرسیارانە لە خۆم دەکەم، بەڵام قەت رووبەڕووی خۆت نا. ئاخر کچم، لە وڵاتی ئێمە هێندێک شت هەن قەت نایانڵێین! چ دەبێ بۆ جارێکیش بووە گوێ نەدەینە ئەم‌و ئەو؟ چ دەبێ بۆ تاوێکیش بووە لەژێر باری قورسی ئەو رێککەوتن‌و چوارچێوانە بێینە دەر؟ چ دەبێ بۆ ساتێکیش بووە مافی ئەوەت هەبێ چۆنی بۆخۆت پێت خۆشە وا بکەی؟ چ دەبێ بۆ تاقە کەڕەتێکیش بووە پرچت بکەیەوەو سەما بکەی؟ کچەکەم، باوەڕ بکە حەز دەکەم بەڕووی جیهاندا هاوار بکەی‌و گۆرانی بڵێی. حەز دەکەم هەموو ئەو هەستانەی لە وجوودتدا چرۆیان کردوە، گوڵ بکەن..

دەبوو غیرەتێکی زۆر وەبەر خۆم بنێم هەتا بتوانم هەستی خۆمت بۆ بنووسم.

ئەو نامەیە بۆ ئەوەیە کە بزانی شێتانە خۆشم دەوێی. ئەگەرچی نایبینی، ئەگەرچی لە وڵاتی ئێمە هێندێک شت هەن قەت نایانڵێین...

نووسینی ئیدیر، لە فەڕانسەوییەوە وەرگێڕراوە

لە واڵی فەیسبووکی "ئاسۆ حەسەنزادەوە" وەرگیراوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تایبەتمەندی‌یەکانی خـەوی ژن

تایبەتمەندی‌یەکانی خــەوی ژن
یەکێک لە هۆکارەکانی جیاوازیی ژنان
هەندێ حاڵەتی تایبەت بەژیانی ژنان هەیە وا دەکا کە تا ئەندازەیەک خەویان جیاواز بێ، یان تایبەتمەندیی خۆی هەبێ، بەگشتی ژنان کەمتر دەخەون، تێکڕای ژمارەی سەعاتەکانی خەو لای ژنان لەنێوان تەمەنی (٣٠–٦٠) ساڵیدا بەشێوەیەکی گشتی لە (٧) سەعات کەمترە. دیارە لەبەر ئەوەی ژنان ڕووبەڕووی چەند گۆڕانێکی فسیۆلۆژی وەک (سووڕی مانگانە، دووگیانی‌و وەستانی سووڕی مانگانە) دەبنەوە، ئەم فاکتەرانە کاریگەری‌یان لەسەر جۆری خەو لای ژنان دەبێ چونکە ئەم فاکتەرانە دەبنە هۆی گۆڕانکاریی لە ئاستی هۆرمۆنەکاندا، هەروەها سەرقاڵیی ژنان بەکاروباری ماڵ‌و منداڵ‌و کارکردن لە دەرەوەی ماڵەوە کار دەکاتە سەر کەمبوونەوەی ژمارەی سەعاتەکانی نوستنیان.

کاریگەریی سووڕی مانگانە لەسەر خەو:

ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ئاستی هۆرمۆنەکانی مێیینەدا لەجەستەدا روو دەدەن‌و دەبنە هاوەڵی سووڕی مانگانە، کاریگەریی لەسەر خەو دروست دەکەن، هەرچەندە کاریگەربوونی ئەم ئاڵوگۆڕانە جێگیر نیەو لە ژنێکەوە بۆ ژنێکی دیکە دەگۆڕێ، بەڵام دەکرێ کاریگەری‌یەکانی سووڕی مانگانە لەسەر خەو بەمجۆرە دابەش بکەین:

*ڕۆژانی پێش سووڕی مانگانە: زۆر لەژنان ڕۆژانی پێش ڕوودانی سووڕی مانگانە دوچاری سەرئێشەو گۆڕانی تامی زارو دڵتەنگی‌و گرژی دەبن، ئەمانەش کاریگەری لەسەر خەو دروست دەکەن‌و زۆرینەی ژنان لەم ماوەیەدا دوچاری خەوزڕان‌و خەوی نائارام دەبن. هەندێ جار بەپێچەوانەوە، هەندێ لە ژنان لەم ماوەیەدا دوچاری خەواڵوویی‌و زۆرخەوی دێن.

*لەکاتی سووڕی مانگانەدا:

لەکاتی ڕوودانی سووڕی مانگانەدا ئاستی هۆرمۆنی (برۆجیسترۆن) بەتەواوی دادەبەزێ. لەم ماوەیەدا زۆر لەژنان لەدەست خراپی‌و تێکچوونی خەو دەناڵێنن، بۆنموونە لەڕۆژانی یەکەمی سووڕی مانگانەدا (٣٦٪)ی ژنان تووشی پچڕپچڕبوونی خەو دەبن. هەربۆیە ئەو ژنانەی دوچاری تێکچوونی توندی خەو دەبن لەم قۆناغەدا ئامۆژگاری دەکرێن بەئەنجامدانی وەرزشی بەبەرنامە. هەروەها پابەندبوون بەوادەی نووستن‌و لەخەوهەستانەوە، دوورکەوتنەوە لە هەموو ئەو خواردن‌و خواردنەوانە کە وریایی بەخشن‌و بڕی زۆر لەشەکریان تێدایە.

کاریگەریی دووگیانی لەسەر خەو:

دووگیانی لەگەڵ خۆیدا چەندین ئاڵوگۆڕ دێنێ کە کاریگەری‌یان لە سەر خەو دەبێ، ئازاری هەردوو قاچ و ماسوولکەکان‌و گێژبوون‌و هەستکردن بەترشەڵۆکیی گەدەو جووڵەی کۆرپەلە. تێکڕای ئەمانە کار دەکەنە سەر چۆنیەتیی خەو. لەڕاپرسی‌یەکدا کە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەنێو ژنانی دووگیاندا ئەنجام دراوە دەرکەوتوە کە (٧٨٪)ی ژنانی دووگیان دوچاری تێکچوونی خەو هاتوون. بەگشتی دەتوانین کاریگەریی دووگیانیی لەسەر خەو بە سەر سێ قۆناغدا دابەش بکەین:

یەکەم: سێ مانگی یەکەمی دووگیانی: هۆرمۆنی (برۆجیستیرۆن) لەخوێندا زیاد دەکا کە دەبێتە هۆی زۆرخەوبردنەوەو زۆرنووستن بە بەراورد لەگەڵ ماوەکانی پێش دووگیانی‌یەکە، هەروەها دەبێتە هۆی زیادبوونی ئارەزووی میزکردن لە شەواندا کە ئەمەش دەبێتە هۆی پچڕپچڕبوونی خەوو خەواڵوویی لەڕۆژدا.

دووەم: سێ مانگی نێوەڕاست: ئاستی هۆرمۆنی (برۆجیستیرۆن) بەردەوام لە زیادبووندا دەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی خاوتر، خەو لەچاو سێ مانگی یەکەمی دووگیانی باشتر دەبێ، بەڵام هێشتا خراپترە لەچاوخەوی پێش دووگیانی. ئارەزووی میزکردن لەشەودا کەمتر دەبێتەوە کە ئەمەش تاڕادەیەک دەبێتە هۆی جێگیربوونی خەو.

سێیەم: سێ مانگی کۆتایی: لەم قۆناغەدا زۆر لە ژنان دوچاری تێکچوونی خەو دەبن، چەند ڕاپرسی‌یەک دەریان خستوە کە (٩٧٪)ی ژنان لەکۆتایی‌یەکانی دووگیانیدا دوچاری تێکچوونی خەو دەبنەوە. لەم قۆناغەدا ئارەزووی میزکردن لەشەودا زیاد دەکا. بەهۆی ئەو فشارەی کۆرپەڵە لەسەر میزەڵدانی دایک دروستی دەکا. ئەمەش دەبێتە هۆی پچڕپچڕبوونی خەو. هەروەها زۆر لەژنان لەم قۆناغەدا دوچاری سووتانەوەو سووربوونەوەی ناوپۆشی لووت دەبن کە دەبێتە هۆی قورسی لە هەناسەداندا بەتایبەتی لەشەودا. ئەم حاڵەتەش کار دەکاتە سەرخەو.

لەماوەی دووگیانیدا هەندێ جۆری تێکچوونی خەو سەرهەڵدەدا کە پێشتر نەبووە، لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەرکەوتوە کە(٣٠٪)ی ژنانی دووگیان لەماوەی دووگیانبوونیاندا بۆ یەکەمجار تووشی پرخەپرخ هاتوون.

سووتانەوەی زۆری لووت‌و گیرانی بەتینی لووت دەبێتە هۆی داخستنی ڕێڕەوی سەرەوەی هەناسەدان‌و وەستانی هەناسەدان ئەمەش دەبێتە هۆی پچڕپچڕبوونی خەو لەشەوداو زۆر خەوبردنەوە لەڕۆژدا، هەروەها دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی ئۆکسجین لەخوێن‌و بەرزبوونەوەی فشاری خوێن لە ژنی دووگیاندا. ئەگەر ژنی دووگیان دوچاری پرخەپرخ‌و خەوبردنەوە هات ئەوا دەبێ سەردانی پزیشکی پسپۆر بکا.

هەروەها ژنی دووگیان زیاتر ئەگەری تووشبوون بە(ناجێگیریی جووڵەی هەردوو قاچ)ی هەیە، ئەم حاڵەتە یەکێکە لە تێکچوونەکانی خەوو بریتی‌یە لە کۆمەڵە هەستێکی ناخۆش‌و نائارام کەوا دەکا ژنە دووگیانەکە ئارەزوویەکی بەتینی بۆ جووڵاندنی هەردوو قاچی یاخود بۆ ڕۆیشتن هەبێ، ئەم حاڵەتە دەشێت لەهەر کاتێکی ڕۆژدا ڕووبدا، بەڵام لە زۆرینەی حاڵەتدا پێش کاتی نووستن روو دەدات. لەئەنجامی ئەم جووڵەپێکردنەی قاچەکاندا ژنی دووگیان بەئاسانی خەوی لێ ناکەوێ‌و دواتریش تووشی بێخەوی دێت، ئەم حاڵەتەش تووشی (١٥٪)ی ژنانی دووگیان دەبێ.

چەند ئامۆژگاری‌یەک بۆ ژنی دووگیان لەم بوارەدا

١_ ژنی دووگیان دەبێ لەسێ مانگی کۆتایی دووگیانی‌یەکەیدا لەسەر لای چەپ بخەوێ، چونکە ئەم بارە ڕۆیشتنی خوێن بۆ کۆرپەڵەو بۆ هەردوو گورچیلە ئاسان دەکا، هەروەها نابێ بۆ ماوەی درێژ لەسەر پشت بخەوێ.

٢_ ژنی دووگیان دەبێ لەڕۆژدا زۆر شلەمەنی بخواتەوەو لەشەودا خواردنەوە کەم بکاتەوە.

٣_ ئەنجامدانی وەرزش بەبەرنامە.

٤_ چەندبارەخواردنی ژەمی سووک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



لەماوەی رۆژدا وا دەکا گەدە تێر بێتو هەستکردن بەگێژبوونو ترشەڵۆکیی گەدە کەم بێتەوە.

وەستانەوە لەسووڕی مانگانەو کاریگەریی لەسەر خەو:

لەگەڵ نزیکبوونەوەی ژن لە تەمەنی وەستانی سووڕی مانگانە، هۆرمۆنە مێیینەکانی (ئەسترۆجینو برۆجیسترۆن) لەجەستەی ژناندا بەرەو دابەزینو کەمبوونەوە دەچن ، ئەم کەمبوونەوەیەش هەندێ گۆڕان دەخوڵقێنێ، بۆنموونە هەندێ لەژنان لەم قۆناغەدا دوچاری حاڵەتێک لە هەستکردن بەگەرما لەسەرتاپای جەستەیاندا دەبن کەعارەق کردنەوە بەدوای خۆیدا دەهێنێ، (٣٦٪)ی ژنان لەم تەمەنەدا تووشی ئەم حاڵەتە دەبنو کاریگەریی لەسەر جۆری خەویان دادەنێ، ئەم حاڵەتە وەک باوە نزیکەی (٥) ساڵ دەخایەنێ. رەنگە ژنان لەم تەمەنەدا هەمان ژمارەی سەعاتەکانی نووستنی جارانیان بخەون، بەڵام چۆنیەتیی خەویان کەم دەکا.

لەم تەمەنەدا ئامۆژگاریی ژنان دەکرێ سەردانی پزیشکی ژنان بکەن.

هەندێ تێکچوونی تر لەخەوی ژناندا:

ژنانیش وەک پیاوان ئەگەری تووشبوون بە تێکچوونەکانی دیکەی خەویان هەیە (جگە لەوانەی ئاماژەمان پێ دا)، وەک:

* خەوزڕان: لە هەموو تێکچوونەکانی خەو باوترە کە بەهۆی بوونی فاکتەری (دەروونی، ئەندامی، رەفتاری)یەوە روو دەدا، ژنان زیاتر دوچاری ئەم تێکچوونەی خەو دەبنەوە، ئەمەش لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەمەندا زیاد دەکا، چارەسەری خەوزڕانیش بەپێی دەستنیشانکردنی فاکتەرە هۆکارەکەی پشتیەتی.

* هەناسەوەستان لەکاتی خەودا: ئەمەش گرفتێکی باوە کە زیاتر پیاوان تووشی دەبن لەچاو ژناندا کە وەک باوە پرخەپرخێکی بەرز هاوەڵیی ئەم حاڵەتە دەکا. رێژەی تووشبوونی ژنان بەم حاڵەتە لەدوای تەمەنی پەنجا ساڵی، یان لەدوای گەیشتن بەتەمەنی وەستانی سووڕی مانگانە، زیاد دەکا.

* ئازار لەکاتی خەودا: ژنان زیاتر لە پیاوان لە شەودا دوچاری ئازار دەبن، ئەمەش کار دەکاتە سەر خەویان، یان دوچاری خەوزڕان یان پچڕپچڕبوونی خەویان دەکا. هەروەها ژنان بەهۆی گرژیی‌یەوە زیاتر دوچاری سەرئێشە دەبن، یاخود زیاتر دوچاری شەقیقە دەبن، هەروەها هەندێ ئازاری تایبەت بەماسوولکە، کە تێکڕا ئەم حاڵەتانە کاریگەری لەسەر خەوی ژنان دروست دەکەن. لەم بارانەدا چارەسەرکردنی هۆکاری ئازارەکە، دەبێتە هۆی چارەسەر بۆ تێکچوونی خەو.

* هەندێ لە ژنان لەپاش پرۆسەی منداڵبوون دوچاری نەخۆشیی خەمۆکی دەبن، لەم رەوشە دەروونی‌یەدا ژنان دوچاری بێخەوی‌و خەوی ناخۆش دەبن، ئەم نەخۆشی‌یە لەماوەی شەش هەفتەی پاش منداڵبووندا روودەدا بەهۆی خێرا دابەزینی ئاستی هۆرمۆنەکانی پاش منداڵبوونەوە، زۆربەی ئەو ژنانەی دوچاری نەخۆشیی خەمۆکیی پاش منداڵبوون دەبن بە بەکارهێنانی دەرمانو رێنمایی پێویست پاش شەش مانگ چاک دەبنەوە، بەڵام ئەگەر تاکەکە چارەسەر وەرنەگرێ، مەترسیی ئەوەی هەیە ببێتە حاڵەتێکی درێژخایەن، چەند توێژینەوەیەک ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەو تاکانەی چارەسەر وەرناگرن پاش ساڵێک لە منداڵبوونەکە هێشتا (٥٠٪)ی خەمۆکی‌یان دەمێنێ.

خەو لای ژنانی فرە منداڵ:

ئەو ژنانەی بوونەتە دایکی ژمارەیەک لەمنداڵ، یاخود ئەو ژنانەی خێزانەکانیان لەجۆری خێزانی فرە ئەندامنو چوار یان پێنج یان شەشو زیاتر منداڵیان هەیە، بێگومان ئەرکی نێوماڵو بەرێکردنی کاروبارەکانی ژیانی رۆژانەی ئەندامانی خێزان فشارێکی دەروونی‌و جەستەیی زیاتریان دەکەوێتە سەر، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی کێشەی خەویان زیاترە لەچاو ئەو ژنانەی کە تەنها منداڵێک یان دووانیان هەیە، ئەگەر لەنێو خێزاندا منداڵێکی خاوەن پێداویستی تایبەت هەبێ یاخود ئەندامێکیان نەخۆشی‌یەکی درێژخایەنی هەبێ ئەوا لەم بارانەدا دایک پشکی شێری لە ماندووبوونو ئەرکو بێداربوونەوەی شەوانە بەردەکەوێ، بۆیە دەتوانین بڵێین بەگشتی ئەو ژنانەی لەم بارانەدا گوزەران دەکەن، زیاتر دوچاری تێکچوونەکانی خەو دەبن.

**ن: سامان سیوەیلی**
**دەروونناس**
**سەرچاوە: کوردستانی نوێ**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنان چۆن خۆیان لەشێرپەنجە بپارێزن.؟

ئا: ژیان حەمە عەلی

هەمیشە مرۆڤ خاوەنی تەندروستی‌یەكی جەستەیی تەواو نیە، بەڵكوو زۆر جار تووشی نەخۆشی‌و پەككەوتن‌و لاوازبوون دەبێ، بێگومان نەخۆشی‌یەكانیش جۆریان زۆرە، بەڵام لەهەمووویان گرنگتر ئەوەیە كە هەندێ قسە لەسەر نەخۆشی شێرپەنجە بكەین تاكوو ژنانی ئەم وڵاتەی ئێمەش لێی بەدوور بن، ئەمە لەكاتێكدا شێرپەنجە بەشێكی ژنانی ئەم هەرێمەی خۆمانی گرتۆتەوە.

ساتەوەختی زووو لەكۆندا خەڵك تەنها پشتی بەسروشت‌و خواردەمەنی‌یە رەسەنەكانی سروشت بەستبوو بەبێ ئەوەی ئاڵوگۆڕیان تێدا بكا ، بەڵام ئێستا سەردەمی سروشت لای خەڵكی گۆڕاوە هەرچەندە ئێستاش لێرەولەوێ كاری جددی بۆ ئەوە دەكرێ كە بگەڕێینەوە بۆ سروشت‌و بەرهەمە رەسەنەكانی. لەبەرئەوەی بەپلەی یەكەم ژن خواردن ئامادە دەكاو هەمیشە ئەویش زەوق‌و ئارەزووی زیاتری هەیە بۆ دروستكردنی خواردنەكان، بۆیە هەندێ رێنمایی بۆ وان پێویستە تاكو خۆیان‌و منداڵ‌و هاوسەرانیشیان لە نەخۆشیی شێرپەنجەو كاریگەری‌یە خراپەكانی بپارێزن.

ئەم خاڵانە رەچاو بكەن

١_ دووركەوتنەوە لەو خواردنانە كە لەرێگەی رۆن‌و چەوری‌یەوە دروست دەكرێن‌و بەرهەم دێن لەبەرئەوەی پزیشكە تایبەتمەندەكانی نەخۆشیی شێرپەنجە رۆن‌و هەر شتێك بەچەوری دروست دەكرێ بەهۆكارێكی سەرەكی دادەنێن بۆ سەرهەڵدانی ئەو نەخۆشی‌یە. ئەمە لەكاتێكدا خەڵكی ئێمە لەجۆری ئەو رۆنەش كە بەكاری دەهێنێ دڵنیا نیە تا بزانێ چەندە رێژەی تەندروستی‌و ماددەی پارێزگاریی تێدایە، هەروەها پزیشكەكان رێنماییمان دەكەن بەوەی كە رۆنی بەروبوومە نەباتی‌یەكان بەكاربهێنین وەكوو رۆنی زەیتون‌و هاوشێوەكانی.

٢_ بەكارنەهێنانی رێژەی زۆری خوێ‌و شەكر كە هەردووكیان بە ژەهری سپی ناوبراون لەبەرئەوەی لەم رێگەیەوە ئەو خانانەی كە نەخۆشی شێرپەنجە دروست دەكەن گەشە دەكەن‌و لەدواجاردا نەخۆشی‌یەكە دەبێتە نەخۆشی‌یەكی جددی‌و پێویستیی بەچارەسەری تایبەتی‌و خۆیەكلاكردنەوە دەبێ.

٣_ بەكارهێنانی شیرو چای سەوزو گێزەرو سێوو سەوزەوات‌و پرتەقاڵ كاریگەری‌یەكی زۆرباشی لە دژایەتیكردنی نەخۆشیی شێرپەنجەدا هەیەو لەرێگەی ئەو ڤیتامیناتەوە كە تێدایە دژ بەخانەكانی شێرپەنجە دەوەستێتەوەو تێكیان دەشكێنێ.

٤ _ یەكێك لەو هۆكارە زۆرباشانەی كە بەكارهێنانی زۆر ئاسانەو بەداخەوەژنانی ئێمە ئەنجامی نادەن بەپاڵنەرێكی زۆر باش‌و سەركەوتوو دادەنرێ بۆ دژایەتیكردنی ئەم نەخۆشی‌یە بەتایبەتیش نەخۆشیی شێرپەنجەی خوێن، وەرزشكردنێكی بەردەوامە لەهەفتەیەكدا سێ جارو هەر جارەش بۆ ماوەی نیو سەعات، بەڵام بەبەرنامەو رێنمایی كەسی تایبەت.

٥_ دووركەوتنەوە لەگۆشتی ئاژەڵ كارێكی باشەو رووكردنە خواردنی گۆشتی ماسی وەكوو بەدیلی ئەم رێگەیە زۆر گونجاوەو خاوەنەكەی لە تەندروستییەكی باش نزیك دەكاتەوە.

٦_ زاناكان بۆیان دەركەوتوە كە ئەو كەسەی تووشی نەخۆشیی شێرپەنجەی قوڵۆن بووە ئەگەر بێت‌و خۆی بداتە بەر تیشكی خۆرو جۆری خواردنەكانی بەو شێوەیە بێ كە باسمان كرد، بۆی دەبێتە رێگە چارەیەكی باش. چونكە هۆیەكی سەرەكیی ئەم نەخۆشی‌یە ئەوەیە كە كەمتر جەستەی بەر خۆری بینیوەو هەمیشە ویستوویەتی پەردەیەكی داپۆشەرو سێبەری بەسەرەوە بێ، لەبەرئەوەی تیشكی خۆر جۆری ڤیتامین (D) لە لەشی مرۆڤدا زیاد دەكا.

٧_ زانایان پێیان وایە چای ئاسایی كە بەپێی رێنمایی‌یەكان بخورێتەوە لەكاتی خۆیدا ئەوا رێژەی نەخۆشیی شێرپەنجە ٣٠٪ دادەبەزێنێ لەساتەوەختێكدا نەخۆشەكە لەسەرەتای تووشبونیدا بێ. خۆ ئەگەر چایەكەی بەبەرهەمی گیراوەی ئاوی سروشتی لیمۆوە بخواتەوە ئەوا رێژەی بەرگری لەش بەرزدەكاتەوە بۆ ٦٠٪ - ٧٠٪ .

٨_ جۆرێكی بڵاوی نەخۆشیی شێرپەنجە بریتی‌یە لە نەخۆشیی مەمك كە لەوڵاتی ئێمەش بەشێك لەژنانی گرتۆتەوە، رێنمایی بۆ ژنان ئەوەیە كە دەبێ هەمیشە ژن گرنگی بە پاكوخاوێنیی خۆی بداو بەسێ مانگ جارێك پشكنینی خۆی بكا، یان هەر كاتێك گۆرانكاریی لەمەمكەكانیدا بۆ دەركەوت زوو بچێتە لای پزیشكی تایبەتمەندو پسپۆڕ، زاناكان پێیان وایە باشترین كات بۆ ئەوەی ژن بۆی دەركەوێ كە گۆرانكاریی ناسروشتی لە مەمكەكانیدا دەركەوتوە ماوەی نێوان دوو سووری مانگانەیە كە لەرێگەی پەنجەكانیەوە كەشفی مەمكەكانی دەكا، بەكارهێنانی زەنجەبیل باشترین دەرمانی دژ بەم جۆری نەخۆشی‌یەیە.

٩_ رۆژانە خواردنەوەی ئاوی پاك بەرێژەیەكی باش لەو رێگە سەركەوتووانەیە كە پزیشكانی تایبەتمەند جەختی لەسەردەكەنەوە.

لەكۆتاییدا لە ژنانی ئەم نیشتمانە داواكارم بەم زانیاری‌یە كەمە واز لەوە نەهێنن كە بەدوای زانیاریی دیكەدا نەگەڕێن لەسەر نەخۆشیی شێرپەنجە، چونكە پێویستی‌یان بەزیاتر هەیە هەرچەندە تەواو دڵنیاش بن لەوەی كە نەخۆشیی شێرپەنجەیان نیە.

سەرچاوە: : سایتی www.freewebs.com/saratan



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سودەکانی نیسک

نیسک لەپێشەنگی ئەو خواردنانەدایە، کە خاوەنی بەهایەکی خۆراکیی زۆر بەرزن، بایەخی نیسک لەڕووی بەهای خۆراکییەوە لە گۆشت بەرزترە، چونکە ڕێژەیەکی زۆرباش لەکاربۆهیدراتی تێدایە، لەگەڵ ڕێژەیەکی کەم لەپرۆتینو چەوری، لەبەر ئەم پێکهاتەیەش پێویستە نیسک یەکێک لەخواردنە سەرەکییەکانی ئەوانە بێ، کە کاری قورسی ماسولکە دەکەن.





شیر

شیر یەکێکی دیکە لەو خواردنایە کە مرۆڤەکان رۆژانە بە کاری دێنن و بەکارهێنانی زۆر پێویستە و پرە لە کەلیسیۆم کە بۆ کەم بوونەوەی تووڕەیی و توندخویی زۆر باشە، لەگە ئەوەش دا کەلیسیۆم دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ئێسک و ددان.

دارچین

بەکارهێنانی دارچین وەک ئەدویە بۆ نێو خواردنەکان زۆر باشە، قەندی خوێن رێک و پێک دەکا و بۆ ئەو کەسانەی کلسترۆلیان لەسەرێیە زۆر بە سودە و دەبێتە هۆی هێنانەخوازی کلسترۆل.



ماستی خۆماڵی

ماست سەرچاوەی ٦ B کە ئەو ویتامینە لە نێو خواردەمەنی دا کەمە. رۆژانە خواردنی پیاڵەیەک ماستی خۆماڵی هەم دەبێتە هۆی جوانی راگرتنی مرۆڤەکان و هەمیش پڕە لە ئانتی ئۆکسیدان.



**ئا: دایکی نارین**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# بۆ نابێ پیاوان لە رێکخراوەکانی ژناندا ئەندام بن ...؟

ن: رەحمان ئەسکۆلی



ئەوەی بەلای منەوە مایەی سەرەنجو تێرامانە ئێستاکەو لە رابردوودا وەک پێویست بەشداری‌نەکردنی فراوانی پیاوانە لە خەباتو چالاکی‌یەکانی ژناندا. هەروەها ئەندامبوونی پیاوان لە رێکخراوەکانی ژناندا، کەمن پێموایە مەسەلەی ژنان تەنهاو تەنها مەسەلەی خودی ژنان نیە بەڵکوو مەسەلەی پیاوانیشەو مەسەلەی هەموو کۆمەڵگەشە، هەروەها مەسەلەی دەسەڵاتو حکوومەتیشە. خەباتو بزووتنەوەی ژنان خەباتو کارێکی هاوبەشە، کە بەداخەوە ئەمرۆ دەبینین زۆر جارو لە زۆر ناوەندا ئەم خەباتە هاوبەشە هەمەلایەنە پشتگوێ خراوە.

ئەمن پێموایە خەباتی سەرەکیی ژنان خەباتی هاوبەشە لەگەڵ پیاواندا لە پێناو دابینکردنی مافەمرۆییەکاندا بە مافی یەکسانیی نێوان ژنو پیاویشەوە، خەباتی هاوبەشە لە پێناو دژایەتی کردنو ریسوا کردنو نەهێشتنی سیستەمی دواکەوتووانەی پیاوسالاری لە سەرتاپای کۆمەڵگەدا، هەر لە خێزانەوە بگرە تا دەگاتە کۆمەڵگەو ناوەندەکانی دەسەڵاتو کارو خوێندنو هتد.. دیارە سیستەمی نادادپەروەرانەی پیاوسالاری سیستەمێکی پراوپڕ لە بێ مافی لە بەرانبەر ژناندایە.

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پیاوبوون بە واتای توندوتیژیو هێز، لێدانی جۆراوجۆر لە ژن، واتە پێشێلکردنی مافە مرۆییەکانی ژن، واتە دەسەڵاتی رەها بەسەر ژندا. پلە دووکردنی ژن، واتا بە کۆیلەو کەنیزەکردنو بەزەعیفەکردنی ژن، واتا لە پێش ژنەوە رۆیشتنو لە پێش ژنەوە قسە کردنو هتد واتا. واتا. واتا. کەواتە لەو بارەیەوە پێموایە، پیاو تاوانی ئەوتۆی نیە، تاوان تاوانی کەلتوورو مۆراڵی دواکەوتووانەی سیستەمی پیاوسالاری‌یە. بەڵام پیاو لەوەدا تاوانبارە کە تەسلیم و گوێ‌لەمستەو لەم سیستەمە نامۆیە یاخی نابێ، تاوانی پیاوانیش لەوەدایە کە ئیش بەم کەتەلۆگە دەکەنو بە موو لێی لانادەنو لێ‌لادانی بە لە پیاوەتی‌کەوتنو کوفر دەزانن، بەڵام لێرەدا پرسیاری سەرەکیی من ئەوەیە (ئایا بۆ نابێ یان بۆ ناکرێ ئیتر پیاوان لە رێکخراوەکانی ژناندا ئەندام بن؟) لە کاتێکدا زۆر لە ژنان ئەندامی رێکخراوو پارتە سیاسی‌یەکانو دامودەزگا دەوڵەتی و مەدەنییەکانن کە پیاوان بەرێوەی دەبەنو پیاوان تێیاندا خاوەن دەسەڵات و ئیرادەن وا باشە ئەمە لابچێ. چونکە حیزبەکان رێکخراوی پیاوان نین تا ئەم بەراوردە دروست بێ

پێموایە بەشداریو ئەندامبوونی پیاوان لە رێکخراوەکانی ژناندا کارێکی مرۆیی‌یانەو مەدەنی‌یانەو شارستانی‌یە. بەداخەوە ئەم دیاردەیە تا ئێستا جێکەوتە نەبووەو فەرامۆش کراوە، نەبوونی ئەم دیاردەیەش دیسان دەگەڕێتەوە بۆ کلتوورو سیستەمی پیاوسالاری، کە هەموو هاوکێشەو پێوەندی‌یە مرۆیی‌یەکانی شێواندوەو دنیایەک جیاوازیو دیوارو پەرژینو تابووی لە نێوان ژنو پیاودا دروست کردوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




# ژن لە دنیای نێت دا

ئامادەکردنی: سەرگووڵ شابازی

## وێبلاگی «بارە سێو»




« بارە سێو » وێبلاگێکی کۆمەڵایەتیو ئەدەبییە کە لەلایەن چالاکی بواری ئەدەبیات خاتوو « فەوزیە سولْتانبەیگی »یەوە بەڕێوە دەچێ.
ئەم وێبلاگە زۆربەی شێعرو چیرۆکەکانی ناوبراو لە خۆ دەگرێو هەروەها بەشێکیشی بۆ وتار و وەرگێڕانەکانی تەرخان کردوە.
ئەم وێبلاگە جیا لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی خاتوو فەوزیە سولْتانبەیگی وتارەکانی تایبەت بە ژنان بە قەڵەمی کەسانی دیکەش بڵاو دەکاتەوە.
یەکێک لە دوایین بابەتەکانی ئەم وێبلاگە وتارێکە بە ناوی «لە هەناوی فیمینیستی دا» لە نووسینی عەلی قاسمی.

لە بەشێک لەم وتارەدا هاتوە:
بە باوەڕی فیمینیستە لیبراڵەکان کێشەی گەورەی ژنان لە نابەرابەریی ئابووریو بارودۆخی لەرزۆکی ژێرخانی مادیی ژیانی ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێ. دیارە کەمبوونی مووچەخۆری فەرمییش کێشەکەی ئاڵۆزتر کردوە ، بە باوەڕی ئەوان پێکهێنانی دۆخێکی لەبارو گونجاوی ئابووری ڕێگە خۆش دەکا بۆ ئەوەی چەوساندنەوەی ژنان لە لایەن پیاوانەوە تا ڕێژەیەکی دڵخواز دابەزێ. بە باوەڕی فیمینیستە لیبراڵەکان نابەرابەریو چەوساندنەوەی ژنان لە یاسادا ریشەی داکوتاوە ، هەر ئەم ریشەداکوتانەش ژنانی لە زۆر بەستێنی گرینگی ژیانی کۆمەڵایەتی وەلا ناوە ، بەم پێیە بە توندی پێداگری لە سەر یەکسانیو بەرابەری لە نێوان ژنو پیاودا دەکەن .

فیمینیستە مارکسیستەکان سەرچاوەی سەرەکیی چەوساندنەوەی ژنان لە چەقی نیزامی سەرمایەداریدا دەبینن ،بە وتەیەکی دیکە دەسەڵاتی پیاوان بە سەر ژناندا بەشێکە لە سیستمو نیزامی سەرمایەداری ، لەم ڕووەوەو بە بۆچوونی ئەوان گۆڕانی ئەم پێوەندییە کۆمەڵایەتییە کە تێکەڵ بە دەسەڵاتە تەنیا لە گرەوی سەرکەوتنی سوسیالیزمدایە .

## وێبلاگی نیوەی دووهەم






ئەم وێبلاگە کە بە گۆڤارێکی سەربەخۆی کوردی پێناسە کراوە زیاتر بابەتی ئەدەبی لە خۆ دەگرێ.
سەرنووسەری گۆڤاری «نیوەی دووەم» خاتوو «نەرمین دەباغی» یەو گۆڤارێکی تایبەتی شێعرو رەخنەیە.
ئەم گۆڤارە ئەدەبییە هەوڵ دەدا ئاوڕێکی شێلگیرانە لە شێعری ژنان بداتەوەو بیانخاتە روو.
دوایین بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم گۆڤارە وێبلاگە بریتین لە شێعر، چیرۆکو دەقی ئەدەبی بە قەڵەمی خاتوونانی خاوەنبەرهەم:
نەرمین دەباغی، سیمین چایچی ، مەهین کووهزادی، کەژاڵ ئەحمەد ڕۆژ هەڵەبجەیی ، گوڵباخ بەهرامی.

نەرمین دەباغی
حوکم
لە کایەی حوکمی گەردووندا
پیس دۆڕاندم،
ژیانی من
بە خشت سازا ، بە پیک بـراو گژنیژ خورا .
دڵ لازم بوو و حەیفێ نەمبوو !



**پ: خاتوو تکایە خۆت بە بینەرانی گۆڤارەکەمان بناسێنە؟**

و: ناوم شایستە رەحمانی یە، خەڵکی شارستانی بۆکانم‌و بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵە کاری خەیاتیی ژنانە دەکەم. ساڵی ١٣٨٧ ی هەتاوی دوای گوزەراندنی ٢ دەورەی فێرکاریی خەیاتی کە یەکەمیان بۆ فێربوونی بڕین‌و هەڕینی لیباسی کوردی‌و دووهەمیان بۆ بڕین‌و دوورینی لیباسی فارسی وەک بلۆزو دامەن بوو بە شێوەیەکی رەسمی‌و مۆڵەتپێدراو لە لایەن (سازمان فنی‌و حرفه‌ای)یەوە دەستم بە کاری بەرگدووریی ژنان کردوە. ئەم کارەم وەک شوغڵێک (پیشە) بۆ خۆم هەڵبژاردوە. لە ساڵی ١٣٨٤ەوە هاتوومە نێو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و خێزانم پێکەوە ناوە. دواتر بوومەتە پێشمەرگەی ئەو حیزبەو ئەندامی بنەماڵەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانم‌و تا ئێستاش لە سەر کاری خەیاتی بەردەوامم..

**پ: بەڕێزت کە وەستاکاری جل و بەرگ دورینی حەز دەکەین نموونەیەک لە یەکێک لە کارەکانت بۆ خوێنەرانی ئێمە باس بکەیت؟**

و: ئەو نموونەیە کە بۆ خوێنەرانی بەرێزی گۆڤارەکەتانی باس دەکەم نموونەی کراسی کوردیی سۆرانی‌دارە. ئەم نموونەیە ئەندازەیەکی ستانداردە کە ٣ مێتر پارچەی بەر ١٥٠ سانتی مێتریی پێویستە.

ئەندازەی ئەم کراسە بەم شێوەیەیە:

قەد ١٥٠ سانتی مێتر


دەوری سینگ ١٢٠ سانتی مێتر

قۆڵ ٧٥ سانتی مێتر

تێبینی:

ئەم پارچەیە کە چوارتوێ کراوە هەر ٣ تیکەی قۆڵ‌و سۆرانی‌و کراسەکەی لێ دەبڕدرێ دروست بەو شێوەیە کە لە ئولگووەکەدا نیشان دراوە، دواتر خڕ دەکرێتەوە.

ئەم ژمارانە سانتی میترن.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی سیمینارێک لە ژێر ناوی «چارەسەری ناکۆکییەکان» لە وڵاتی سوێد

ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ٢٢ی بانەمەر کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سیمینارێکی لە ژێر ناوی چارەسەری ناکۆکییەکان بۆ کەماڵ حەسەنپوور پێک هێنا.

ئەو سیمینارە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو خولەکێک راوەستان بە بێدەنگی دەستی پێکردو پاشان کەماڵ حەسەنپوور، شارەزای کاروباری سیاسی باسێکی لە ژێر ناوی چارەسەری ناکۆکی پێشکەش کرد.

کەماڵ حەسەنپوور لە چوارچێوەی باسەکەیدا باسی کێشەو ناکۆکی وەک دیاردەیەک کرد کە لە گشت کۆمەڵگایەکدا روو دەداو چۆنیەتیی پۆلینکردنی ناکۆکیو ناسینەوەی قۆناخە جیاجیاکانی ناکۆکی بەشێکی دیکەی باسەکە بوو.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو سیمینارەدا دوو کتێب لە نووسینی عەلی فەتحی بە ناوەکانی ئازاری خەونەکانو تەسلیم یا مەرگو هەروەها کتێبێک بە ناوی ملوانکەی نێرگیسی هەگبەی ئەوین لە نووسینی برایم گەردی بە سەر ئەندامانی چالاکو هەڵسووری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستاندا دابەش کرا.



لە بەشێکی دیکەی ئەم کۆڕەدا بۆ بردنەسەری پلەی زانیاریی مێرمندالانو لاوان چەند کێبەرکێی پرسیارو وەڵام دانراو لە ئاکامدا خەڵات بە سەر ئەو کەسانەدا دابەش کرا کە توانیبوویان وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە.

# کۆنفڕانسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سویس

# بەڕێوە چووو کۆمیتەی نوێی بەرێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی سویس هەڵبژێردرا

ڕۆژی شەممە ١٩ی خاکەلێوە، شۆعلە قادری، بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، لە کۆبوونەوەیەکدا لە وڵاتی سوئیس وێرای ئاماژە بە رۆڵی رێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، لە بارەی گرینگیی چالاکبوونی ئەم رێکخراوەیە لە وڵاتانی تاراوگە لە سەر رەنگدانەوەی بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسیی کورددا، لێدوانێکی تێرو تەسەلی پێشکەشی بەشدارانی کۆبوونەوەکە کرد. ناوبراو وەبیر بەشداربووانی هێنایەوە کە لە کۆنگرەی پازدەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا، پابەندی بە رەچاوکردنی بەندەکانی جارنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ سەبارەت بە یەکسانیو کۆنوانسیۆنی سرینەوەی هەر جۆرە هەڵاواردنێک بە



دژی ژنان وەک ئەرکی حیزبی پێداگریی لە سەر کراوەتەوە.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمیتەیەکی حەوت کەسیی بەرێوەبەریی یەکیەتیی ژنان دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی سویس هەڵ بژێردرانو بە تێکرای دەنگ خاتوو پەروین شکوری وەک بەرپرسی کۆمیتەی ژنان لە وڵاتی سویس دیاری کرا. جێگای ئاماژەیە کە خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی هاوکاری یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان، لەو سەفەرەدا هاورێیەتیی بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دەرەوەی وڵاتی کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دووهەمین کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد بەڕێوە چوو




دووەمین کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژی شەممە، ٦ ی جۆزەردان بە بەشداریی دەیان کەسایەتیی سیاسیو چالاکانی ژنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خوێندنەوەی سروودی یەکسانی بەڕێوەچوو.

لە سەرەتای کاروباری کۆنفرانسدا پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی دووەمین کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەلات لە لایەن خاتوو گەلاوێژ حۆسەینی خوێندرایەوەو پاشان ئاماژە بە ناوی ئەو حیزبو لایەنانە کرا کە پەیامیان بەو بۆنەیەوە بۆ بەڕێوەبەریی کۆنفرانس ناردبوو.

لەو کۆنفڕانسەدا، چەندین وتارو بابەت سەبارەت بە بزووتنەوەی ژنان لە گەیشتن بە مافی یەکسانی، تاوتوێکردنی پرسی ژنو کێشە کۆمەلایەتی‌یەکان، پێگەی کۆمەلایەتیی ژنی کوردی ڕۆژهەڵاتو چەند پرسی دیکە بە تێروتەسەلی خرانە بەر باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.












# خەڵاتی شیعری ژنی فەڕانسە٢٠١٢ بە نەزەند بەگیخانی بەخشرا



ژنە شاعیری کورد، دوکتور نەزەند بەگیخانی خەڵاتی شیعری ژنی فەڕانسە ٢٠١٢ی پێ بەخشراوەو خۆشی لە میدیاکاندا ئەو هەواڵەی پشتراست کردۆتەوەو گوتوویەتی: "لەلایەن سەرجەم ئەندامانی خەڵاتی فێمینەنی فەڕانسەیی وەک شاعیری ساڵی ٢٠١٢ لە نێوان ٤٢ شاعیری فەڕانسەیی هەڵبژێردراوم. خەڵاتی فێمینەن- ی سیمۆن لاندری فەڕانسە دووەم خەڵاتی نێودەوڵەتی‌یە کە بە نەزەند بەگیخانی دەبەخشرێ، یەکەم خەڵاتی نێودەوڵەتی کە پێشتر وەری گرتوە (ئێما هێمفری) بوو کە ساڵی ٢٠٠٠ بۆ کارو چالاکی‌یەکانی لە بەرەنگاربوونەوەی توندتیژی شەرەف پارێزیدا لەلایەن کۆمەڵێک پارێزەری بەریتانیایی‌یەوە پێشکێشی کرا. نەزەند پێنج دیوانی شێعری بە کوردی بڵاو کردۆتەوەو دیوانە شێعرێکیش بە زمانی ئینگلیزی

# ژنێکی کورد لە ئەمریکا خەڵاتی «ڕێکخستنو مافی مرۆڤ»ی پێ بەخشرا



سورەییا فەلاح، چالاکی بواری مافەکانی ژنانو مافەکانی مرۆڤ، خەڵاتی «ڕێکخستنو مافی مرۆڤ»ی لە لایەن ناوەندێکی ئەمریکایی‌یەوە پێ بەخشرا.

ئەم خەڵاتە ڕۆژی ٢٨ی ئاوریل لە ڕێورەسمێکی بە شکۆدا لە شاری لۆس ئانجلێسی ئەمریکا پێشکەش بەو چالاکە کوردە کرا. سورەییا فەلاح نووسەر، لێکۆڵەرو چالاکی سیاسی / کۆمەلایەتی، نیشتەجێی ئەیالەتی کالیفۆرنیای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە بە تایبەتی لە بواری دەستەبەرکردنی مافی مرۆڤ، مافەکانی ژنانو مافی نەتەوەو ئایینە زۆرلێکراوەکاندا چالاکە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کچێکی تەمەن ١٢ ساڵان لە شاری بانە دەستدرێژی دەکرێتە سەرو ئێستا گیانی لە مەترسیدایە

بە پێی هەواڵی گەیشتوو بە ماڵپەڕی «کوردستان‌وکوردنیوز»،لە شاری بانە کچێکی تەمەن ١٢ ساڵان دوای بێهۆش‌کرانی دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەر. شایانی باسە ژنان‌و پیاوانی شاری بانە بە نووسینی تۆمارنامەیەک پشتگیری‌یان لەو کچە کردوەو داوایان کردوە تاوانباری ئەو کردەوە دژەمرۆیی‌و قێزەونە بە سزای خۆی بگەیەندرێ.

## کوژرانی ژنێکی تەمەن ٢٢ ساڵە لە پیرانشار

ژنێکی تەمەن ٢٢ ساڵە، خەڵکی ئاوایی خاڵداری سەر بە پیرانشار کوژرا. بە پێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەری موکریان، بە گوێرەی وتەی کەسێکی خەڵکی ئاوایی خاڵدار، سەر لە بەیانی رۆژی شەممە ٣٠ی گوڵانی ٩١ ژنێکی تەمەن ٢٢ ساڵە بە ناوی شوکری بە دەستی مێردەکەی‌و براکەی کوژرا. هەر بە پێی ئەم ڕاپۆرتە، ئەو دوو کەسە شوکری یان لە ماڵی خۆی کوشتوەو پاشان هەڵیان‌واسیوە. شیاوی ئاماژەیە هۆکاری ئەم ڕووداوە لە لایەن ناوبراوان کێشەی نامووسی ڕاگەیاندراوە.

## کچێکی ٢٢ ساڵە بە ناوی شاناز ڕەحمانی، بە هۆی ناکۆکیی بنەماڵەیی‌یەوە، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا

بەپێی راپۆرتی رێکخراوی مافەکانی مرۆڤی کوردستان، کچێکی ٢٢ ساڵە بە ناوی شاناز ڕەحمانی بەهۆی ناکۆکی لە گەڵ باوکی هەوڵی خۆسووتاندنی داوە.

ناوبراو کە دانیشتووی ئاوایی «شیان» سەربە شاری سنە بوو، پاش سێ رۆژ خەواندن لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی ئەو شارە، بەهۆی قورس بوونی برینەکانی گیانی لە دەست دا.

## خۆسووتاندن

بەپێی راگەیەندراوی چاودێرانی مافی مرۆڤی کوردستان، شاناز رەحمانی، تەمەن ٢٢ ساڵ، خەڵکی ئاوایی شیانی سەر بە شاری سنە، چەند رۆژ لەمەو پێش بەهۆی دروست‌بوونی کێشە لەگەڵ باوکی ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدا. بنەماڵەی شاناز دوای رووداوەکە، شاناز دەبەنە نەخۆشخانەی شاری سنە، بەڵام بە هۆی زۆریی رێژەی سووتانەکەی، ناوبراو دوای ٣ رۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی لەدەست دەدا.

رۆژ لەدوای رۆژ دیاردەی خۆکوشتن‌و خۆسوتاندن لە رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر پەرە دەستێنێ. بەپێی ئەو توێژینەوانەی لە ساڵی ٢٠٠١ەوە تا ئێستا ئەنجام دراون، پارێزگاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی ئێران زیاترین رێژەی خۆکوشتنیان تێدا تۆمار کراوە. ئێستا خۆکوشتن لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەشێوەیەک پەرەی سەندوە کە وەک قەیرانێکی کۆمەڵایەتی خۆی دەنوێنێ‌و رۆژانە چەند بنەماڵە بەهۆی خۆکوشتنی ئەزیزێکیان رەشپۆش دەبن.

بە گوێرەی ئامارێک کە لە راپۆرتی توندوتیژی دژ بە ژناندا بڵاوکراوەتەوە، ئاماری خۆکوشتن لە پارێزگاکانی کرماشان‌و سنە بۆ ٣٦٪ و ٣٨٪ بەرز بووەتەوە. رۆژهەڵاتی کوردستان لەرێژەی خۆسوتاندنی ژنانیشدا پێشەنگەو لەو نێوەشدا پارێزگای ئیلام‌و ناوچەی مەریوان زیاترین رێژەی خۆسوتاندنی ژنانیان تێدا تۆمار کراوە.

## خۆکوژیی دوو ژن لە رەبەت‌و سەقز

ژنێک لە شاری رەبەت بە ناوی شاناز خۆی کوشت

رۆژی ٣٠ ی خاکەلێوە ژنێک بە ناوی شاناز حوسێنی، خۆی هەڵاوەسی‌و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. ناوبراو کە خەڵکی شاری سەردەشت بووەو لە رەبەت شووی کردبوو، هۆکاری خۆخنکاندنەکەی بۆ تووشبوونی براکانی بە مادە هۆشبەرەکان گەراندۆتەوە. هەر لەو پێوەندی‌یەداو رۆژی ٢٩ی خاکەلێوەش لە ئاوایی دەرەپەمەیانی سەقز کچێک بە ناوی عەتیە تەمەن ٢١ ساڵ بە هۆی فشاری لە رادەبەدەری بنەماڵەکەی خۆی هەڵاوەسی‌و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. ناوبراو پێشتریش جارێک بە لێدانی دەماری خۆی هەوڵی خۆکوشتنی دابوو. شایانی باسە کە سەرەڕای باس‌کردنی بەردەوامی میدیاکان‌و رووماڵکردنی هەواڵەکانی خۆکوژی لە کوردستان، ئەو بابەتە تا ئێستاش لە لایەن ناوەندە بەرپرسیارەکانی حکوومەتەوە بێدەنگیی لێ کراوەو لەو بارەیەوە کەمترین هەوڵ‌و بەرنامە بۆ وشیارکردنەوەی خەڵک‌و توانابەخشینەوە بەو کەسانە نەدراوە کە مەترسیی خۆکوژی‌یان لە سەرە.

# ڕووناک سەفارزادە، چالاکی سیاسیی گیراوی کورد، پاش ٥٥ مانگ، لە گرتووخانە ئازاد کرا

ڕۆژی ٢٤ی گوڵانی ١٣٩١ی هەتاوی، «ڕووناک سەفارزادە»، چالاکی بەندکراوی کورد لە زیندان ئازاد کرا. ئەو چالاکە کوردە بە تۆمەتی «هەوڵدان دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی» لە ڕێگەی پێوەندی لەگەڵ حیزبێکی کوردستانییەوە، ٦ ساڵ و ٧ مانگ زیندانی بەسەردا سەپاو پاش تێپەڕکردنی ٢ لە سەر سێی ئەو ماوەیەو بەو هۆیە کە پێشینەی گیرانی دیکە لە دۆسیەکەیدا نەبووە، بە مەرج ئازاد کرا. ڕووناک سەفارزادە لە چالاکانی بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە ١٧ی ڕەزبەری ١٣٨٦ی هەتاوی‌و هاوکات لەگەڵ شەپۆلێکی بەرفراوان لە گرتن‌و ڕاونانی چالاکانی کورد لە شاری سنە قۆڵبەست‌و ڕەوانەی ژوورە تاکەکەسی‌یەکانی ئیتلاعاتی ئەو شارە کرا. سەفارزادە لە ڕیزی ئەو گیراوە سیاسی‌یانە بوو کە ساڵی ١٣٨٧و هاوکات لەگەڵ دەیان گیراوی دیکەی کورد، بە مەبەستی نیشاندانی نارەزایەتی بەرانبەر بە ڕەوشی خەراپی گیراوانی سیاسی‌و گوشاری بەرپرسان، لە گرتووخانەکانی ئێران‌و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مانی لە خواردن گرت.




# لە شاری بۆکان تەرمی سومەییەی ١٨ ساڵە بە کوژراوی بینرایەوە



ڕۆژی ٥ شەممە ڕێکەوتی ١٢ی ئاپریلی ٢٠١٢ی زایینی بەرامبەر بە ٢٤ی خاکەلێوەی ١٣٩١ی هەتاوی، تەرمی بێ گیانی کچێکی تەمەن ١٧_١٨ ساڵە بە ناوی سومەییە فەیزوڵڵاهی کچی ڕەسووڵ بینرایەوە. بە پێی زانیارییەکان ماوەی حەوتویەک ناوبراو نەگەڕاوەتەوە ماڵی خۆی تا ئەوەی کە ڕۆژی ٥شەممە لە پارکی ساحلیی بۆکان تەرمەکەی دەبینرێتەوە. لە سەر تەرمەکەی ئاسەواری خنکاندن بە مەبەستی کوشتنی دەرکەوتوە .

# خۆسووتاندنی کچێکی لاو لە مەهاباد



کچێکی لاوی خەڵکی شاری مەهاباد ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و بەم شێوەیە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی شەممە ١٣ی جۆزەردان، بە هۆی کێشەی بنەماڵەیی کچێکی تەمەن ٢٣ ساڵ بە ناوی « جەمیلە عەبدوڵڵاهی» کچی تاهیر خۆی سووتاندو دوای ڕاگواستن بۆ نەخۆشخانەی ورمێ بە هۆی سەختی برینەکەی ڕۆژی یەکشەممە ١٤ی جۆزەردان گیانی لە دەست دا.

شایانی باسە خۆسووتاندن یەکێک لەو دیاردانەیە کە بە هۆی کێشە فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بەرۆکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتوە و بەرپرسانی ڕێژیمیش لە مەڕ چارەسەر کردنی ئەم کێشانە زۆر کەمتەرخەمن.

# جەستەی خۆم بڕیاری خۆمە!



بە هەزاران ژن لە دژی قسەکەی ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیە کە لەو دواییانە گوتبووی: ‹‹لەباربردن تاوانی کوشتنی بە ئەنقەستە›› ڕژانە نێو شەقامەکانی ئیستانبووڵ و بە کۆمەڵێک دروشم نارەزایی خۆیان بەرانبەر بە دەوڵەت دەربڕی، لەوانەش لەسەر جەستەی رووتی خۆیان نووسیبوویان: ‹‹جەستەی خۆم بڕیاری خۆمە!››. بە پێی هێندێک لە ڕاپۆرەکان دەوڵەتی تورکیە دەیهەوێت کە نا یاسایی بوونی لەباربردنی کۆرپەڵە لە حەوتوویی دەیەمی دووگیانیەوە کەم بکاتەوە بۆ حەوتووی چوارەمی دووگیانی .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆنفرانسی نەتەوەیی ژنانی کورد بەبێ بەشداریی ژنانی ڕۆژهەڵات و بەدەرکردنی راگەیاندراوێکی ٨خاڵی کۆتایی بەکارەکانی هێنا



دوای سێ رۆژ گفتوگۆکردن ئێوارەی رۆژی پێنج شەممە ٤ی جۆزەردان، بەدەرکردنی راگەیەندراوێک «کۆنفرانسی نەتەوەیی ژنانی کورد» لەشاری هەولێر کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

تەواوبوونی کاروباری کۆنفرانسی نەتەوەیی ژنانی کورد لە کاتێکدا بوو کە کۆنفڕانسەکە لەلایەن نوێنەرانی ٨ رێکخراوی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە بایکوت کرابوو.

لە خاڵێکی راگەیەندراوی کۆتایی کۆنفڕانسەکەدا هاتوە: بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتو ئازادو یەکسان بەپێویستی دەزانێ تەواوی بزووتنەوەو رێکخراوەو دامەزراوەکانی ژنانی کوردستان بە بەردەوامی تێبکۆشن.

هەر لەو پێوەندییەدا ژنانی هەشت رێکخراوی کوردستانیی رۆژهەڵاتی کوردستان پێشتر بە بڵاوکردنەوەی راگەیەندراوێک رایانگەیاندبوو کە بەهۆی وەبەر چاونەگرتنی سەرەتاییترین مافەکانی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن دەستەی ئامادەکاری کۆنفرانسەوەو هەروەها ئالۆزبوونی بەرنامەکانو رەوتی بەرێوەچوونی کۆنفرانس، ئێمە ژنانی ئەم هەشت حیزبو رێکخراوەی رۆژهەڵاتی، بە هەست کردن بە بەرپرسیایەتی سەبارەت بە دۆخی هەستیارو گرینگی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان وەکوو ژنانێکی چالاکو خاوەنمێژوو کە خاوەنی قورسایی سیاسی و کۆمەلایەتی لە ئاستی کوردستانو ناوچەدان، رادەگەیەنین کە لە دووهەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی ژنانی کورددا بەشداری ناکەین.

## بەڕێوە چوونی کۆبوونەوەیەک سەبارەت بە پەروەردەی منداڵ



ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٣٩١\١\٢٨ی هەتاوی کۆبوونەوەیەک سەبارەت بە پەروەردەی منداڵ لەلایەن بەشی ئاموزشی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانەوە بۆ خاتوو گەلاویژ پەیڕەوان ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەو یەکیەتییە پێکهات. لە سەرەتای ڕێورەسمەکەدا خاتوو نەسرین حەداد سکرتێری یەکیەتیی ژنان کورتە باسێکی سەبارەت بە بەڕێوەچوونی بەشکۆی ڕێورەسمی نەورۆز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد . دواتر کۆڕگێڕ (گەلاویێژ پەیرەوان) لە بەشێک لە قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە دایک یەکەم کەسو یەکەم مامۆستایە کە منداڵ بۆ یەکەمجار پێی ئاشنا دەبێو لێوەی فێر دەبێ. هەروەها ئاماژەی بەوەش دا کە دایک دەتوانی منداڵ بکا بە مروڤێکی قاڵبوو بە هەستیکی نەتەوایەتیو ئاشنا بە خاکو نەتەوەو مێژووو زمانی نەتەوەکەی. لە کۆتایی کوبوونەوەکەدا چەندین بەشداربوو سەرنجو تێبینیی خۆیان خستەڕوو.

## سەردانی بەرپرسی یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان لقی کۆیە



سەر لە بەیانیی رۆژی دووشەمە رێکەوتی ١١بانەمەری هە تاوی خاتوو نەشمیل عەلی حەسەن بەرپرسی ڕێکخراوی یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان لقی کۆیە لەگەڵ شاندی هاوڕێی کە بریتی بوون لە بەڕێزان هەتاو حەسەن، ڕێمان تەیموور، چیمەن ئیسماعیلو میدیا نەجمەدین سەردانی بنکەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانیان کردو لەلایە ن نە سرین حەداد بەرپرسی یەکیەتیی ژنانو حەلیمە ڕەسووڵیو گەلاوێژ پەیڕەوانو شەهێن مورتەزازادە ئەندامانی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانەوە بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا. لەو دانیشتنەدا کە نزیک بە کاتژمێرێکی خایاند گەلێک باسی پەیوەندیدار بە ئێستای ڕەوشی ژنانی کورد هاتە بەر باسو قسەی لەسەر کرا .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێک هێنانی کۆبوونەوەیەک لە دەڤەری سۆران بۆ سەرنووسەری گۆڤاری ژنان





بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانو فریشتە بەهاری ئەندامی جێگری بەڕێوەبەریو نەشمیل قادری ئەندامی یەکیەتیی ژنان بەشداری کۆبوونەوەکە بوون .

ڕۆژی سێشەمە ڕێکەوتی ١٣٩١/٣/١٦ هەتاوی بەرانبەر بە ٢٠١٢/٦/٥ زایینی لە سەر داوای سەنتەری مەستوورەخانم لە دەڤەری سۆران کۆبوونەوەیەک بۆ حەلیمەڕەسووڵی سەرنووسەری گۆڤاری ژنان (گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان )و بە هاوکاریی خاتوو ئامینە پوورسەعید ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانو هەروەها خاتوو جێسیکا لە ڕێکخراوی world orphans ( ڕێکخراوێکی ئەمریکایی لە سۆران ) بۆ ژنانی ئەندامی هەردوو ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانو سەنتەری مەستوورە لە دیانان پێکهات . لەو کۆبوونەوەیەدا حەلیمەڕەسووڵی تیشکی خستە سەر خەباتو جووڵانەوی نەتەوەیی‌و فیمینیستیی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئاستی هوشیاریی ژنانو بەشداریکردنیان لە چالاکی‌یە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانداو لە هەمان کاتیشدا ئاماژەی بەو ڕاستی‌یە کرد کە سەرەڕای هەموو هەوڵو هەنگاوەکان ژنان تا ئێستاش بەدەست نایەکسانیی کۆمەڵایەتی‌یەوە گرفتارنو لە رووی سیاسی‌و ئابووری‌یەوە تووشی ئازارو ئەشکەنجەو جوداکاری دەبنەوە. هەروەها بە کورتی ئاماژەیەکی بە هۆکارەکانی بایکۆتی کۆنفرانسی نەتەوەیی ژنانی کورد لە هەولێر، لەلایەن هەشت ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە کرد. باسی سەرەکیی کۆبوونەوە باسێک بوو سەبارەت بە فیمینیزمو شەپۆلەکانی لە سەرەتای هاتنەئارای ئەم چەمکەوە تا ئێستا کە کەوتە بەر سەرنجی بەشداربووان. لە کۆتاییدا ژمارەیەکی زۆر لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە ڕاو پرسیارو پێشنیارەکانی خۆیان هێنایە ئارا کە لە لایەن خاتوو حەلیمەوە بە وردی وەڵامیان درایەوە. ئەم کۆبوونەوەیە پاش کاتژمێرو نیوێک کۆتایی پێ‌هات . شیاوی ئاماژەیە کە بەڕێز کوردستان ئەسعد عەلی لە لایەن کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان لقی ڕەواندزەوە بەشداری کۆبوونەوەکە بوو. هەوەها لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانیشەوە هەیئەتێک کە بریتی بوون لە بەڕێزان گەلاوێژ پەیرەوان ئەندامی

# بەڕێوەچوونی دەورەیەکی کاردەستی بۆ ئەندامانی یەکیەتیی ژنان



لە ڕێکەوتی ١٣٩١/٣/٢٠ی هەتاوی، لەلایەن بەشی ئاموزشی یەکیەتیی ژنانەوە دەورەیەکی تابلۆسازی و شابلۆنکاری بۆ کچانی ئەندامی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان لە کەمپەکانی حیزب دا دانرا.

ئەو دوو کلاسە لەلایەن ماموستایان «خاتوو ئامین شەفیعی و خاتوو شەهێن حوسێنی»یەوە بەڕێوەچوون کە ژمارەیەکی زۆر لە کچانی ئەندامی یەکیەتیی ژنان تێیدا بەشدار بوون و کەڵک و سوودی پێویستیان لە دەورەکە وەرگرت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پرسەو سەرەخۆشی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی خاتووروناک رەئوف



بە داخەوە رێکەوتی ١٣ی ژۆینی ٢٠١٢ ی زایینی، خاتوو رووناک رەئوف، دایکی دکتور بەرهەمسالّح، لەشاری سلێمانی بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد. کۆچی دوایی رووناک خانم دایکی دوکتور بەرهەمسالّح زۆر خەمباری کردین. رووناک خانم سەرۆکی سەنتەری رووناکبیری ژنان بوو کە سەنتەرێکی تایبەتە بە داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان. خاتوو رووناک لە ژنانی تێکۆشەری کورد بوو کە بە بەردەوامی لە هەوڵی وریا کردنەوەی ژنانی کورد دا بوو، ئەو لە سەر ئەو بڕوایە بووکە دەبێت ژنان وریا بکەینەوە کە کێشەکانیان باس بکەن‌و هەست بەوە بکەن کە مافیان هەیە. بە بۆنەی کۆچی دوایی رووناک خانم یەکێەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێزو حورمەتەوە هاوخەمی خۆی لە گەڵ بنە ماڵەو کەس‌و کارو سەرجەم ژنانی ئازادی خوازی کوردستان دەردەبڕێت‌و ئاواتە خوازیین نموونەی ژنانێ وەک رووناک خانم لە نیشتمانەکەماندا، لە پێناو کار کردن بۆ بەرژەوەندیی ژنان زوور بێت.

**یەکیەتی ژنانی**
**دیموکراتی کوردستان**
**١٣٩١/٣/٢٧ هەتاوی**
**٢٠١٢/٦/١٦ زایینی**

# سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات بە بۆنەی کۆچی دوایی دایکی دوکتور بەرهەم ساڵحەوە، سەرەخۆشی لە ناوبراو دەکات





بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پەیامێکدا بە بۆنەی کۆچی دوایی خاتوو رووناک، دایکی بەڕێز دوکتور بەرهەم ساڵح، سەرۆکی پێشووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە ناوبراو دەکات. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

زۆر بەڕێز کاک د. بەرهەم ساڵح!

لە گەڵ ڕیز و سڵاوی گەرم،

هەواڵی ناخۆشی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتانم بیست. خاتوو رووناک، هەر تەنیا دایکی دۆستێکی بەنرخ و لەمێژینەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و شەخسی خۆت کاک د. بەرهەم نەبوو، بەڵکوو ژنێکی تێکۆشەر و کەسایەتییەکی دیاری نێو خەباتی نەتەوەیی و رۆشنبیری ویەکسانیخوازیی کوردستانیش بوو. بۆیە مەرگی ئەو خاتوونە بەڕێزە بە خەسارێک بۆ هەمووومان دەزانم.

به بۆنەی کۆچی دوایی دایکی بەڕیزتان خاتوو رووناک رەئووف، لە لایەن خۆم و بە ناوی رێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، پڕ بە دڵ سەرەخۆشیتان لێ دەکەم. خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین و بۆ بەڕێزتان و سەرجەم ئەندامانی بنەماڵە و کەسوکار و خزمان و هەموو هۆگران و خۆشەویستانی خوالێخۆشبوو، سەبر و خۆڕاگری بە ئاوات دەخوازین. جێگای رەحمەتی بەهەشتی بەرین بێت.

**بە رێزەوە:**
**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٢٠١٢/٦/١٣**
**٢٤ی جۆزەردانی ١٣٩١**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# جنس دوم و نگرشهای جامعه پیش صنعتی شهری

ن: نسرین جعفری

در جامعه همواره با کلیشه‌های سنتی روبرو هستیم که در آنها اشکال گوناگون نگرشها بر اساس نابرابریهای جنسیتی است. اگرچه تفاوتهای میان زنان و مردان انکار ناپذیر میباشد اما در همه جوامع نیز تفاوت دو جنس بر اساس برتری مردان شکل گرفته است. در دوران گذشته تفاوتهای فیزیولوژیکی و نگهداری از فرزندان و شرایط اقتصادی اجتماعی باعث میشد که زنان در محدوده خانه باقی بمانند و از فرزندان مراقبت کنند و مرد عهده دار فعالیتهای خارج از خانه بود، این تقسیم کار نیز موجب به وجود آمدن نقش زن خانه دار در جامعه گشت. زن شهری در گذشته، زن خانه‌دار بود. ولی در جوامع روستایی زن هیچگاه اندرونتشین نبوده و امروز نیز اندرون‌نشین نیست. اما اقتدار مرد در روستا همان نگرش اقتداری و پدرسالارانه است و صفات مردانه در همه جوامع به عنوان صفات برتر تلقی میشود. در روستاها خانواده‌ها پدرسالارند و تصمیم‌گیری در مورد افراد خانواده و ازدواجها، همچون گذشته در اختیار مردان قرار دارد. نگاه به زن در همه جوامع باز چون گذشته است، زن همچنان جنس دوم است و مرد خدای دوم اوست. وجود نگرشهای سنتی موجود در جوامعی که در آنها دگرگونی درمشاغل و شکل زندگی و نهادهای اجتماعی به وجود آمده و مفاهیم جدیدی چون مشارکت اجتماعی، آزادی، برابری و... نیز وارد دیالوگ عمومی شده است، نه تنها مطلوب نیستند بلکه مانند مانعی در برابر رسیدن به جامعه مدنی نیز عمل میکنند. برای جلوگیری از طرد عمومی است که افراد در چهارچوب هنجارهای اجتماعی مبتنی بر کلیشههای جنسیتی خود رفتار میکنند.

کلیشه‌های جنسیتی تصاویر ذهنی بدون تغییر و قالب‌بندی شده ای هستند از رفتارهای خاص مربوط به زنان و مردان. کلیشه چیزی است که بدون هیچ گونه تغییری تکرار میگردد و همین تصاویر ذهنی یکنواخت و قالب‌بندی‌شده نشان دهنده رفتارهای خاص مردان یا زنان میباشند. بر اساس کلیشه های جنسیتی زنان و مردان دارای ویژگیهای خاص رفتاری روانی هستند و قابلیت انجام وظایف و کارهایی را دارند که به صورت معمول با یکدیگر متفاوتند و به مردان صفاتی را نسبت میدهند که زنان از آن محرومند و بالعکس. و همین صفات نسبت داده شده به طور معمول نسبت به جنس دوم غیرواقعی و بد بینانه میباشد. هنوز هم هستند کسانی که زن‌را از نظر هوشی پایین تر از مردان میدانند و یا زنان‌را ناقص العقل میپندارند. اما امروزه شاهد حضور زنان در همه مشاغل و مدارج عالی تحصیلی هستیم که قلم بطلان بر همه این پندارها میکشد که برخاسته از تعصباتی سنتی است همراه با دیدگاههای جنسیتی و بینشهای واپسگرایانه که سبب جامعه‌پذیری آن شده است.

تغییر دادن نگرشها به معنی تعدیل رفتار در زندگی روزمره و تغییر در زندگی اجتماعی میباشد و گامهایی مثبتی است به سوی جامعه مدنی؛ جامعه ای که در آن زنان و مردان باید در شرایط برابر و یکسان پرورش یابند. انسان همواره در معرض تغییر و دگرگونی است ترغیب و تشویق یکی از روشهای مهمی است که در تغییر شکل نگرشها، مورد استفاده قرار میگیرد. امروزه تصویر سنتی از زن که معتقد است جای وی در خانه است تا حدی کمرنگ شده‌است، در شهرها زنان تعادل جنسیتی را به نفع خویش برهم زده‌اند. بالارفتن جمعیت و نیاز به پذیرش شاغلان زن در ایران باعث به کارگیری زنان در وزارت آموزش و پرورش و وزارت بهداشت شد. در شرایطی که تورم و فرهنگ مصرفی سبب میشود که مخارج خانواده با درآمد یک نفر تامین نشود، حضور زنان در بازار کار بیشتر مشهود است . تاکید بر نقش زن خانه دار زمانی است که نیاز به درآمد احساس نشود یا بیکاری زیاد باشد و امکان دستیابی زنان به شغل کم. در بعضی موارد انتخاب همسر بر اساس شغل زن رقم زده میشود و تحصیلات دانشگاهی به فاکتوری جهت دستیابی به ازدواج و موقعیت بهتر اجتماعی زنان تبدیل شده است.

با وجود کلیه دگرگونیها ـ که به خصوص در زمینه زندگی در جوامع شهری روی داده است ـ هنوز هم کلیشه های جنسیتی خاصی در مناطق کردنشین وجود دارد که همواره تبلیغ و ترویج میشوند. ما در مورد مساله زن کرد متاسفانه با کمبود نوشته مواجه‌ایم و منابعی که جامعه کرد را در آن مورد نقد و بررسی قرار داده باشد اندک و محدود میباشد. زن کرد در برابر آداب و رسوم و قوانینی قرار دارد که او را برابر و مساوی با مرد نمیپندارد و ریشه این نابرابری‌را میتوان در علل اقتصادی، اجتماعی از گذشته تا به امروز دانست. از آنجا که ساختار نابرابری جنسیتی موجود ناشی از نظام اجتماعی است و از آنجا که مذهب در جامعه نفوذ زیادی بر ارزشهای اجتماعی دارد، باید توجه داشت که متاسفانه بسیاری از روایات یا جعل شده اند یا به صورت نامناسب تفسیر گشته اند. در نتیجه باید این گونه روایات با قرائتی نو بازنگری شوند.

(برخی عوامل عمومی تضعیف کننده انگیزه های مشارکت اجتماعی که میتوانند صبغه دینی نیز به خود بگیرند و موانع عام توسعه‌ای در حوزه فکر و فرهنگ دینی تلقی شوند عبارتند از:

– بی اعتنایی به اصل عقلانیت جزوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

– جزمی گرایی غیر معقول
– فرهنگ صوفیانه و فهم صوفیانه از دین
– بی اعتنایی به اصل کارآمدی و توانمندی در کنار اصل نابی و خلوص فکر دینی
– بحران روشن نبودن مسایل در عرصه دین شناسی
– تقابل انگاری ذهنی میان معارف بشری وآموزه‌های دینی
– عدم گذار از دوره نقدی و ناصواب انگاری آن
– بی اعتنایی به معقول سازی جامعه شناختی دین
– دوئیت انگاری ذهنی و معنوی دین و توسعه
– حاکمیت فرهنگ تقدیرگرایانه و غایت‌انگارانه
– فرهنگ تحقیر دنیا و پست و پلیدانگاری آن
– گذشته گرایی
– هم شکل‌گرایی جامعه دینی
– آسمانی‌انگاری چند جانبه رخدادها و امور
– بستگی فرهنگ سنتی سیطره واری جامعه دینی بپرسرێ داخۆ مانای چیه
– تعبد سیاسی

نگرش جامعه نسبت به مردان در نتیجه کلیشه‌های جنسیتی مربوط به آنان به گونه‌ای شکل گرفته که با مفاهیم یک جامعه مدرن صنعتی- شهری و پدیده‌های مربوط به آن همخوانی دارد. در صورتی که نقش زنان همچنان به صورت «کلیشه‌های جنسیتی زنانه» مربوط به یک جامعه پیش صنعتی‌است. شرایط اجتماعی دوران گذشته «جوامع پیش صنعتی « در ایجاد نگرشهای جنسیتی دخیل بوده و همین شرایط نیز موجب نگرش نسبت به زن یا مرد در جامعه بوده است. دورانی که از آن به عنوان پیش صنعتی نام برده میشود زمانی است بسیار طولانی از تاریخ جوامع بشری و در این دوران رابطه بین دو جنس بر اساس سلطه مرد بر زن قرار داشته است، که اثرات آن در جامعه ما به علت دیررسیدن به جامعه صنعتی یا شاید بتوان گفت هنوز نرسیدن به آن، این رابطه سلطه گرانه بسیار مشهودتر است. شاید به دلیل شرایط اجتماعی – اقتصادی دوران گذشته تقسیم نقش زنان و مردان برای تداوم بقای جامعه لازم بود. و لی همین اقتدار مردان نشان‌دهنده سلطه و ستم بر زنان و اعضای دیگر خانواده نیز بود. اما امروزه با تغییر نقش زنان و مردان این رابطه نیز در حال دگرگونی‌است. جامعه ما نیز در شرایط گذار با تغییر در الگوهای پیشین و ورود به مرحله جدید با مشکلاتی مواجه خواهد شد که بی شک آسیبهای اجتماعی چون خودکشی، خودسوزی، دختران فراری و... را نیز به دنبال خواهد داشت این مرحله و مشکلات ناشی از آن بیشتر دامان زنها را خواهد گرفت و بیشترین آسیبها نیز متوجه آنها خواهد بود.

رسانه‌های گروهی و کتب درسی نیز در تثبیت و ماندگاری این وضعیت نقش تعیین کننده ای دارند. و با ارایه نقشهای جنسیتی از هر یک از دو جنس چهره مخدوشی از زن را به اجتماع مینمایانند که زن هم چون گذشته جنس فرودست است. فواصل مشارکتی بین زن ومرد بسیار عمیق به تصویر در میآید، در مراکز محلی نیز تصویر مضحکی از زن به تصویر کشیده میشود که نقش سنتی آن بسیار مسخره است که این گونه نقشها بیشتر به درد فیلمهای کمدی درجه هزار میخورند و در عین حال در آنها نقش زن امروزی همان الگوهای پیشین است. افزایش حضور زنان در همه سطوح مشارکت الزامی است و تغییر در الگوهای فرهنگی نا مناسب در اشتغال زنان زیربنای تحولات بنیادی در وضعیت آنهاست.

پژوهشهای انجام شده نشان داده اند که جنسیت شیوه مهم وقدرتمندی از درک ما از جهان است. ولی متاسفانه جامعه تا حد زیادی سوگیری جنسیتی دارد . کودکان دانش مربوط به جنسیت را به آسانی و به سرعت از رسانه‌های گروهی، تلویزیون، سینما، روز نامه، مجلات و کتب درسی و قصه‌ها که منعکس کننده کلیشه های فرهنگی هستند و به آن شکل میدهند، فرا میگیرند. ( گولومبوگ وفی وش ۱۳۷۸ )

پژوهشها نشان داده است در داستانها ، مردان بیش از زنان مطرح میشوند، و بیشتر به فعالیتهای ماجراجویانه میپردازند. غالبا زنان در ارتباط با مردان به صورت غیرفعال و مراقبت‌کننده ترسیم میشوند (گولومبوک وفی وش، ۱۳۷۸ )

کودکانی که زیاد تلویزیون نگاه میکنند، مشاغل وابسته به جنس را طلب میکنند و شخصیتی وابسته به جنس در آنها انعطاف پذیرتر است. (مورگان به نقل از گولومبوگ وفی وش،۱۳۷۸ ) و این شاید به این دلیل باشد که کودکان به مراتب بیشتر از بزرگسالان میپندارند که تلویزیون واقعیت اجتماعی را ارایه میکند.

در فیلمها و سریالهای تلویزیونی آنچه عملا مشاهده میشود برداشتی از متن اجتماع است ، و در آن زن کسی است که شخصیتش زیر سایه مردی امکان تبلور مییابد و بیشتر بر جنبه عطوفت مادری او تأکید میشود. در حالیکه زن تنها یک مادر نیست. درتحقیقی که در سال ۱۳۷٦ در این زمینه صورت گرفت زنان به عنوان نیمی از مخاطبین این نوع بر نامه‌ها، اصولا از نقش زن به تصویر درآمده راضی نیستند. در حالی که ۷۸/۹درصد زنان در این پژوهش معتقد بودند که انعکاس مطلوب زنان در رسانه ها باعث بالارفتن سطح بینش وآگاهی آنان نسبت به مسایل جاری و مسایل مربوط به زنان میشود. توصیه میشود که رسانه های گروهی تبلیغات و تاکیداتی را که درآنها از همان نقشهای سنتی ارایه میشود حذف نموده و زن را توانا در نقشهای فعال اقتصادی و فعال در مشارکت اجتماعی نشان دهند.

تغییر در الگوهای فرهنگی نامناسب در اشتغال زنان زیربنای تحولات بنیادی در وضعیت زنان است. نگرشهاو دیدگاههای منفی نسبت به اشتغال زنان مساله ای بسیار مهم است که حتی در میان زنها به طور نهفته وعمیق انعکاس یافته است. ماتیانا هورنر )نقل از گولومبوگ و فی وش ۱۳۷۸ )با درکی نو از پیشرفت زنان استدلال کرد که زنان در موقعیتی غیرقابل دفاع قرار میگیرند که باید بین حرفه و خانواده یکی را برگزینند. گرچه مدرنیسم موجب تحولاتی در وضعیت زنان گشته است، اما نگرش پدر سالارانه و مرد مدارانه هنوز هم بر اجتماع حاکم است و خانواده ها و همسران از اشتغال زنان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




جلوگیری به عمل میآورند..

باید در تفکیک نقشها بین زنان ومردان یکسان برخورد کرد و از اختصاصی کردن نقشهای دختران و پسران خودداری کرد تا استعدادها رشد کند و گرنه در تحمیل عقاید غلط رایج در فرهنگ ما و با تفاوت گذاری بین دختران و پسران بسیاری از استعدادهای افراد نهفته میماند. اقتداری که باعث تسلط و نظارت مرد بر زن و فرزندان در تمام زمینه‌های رفتاری و اجتماعی میشود، در عین حال برخی از رفتارهای نا پسند مردان را به عنوان حقوق خانوادگی آنان توجیه میکند، این شرایط خانوادگی برجامعه نیز تاثیر میگذارد و فقط باعث ایجاد نابرابری جنسیتی نمیشود بلکه گاهی به آسیبهای اجتماعی نیز میانجامد.

تنها مردان نیستند که نگاهی سنتی به زنان دارند زنان نیز به خصوص زنان شهرستانی دارای چنین بینشی هستند و محدودیتهایی برای خود و فرزندان دختر خویش پدید میاورند. و گاهی زنان با کوبیدن هم‌جنسان خویش برای بهتر جلوه‌دادن خویش زنانی را که رفتاری متفاوت از آنان دارند نقد نموده و آنها را در میان جمع بد جلوه میدهند، زیرا جامعه زنان را اینگونه میخواهد. حال زمان آن فرا رسیده است که زنان از طریق خود باوری قابلیتهای خودرا بشناسند تا بتوانند در کنار مردان قرار گیرند. شرایط تفکر در جوامع امروزی با تاکید بر برابری وآزادی افراد است قوانین نیز باید برابری افرادرا تضمین کند و در جهت دگرگونی نگرشها تلاش نماید. با توجه به شرایط کلی اجتماعی میتوان پدیده هایی چون خودکشی و خود سوزی میان زنان و دختران که درآن نوعی قطع رابطه زناشویی یا خانوادگی نیز دخیل است و خشونتهای خانگی‌را نیز که محصول چنین شرایطی است باید نتیجه چنین وضعیتی دانست. بی گمان ارزشهای سنتی در تداوم باورها و نگرشها تاثیر دارند، نمیتوان انتظار داشت که این ارزشها که ریشه هایی عمیق در گذشته هر ملتی دارند به سادگی تغییر یابند اما تاکید بر تحول وتغییر در نظام ارزشی نیز الزامیست. باید از ارزشهایی حمایت کرد که برای نقشهای عاطفی و ابزاری هر دو جنس ارزش یکسان و برابر قایل است. در ضمن باید جهت اصلاح تفکر مردسالارانه در زندگی خانوادگی و اجتماع تلاش شود. و تفکر انسان سالارانه باید در چارچوب سیاستگذاریهایی جهت افزایش مشارکت زنان گنجانده شود. با ایجاد فرصتهای مساوی، عدالت اجتماعی، و رفع نابرابریهای موجود و با تامین سلامت و امنیت زنان و با گنجاندن تبعیضهای مثبت در برنامه‌ریزیهای توسعه‌ای شاید بتوان به سطح مناسبی از مشارکت اجتماعی رسید.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# (The reason of boycotting the Arbil conference by Eastern Kurdistan's women)



The preparation committee of Kurdish women's national conference decided to hold the second national conference of women in Arbil in 22/5/2012.

It had been decided that a group of women of all parts of Kurdistan would be responsible for preparing the conference, and would take step to achieve their goals, so it could be an opportunity for successfulness of the conference of Kurdish nation.

It must be said that the first conference of women held in Amed in 2010.at the end of the conference, the activists and independent women criticized about the procedure of holding the conference and its consequences, Because of that, the preparation committee of the second conference of women had more difficult responsibility to avoid such complaining. And they had to solve all the problems before the starting of the conference.

But what was the role and duty of eastern Kurdistan's women? How the preparation committee regarded them?

Women of eastern Kurdistan have undeniable experience of social and political struggles even before Islamic republic of Iran. However they are under the pressure of intimidating, threatening and arresting, but they are still struggling without any fear of the dictatorial regime of Iran, and they have a great role in national activities.

The women movement in Kurdistan is a political movement and at the same time it is counted as a feminist motion.

Women of eastern Kurdistan always struggle to get free from social injustice and national oppression. The history of our struggle goes back to 66 years ago when democratic women union of Kurdistan established. But despite of this all, the preparation committee didn't care about the struggle, activity and the quantity of women in eastern Kurdistan and there was no opportunity in the conference to have a massage for our women inside eastern Kurdistan.

A conference that has no clear massage, and has no measurement for attendance's quantity, a conference that gives no chance to the women of one of the parts of Kurdistan to have their subject in one of the panels ,it never could be a successful and a democratic conference .

Our women in eastern Kurdistan are more aware to accept attending a conference which gives no opportunity to talk about their abilities, national rights, and no chance to have any political, scientific and theoretical speech on their issues. And they didn't have any reaction to our demands. So we as the women organizations of eastern Kurdistan parties believed that all this were reasons that enforced us not to attend the conference, however we did our best to attend as we deserved.

But the question is; could a conference which women of one the parts of Kurdistan didn't attend be a successful conference?

I hope that in the future we could combine in our efforts and work together, for the successfulness and advantage of our country, and don't ever allow women conferences be hold under effectiveness of Kurdistan parties.

Written by: editor

Translated by: Begard alipour



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org






دوو کاریکاتۆر لە شیوەن حەسەن پوور


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

womens

# گەنجینەی وێنە




چەند وێنەیەک لە سیمیناری هەڵسەنگاندنی گۆڤاری "ژنان" لە دە ساڵەی دەرچوونی دا


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# WOMEN

Democratic Women Union of Kurdistan

No : 34 Date : June 2012





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org